# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٣٢ ■ هەینی ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠١ _ ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا




**مستەفا هیجری:**
**هەرگیز ناتوانن ئیرادەی شۆڕشگێڕی و ئازادیخوازیی ئێمە بەچۆک دابێنن**



**خالید عەزیزی:**
**کوردستان لە ڕیزی پێشەوەی ڕاپەڕینەکەیە، بۆیە ڕێژیم تۆڵەی لە ئێمە کردەوە**

## بۆیە مووشەکمان تێدەگرن

# لە پێشەنگایەتیمان دەترسن



## دەمی ڕاپەڕینە

**عەلی بداغی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران جارێکی دیکە بۆ چارەسەری ئەو پرسە سەرەکییانەی لە خۆی کردوونی بە بارێکی قورس و قەیران لەسەر قەیران کەڵەکەی کردوون، پەنای بۆ مووشەک و چەک بردەوە. ڕێژم لە نێوخۆی وڵات خەڵکی مافخوازی ڕاپەڕیو دەداتە بەر ڕێژنەی گوللە و، مووشەک لە حیزبە سیاسییە کوردەکان دەگرێت و سوورە لەسەر ئەو سووڕی باتڵەی کە دواجار دەبێ سەری لەسەر دابنێت.

٦ی ڕەزبەری ئەمساڵ هەروەک ڕووداوەکەی چوار ساڵ لەوەپێشی ١٧ی خەرمانان و لە کاتێکدا پتر لە ئەوکات قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان ئەوکیان گرتبوو، بەدڕەوشتانە و دوور لە هەر چەشنە پرەنسیپێکی ئەخلاقی و........................ ل٢




# جیهان دەنگی شۆڕشی خەڵکی ئێرانی بیست


### ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران:

## ئەو ڕاپەڕینە هیچ بەدیلێکی نییە جگە لە ڕووخاندنی ڕێژیم

لەو باوەڕەداین ئەگەرچی ئەنجامی ئەم جووڵە و کردەوە ساویلکانەیە خەسار و زیانمان پێدەگەیەنێ و قوربانیمان لێ وەردەگرێ، بەڵام دڵەکان و دەستەکانی تەبایی و یەکگرتوویی خەڵک لە کوردستان و ئێران پێکەوە گرێ دەدا و پێوەندی ئێمە و ئەوان پتەوتر دەکا. ئەو خەڵکەی کە دروشمی «کوردستان چاو و ڕووناکی ئێران»، یا «ژن، ژیان، ئازادی»یان دەوتەوە، دروویان لە چاو و خەنجەریان لە دڵی کۆماری ئیسلامی وەشاند. ئەو ڕاپەڕین و بزووتنەوەیە هیچ بەدیلێکی نییە جگە لە ڕووخانی ئەم ڕێژیمە دژە خەڵکییە. هێرشی درۆن و مووشەک بە نارەزایەتی و خرۆشانی جەماوەر وەڵام وەردەگرێ و یەکڕیزیی سەراسەری لە ئێران و کوردستان بەدوای خۆیدا دێنێ



## ١٥٩ کەس کوژراون، ٢٩ کەسیان کوردن




لە بەردەوامیی ڕاپەڕین و نارەزایەتییەکانی کوردستان و ئێران دژ بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا ١٥٩ کەس لە ئاستی ئێراندا کوژراون کە ٢٩ کەس لەوان کوردن. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەڵێن ژمارەی کوژراوەکان زۆر لەوە زیاترە و ئەوان توانیویانە تەنیا ناو و نیشانی ئەوەندە کەسە پشتڕاست بکەنەوە.

لە کوردستان هەتا ئێستا ناوی کوژرانی ٢٩ کەس پشتڕاست کراوەتەوە کە خەڵکی شارەکانی سنە، سەقز، دیواندەرە، ورمێ، پیرانشار، شنۆ، کرماشان، دێولان و مەریوانن.

**کەماڵ کەریمی:**
**کۆمەڵگەی ئێران گەیشتووەتە خاڵێکی وەرچەرخان لە نارەزایەتی و ڕاپەڕیندا**
٥

**د. ئازاد محەممەدیانی**
**نارەزایەتیەکان؛ دوو جیاوازیی گرینگ، بزووتنەوەیەکی گشتی و هەنگاوێک بۆ ئینقلاب**
٩

**قادر وریا**
**پەیامەکانی مانگرتنی گشتیی ٩ی ڕەزبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
٤

کوردستان
ژمارە ٨٣٢
١٥ی ڕەزبەری ١٤٠١ _ ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢

دریژەی :

## دەمی ڕاپەڕینە

ڕەچاوکردنی یاسا و دەروەستییە نێودەوڵەتییەکان تەنانەت لەبەرچاوگرتنی یاساکانی شەڕ، بە دەیان مووشەکی بالستیک و درۆنی خۆتەقێن، بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردە ئامانج. کۆماری ئیسلامی بەو کارەی پێشانی دا کە چەندە بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە هەڕەشە و مەترسییەکی جیددی لەسەر خۆی دەزانێ و چەندە لە کوردستان وەک قەڵایەکی خۆڕاگری ئیلهامدەری خەبات بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران زراوی چووە. ئەمەش لەخۆڕا نییە، بەسەرهاتی ژینا ئەوەمان پێ دەڵێت.

مەرگی ژینای کورد و بەخاوەنکردنی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە گڕکانێکی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگەی ئێراندا وەڕێ خست. ڕاپەڕینێک کە لە کوردستانەوە بە مانگرتن دەستی پێ کرد و مانگرتنێک کە حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان بانگەوازیان بۆ کردبوو. مانگرتنێک کە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە گەیشتە فۆڕمی ڕاپەڕین بە دروشمێک کە لە کوردستان لەدایک بوو، و زۆر زوو لە "ژن، ژیان، ئازادی"یەوە تێپەڕی و تەواوەتیی کۆماری ئیسلامیی کردە ئامانج. واتە ڕاستە کە کوشتنی ژینا و پرسی ژن و ماف و ئازادییەکانی تەوەر و پێکهێنەری سەرەتای ڕاپەڕینەکە بوون، بەڵام دەمودەست نارەزایەتییەکان و ڕاپەڕینەکە شوناسێکی تەواو سیاسی و گشتیی لەدژی کۆماری ئیسلامی وەرگرت و کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوە لە کورد و لە حیزبەکانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەت یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات و لێکەوتەکانی دەزانێ. چونکی وەک دوژمنی کارامە زۆر باش لە ڕەگ و ڕیشەی پتەو و زیندووی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات و کاریگەریی گوتاری و تەشکیلاتیی ئەو حیزبە لەسەر وەگەڕخستنی هەرچی زیاتری زەرفییەتی خەباتگێڕیی خەڵکی کوردستان شارەزایە. مانگرتنە بەشکۆیەکەی ٢١ی خەرمانانی دوای مووشەکبارانی ١٣٩٧ی "قەڵای دێموکرات"یش کە هەر ئەمساڵ دوو جاری دیکەش مانگرتنی لەو چەشنە لە ڕۆژەکانی ٢٨ی خەرمانان و ٩ی ڕەزبەر لەسەر داوای حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان وەڕێخرانەوە، زۆر باش تەعبیر لەو سەنگ و قورساییە دەکەن.

ڕاپەڕینەکەی ئێستاش کە لە هەموو مێژووی کۆماری ئیسلامیدا نموونەی نەبووە، ئاخێزگەکەی کوردستانە، ئاخێزگەیەک کە سرووشت و خسڵەتێکی دیکەی بەو نارەزایەتییانە بەخشیوە و دەتوانێ ببێتە خاڵگۆڕانێک لە مێژووی سیاسیی ئێراندا. وەک دەبینین پێچەوانەی سێ سەرهەڵدانی گەورەی پێنج ساڵی ڕابردوو، واتە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و هاوینی ١٤٠٠ کە بزوێنەرەکەی "پرسی ئابووری" و "خەمی نان" و "بێئاوی" بوون، ئەمجارەیان ئەوە "ماف" و "کەرامەت"ی مرۆییە کە پێشێلکردنەکەی خەڵکی هێناوەتە سەر شەقام. پرسێکی سەرەکی کە کورد پتر لە چوار دەیەیە خەباتی بۆ دەکا و خوێنی بۆ دەدات. سەرەتاییترین ئاکامگیری لەو فاکتەرە ئەمەیە کە کێشەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی بەولاوەتر لە قەیرانی ئابوورییە و تەنانەت چارەسەری قەیرانگەلی ئابووریش دادی ڕێژیم نادا، چونکی خەڵک ئیدی ماف و ئازادییەکانی خۆیان دەناسن و دەیانەوێ و بۆ دەستەبەری ئەو مافانەش هاتوونەتە مەیدان و ئامادەن هەموو تێچوویەکیشی بۆ بدەن.

ئەم ڕاپەڕینە خسڵەتێکی بەرچاوی دیکەی پڕکردنەوەی درزێک بوو کە لە چوار دەیەی ڕابردوو ڕێژیم ویستوویەتی لەنێو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا دروستی بکات. کوردستان لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا زۆرترین قوربانیی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم، خەبات لەپێناو ئازادی و دێموکراسی بۆ ئێران و مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی داوە. زۆرترین سەرکوت و کوشتوبڕ، تیرۆری ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزب و ئیعدامی بەندکراوە سیاسییەکان، سیاسەتی پەراوێزخستنی ئابووری و شەڕی نەرم بۆ تواندنەوەی زمان و شوناسی نەتەوەییش، بەشێکی کەم لە پشکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان بووە. بەڵام ئەمە یەکەمجارە کە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە کورد خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش دێنێتە سەر خەت و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەو هاوپەیوەندییە کە لە هاوخەمی، تێگەیشتنی قووڵ و نوێ لە هاوچارەنووسی و، پێویستیی هاوخەباتییەوە سەرچاوە دەگرێ؛ دەبێ بەرز بنرخێندرێ و ببێتە هەوێنی زۆر پلان و بەرنامەی سیاسی بۆ بەردەوامیی هاوخەباتی لە داهاتووشدا. کوردستان ئیدی بەتەنیا نییە و ئەو تێگەیشتنە زۆر بەهێز بووە کە بۆ کۆتاییهێنان بە تەمەنی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی و چێکردنی وڵاتێکی دێموکراتیک کە دەستەبەری مافی نەتەوەیی هەموو جۆراوجۆرییەکان بکا؛ ئەشێ هەمووان دەست بدەنە دەستی یەکتری و دەرفەتەکان لەکیس نەدەن.

بۆیە ئەم ڕاپەڕینەی چەخماغەکەی لە کوردستان لێ درا و لە ئێستادا ئەو مەترسییەی لای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دروست کردوە کە بیری مافویستی و شوناسخوازی و خەباتگێڕی لە کوردستانەوە قووڵتر بۆ شوێنەکانی دیکە پەل باوێ، لە ڕوانگەی ئەوانەوە دەبوا بە لێدان لە دڵ و سەری بزووتنەوەی کوردەوە کپ و بێدەنگ بکرێ و لە پێ بخرێ. مووشەکتێگرتن و درۆنبارانی ٦ی ڕەزبەری بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لەلایەن سپای پاسدارانەوەش هەر بۆ ئەو ئامانجە بوو.

بەڵام هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەی پێ کرا تۆ بڵێی ئەم ڕاپەڕینە بە مووشەکبارانی ئۆپۆزیسیۆن، کوشتاری بەلووچ، خنکاندنی زانکۆکان و ڕەشبگیری چالاکانی سیاسی و مەدەنی دادەمرکێندرێ؟ بێگومان نا. چونکی خەڵکی ئێران هیچ ڕێگایەکی دیکەیان بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە لە بەردەمدا نییە. خەڵک هەموو شێوازەکانی خەباتی مەدەنییان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ تاقی کردەوە، بە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان و دەنگدان بەنیازی گۆڕان، بە دروستکردنی دامەزراوە و کۆمەڵگەی مەدەنی، بە مانگرتن و نارەزایەتیدەربڕین، بە وەڕێخستنی کەمپین و گرتنەبەری هەموو شێوازێکی پێشکەوتوو کە لە کۆمەڵگەیەکی گەشەکردوودا دەکرێ بکرێن، کەچی هەموو ئەوانە ئاسنی ساردکوتان بووە. هەموو ڕێگاکان بۆ ئاڵوگۆڕ گەیوەتە کوێرەکۆڵان و لەو سۆنگەیەوە کە حکوومەت لە شێوازی دەسەڵاتدارەتییەکەی بەردەوامە، تاکەڕێگا کە لە بەردەم خەڵک دەمێنێتەوە هەر سەرهەڵدان و ڕاپەڕینە. سەرکەوتنی ئەو ڕاپەڕینەش لەگرەوی کۆمەڵە فاکتەرێکدایە: بەردەوامیی خۆپێشاندانەکان و یەکیەتیی بەکردەوە و هاوئاهەنگیی هەموو پێکهاتەکاتەکان، دروستبوونی یەکگوتاری و هاوئامانجی لە نێو ئۆپۆزیسیۆن بۆ ئەوەی ڕێبەریی ڕاپەڕینەکە بگرێتە دەست، پشتیوانیی دیاسپۆرا و کۆمەڵگەی جیهانی لەو ڕاپەڕینە گشتییە. ئەرکێک کە لەسەر شانی هەموو گۆڕانخوازان و مافویستان قورسایی دەکات.



# مستەفا هیجری:
# هەرگیز ناتوانن ئیرادەی ڕزگاری و ئازادیخوازیی ئێمە لەنێو ببەن

**(چەند پەیامێکی مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران)**

**مستەفا هیجری: ئەوە ئیرادەی ئێوەیە کە چۆک بە هەموو دیکتاتۆرێک دادێنێ**

هاونیشتمانیانی خۆڕاگر!

جارێکیتر کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکەوە هێرشی کردە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکەی کوردستان و بەو هۆیەوە چەند کەسێک لە ڕۆڵە خەباتکارەکانتان شەهید و بریندار بوون.

لەم ڕێگەوە دەمهەوێ پێتانی ڕابگەیەنم کە ئەوان هەرگیز ناتوانن ئیرادەی ڕزگاری و ئازادیخوازیی ئێمە لەنێو ببەن. داواتان لێ دەکەم تووڕەیی خۆتان لە شەقامەکانی کوردستاندا پێشان بدەن و جارێکیتر بیسەلمێنن کە ئەوەی ناتوانێ کوردستان بە چۆکدا بێنێ هێرش و سەرکوتی داوا ڕەواکانمانە.

هەروەها ئەوە ئیرادەی ئێوەیە کە چۆک بە هەموو دیکتاتۆرێک دادێنێ.

**٦ی ڕەزبەری ١٤٠١**

---

**مستەفا هیجری: بەم زووانە خەڵک کۆتایی بە دڕندەییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەهێنن**

خەڵکی مافخوازی ئێران!
ژنانی سەربەست و ئازادیخواز!
لاوانی خەباتگێڕ و نەسرەوتوو!

لە ڕۆژانی سەخت لە خەبات و تێکۆشانی ئێوە لەدژی ڕێژیمی تیرۆر و تاریکیی کۆماری ئیسلامی و، بەدوای چەند دەیە خەباتی نابەرانبەری ئێوە لەگەڵ ڕێژیمێک کە هەموو سەروەت و سامان، کەرامەت و ئازادی و شوناس و بە گشتی هەموو بوونی ئێوەی داگیر و بەتاڵان بردووە؛ لە ئێستادا و لە جەنگەی بەربەرەکانێی چارەنووسساز کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بەتەواوی داماو کردوە، ئەوە ئێوە قارەمانانی ئەو خەباتە لە سەرشەقامەکان، لە زیندانەکان، لە زانکۆ و قوتابخانەکان و لەهەر جێیەک هەن؛ ئەوە ئێوەن لە کۆتایی بە دڕندەییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەهێنن.

هەموو پێشکەوتنەکانی ئێستا لەدژی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدایە کە ڕێژیم لە ڕووی داماوی و ناهۆمێدی و بە مەبەستی خۆڕزگارکردن لە زەلکاوێک کە بۆخۆی دروستی کردووە، وەک هەمیشە ژینا و ژیناکان دەکوژێ، بنکە و شوێنی نیشتەجێبوون و قوتابخانەی بنەماڵەی هاوخەباتەکانی ئێوە، واتە پێشمەرگەکانی کوردستان بە چەکی هەرەقورس و کۆمەڵکوژ دەکاتە ئامانج؛ ئەو چەکوچۆڵانەی کە بە پووڵ و سامانی ئێران کە هەمووی ئێوەیە کڕیویەتی و لەدژی ئێوە لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستاندا بەکاریان دێنێ.

ئێستا بەجێیە کە هەموو ئێمە یەکگرتوو و هاودەنگ پێکەوە بە مانگرتنێکی سەرانسەری کە لە ڕۆژی شەممە، ٩ی ڕەزبەری ١٤٠١ەوە دەست پێ دەکات؛ وێڕای پشتیوانی لە مانگرتنی مامۆستایان، خوێندکاران و قوتابییان کۆتایی بە تەمەنێک پیلان و درۆی کۆماری ئیسلامی بێنێن و بە دنیای پێشان بدەین کە ئێمە شایانی ژیانێکی سەردەمیانەین.

سەرکەوتن ئی ئێمەیە.

**٧ی ڕەزبەری ١٤٠١**

---

**پەیام ڕوو بە خەڵکی بەلووچستان سەبارەت بە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی**

خەڵکی چەوساوە و ئازادیخوازی بەلووچستان!
لاوانی وشیار و ئازا!

ئێمە لە کاتێکدا هێشتا تەرمی شەهیدانی ٦ی ڕەزبەرمان کە لە ئاکامی مووشەکبارانی سپای پاسدارانی کۆماری ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگا و جێی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکانمان شەهید بوون ئەسپەردەی خاک نەکردبوو، هەواڵی شەهید بوونی بەربڵاوی خەڵکی زاهیدانمان لە ٨ی ڕەزبەردا پێ گەیشت.

هەرچەند لەدەستدانی ئازیزان ناخۆش و بەئازارە، بەڵام جێی شانازییە کە ڕۆڵە ئازاکانی ئەم وڵاتە لە هەموو شوێن و ناوچەیەکی وڵات یەکگرتووانە و یەکپارچە پێکەوە بۆ ڕزگاری لە دەست ڕێژیمێک هەستاون و لێبڕاون بە یەکجاری تێکیوەپێچن کە هیچ شتێک لە مرۆڤایەتی نازانێ.

مانگرتنی بەربڵاوی ئەوڕۆی خەڵکی کوردستان، لەسەر داوای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و پشتیوانیی کەم وێنەی خەڵکی ئێران لەم مانگرتنە، سەرەڕای هەڕەشەی هێزە سەرکوتکەرەکان، هیوابەخشی ئەم سەرکەوتنەیە.

سەرەخۆشی لە بنەماڵەی تازیەباری زاهیدان و هەموو نەتەوەی بەلووچ دەکەم.
ئێمە بە هاوبەشی خەمی خۆتان بزانن.
سەرکەوتن بۆ ئێمەیە.

**٩ی ڕەزبەری ١٤٠١**

# کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ

ئێوارەی سێشەممە، ١٢ی ڕەزبەر کۆبوونەوەی ئانلاینی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بە بەشداریی کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دیمۆکرات و هەیئەتی هاوڕێی بەڕێوە چوو!

لە بڕگەی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا کاک مستەفا هیجری ڕاپۆرتێکی گشتیی لەسەر دۆخی ڕاپەڕینی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دۆخی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت دوای هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانیان پێشکەش کرد. بەڕێزیان لە ڕاپۆرتەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی لەگەڵ ئەوەدا کە ئێستاش مەترسی جدیی لەسەر بنکەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەیە، بەڵام ورەی تێکۆشەرانی حیزب بەتایبەتی دوایی ئەو سەرهەڵدان و خرۆشانە نوێیە هەر وەکوو هەمیشە بەرزە.

لە درێژەی کاری کۆبوونەوەکەدا کاک ئەبووبەکر مودەڕیسی، جێگیری سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمتکێشانی کوردستانی ئێران بە پێداگری لەسەر ڕاپۆرتەکەی کاک مستەفا هجری، دۆخی خۆپیشاندان و ڕاپەرینی جەماوەری لە ئاستی ئێرانی تاوتوێ کرد و کۆدەنگیی خەڵکی ئێرانی بەرانبەر بە ڕووداوەکانی ناوچە جیاوازەکان بەخاڵێکی گرینگ دانا.

یۆنس شاملی، سەرۆکی حیزبی یەکیەتیی دیمۆکراتیکی ئازەربایجان، وێرای دڵخۆشبوون بە ڕەوتی ڕووداوەکان ئاماژەی بەوە کرد کە هێندێک لایەنی ناوەندگرا بە یارمەتیی میدیا لە هەوڵی ئەوەدان سەرهەڵدانی نوێی ئێران پاوان بکەن و داوای لە کۆنگرەی نەتەوەکانی فیدڕاڵ کرد کە لەسەر ئەو باسە هەستیار بێت.

لە درێژەی باسەکانی کۆبوونەوەکەدا جەلیل شەرحانی، سەرۆکی حیزبی تزامون دێمۆکراتیکی ئەهواز، ڕاپۆرتێکی لە ڕووداوەکانی ئەهواز باس کرد و باسی ئەوەی هێنایە گۆڕێ کە ڕێژیم لەو ناوچەیە بەدوای نانەوەی دووبەرەکییە لەنێوان خەڵکی عەرەب و خەڵکانیتر، بۆیەش ناوچەی ئەهوازی بە ناوچەیەکی هەستیارتر لە بەشەکانیتر دانا.

لە پەیوەندی لەگەڵ دۆخی بلووچستاندا، ناسر بۆلیدەیی، سەرۆکی حیزبی خەڵکی بلوچستان وێرای پشتڕاستکردنەوەی شەهیدبوونی ٨٢ کەس لە هەینی ڕابردوو لە زاهیدان، باسی لەوە کرد کە ڕێژیم ئینترنێتی بلوچستانی پچڕاندووە و دەستی کردووە بە ڕەشبگیر! بۆلیدەیی هەروەها گوتی: نەخۆشخانەی زاهیدان لە قەیراندایە و سەرەڕای نەبوونی کادر و شتوومەکی پێویست، تەنانەت خوێن و دەرمانیش لە کەمیی داوە و بۆیە چاوەڕێی ئەوە دەکرێت ڕێژەی شەهیدەکان ڕوو لە زیادبوون بکات.




لە بڕگەکانی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا لایەنەکان گەڵاڵە و بەرنامەی خۆیان بۆ درێژەدان بە خۆپیشاندانەکان هێنایە بەر باس و تاوتوێیان کرد.

لە کۆتاییدا داوا کرا کە کۆبوونەوەی هاوشێوەی ئەم کۆبوونەوەیە زیاتر بگیرێ و هەموو لایەنەکان پێداگر بوون لەسەر ئەوەی پشتگیریی زیاتر لە کەسایەتیی یاسایی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە ئاستی ئێراندا بکرێت.

# هەڵوێستمان سەبارەت بە مەبەست و دەرەنجامی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات

**خەلکی تێکۆشەری کوردستان!**

**ئازادیخوازانی ئێران!**

**کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان!**

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی (٢٨ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی)، سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگەی درۆن و چەکی دیکەی دوورهاوێژەوە زنجیرەیەک هێرشی تێرۆریستیی کردە سەر بنکەی دەفتەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کەمپی بنەماڵەکانی سەر بەو حیزبە. لە ئاکامی ئەو هێرشانەدا چەند کەس لە پێشمەرگە و ئەندامانی ئەو حیزبە بە ناوەکانی عومەر مەحموود زادە (چیچۆ)، هاجەر زەرگە، عوسمان فەیزی، محەممەد خەلیلی، ڕێحانە کەنعانی و کۆرپەکەی وانیار ڕەحمانی، میلاد پیرساحەب و شێرکۆ بەرتەنی شەهید بوون و ژمارەیەکیش لە هاوڕێیان و ژن و منداڵی لەگەڵ ئەوەدا کە هەمیشە بزوتنەوەی سیاسیی کوردستانی بە مەترسییەکی جیددی بۆ سەر داهاتووی خۆی زانیوە و هەرگیز خۆی لە پیلان گێڕان و ئەنجامدانی تاوان بەدژی حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبواردوە، ئامانجی سەرەکیی لەم زنجیرە هێرشانە بەلاڕێدا بردنی سەرنجی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران و شکاندنی هاوپێوەندیی نوێی خەڵک و گەلانی ئێران و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی ئەمجارەیانە. هەربۆیە زۆر گرینگە کە خەڵکی ئێران بە هیچ جۆر نەکەونە داوی پروپاگاندای کۆماری ئیسلامی و لەپێناو سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ئەمجارەیاندا کەشێک لە هاودڵی و هاوپێوەندی کە لەنێویاندا دروست بووە بپارێزن و بە گوڕ و تینەوە درێژە بە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانیان بدەن.

کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری خۆیەوە هەتا ئێستا بەهۆی ئیرادە ئامانج. هەربۆیە ئەم هێرشانە پێشێلکردنی ڕوون و ئاشکرای هەموو پێوەرێکی ئینسانی و قانوونی و نێودەوڵەتی و لەژێرپێنانی سەروەریی خاکی عیراق و حورمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانن. هەربۆیە وێڕای چاوەڕوانی لە حکوومەتی هەرێم و دەوڵەتی عیراق بۆ وەدنگ‌هاتنی شێلگیرانەتر لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی، داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و ئینساندۆستە نێونەتەوەییەکان دەکەین لە ئاست ئەم تاوانە تازەیەی کۆماری ئیسلامی بێدەنگ نەبن و کۆمەڵێک ڕێکاری کرداری بۆ بە هاناوەهاتنی خەڵکی ئێران و پاراستنی گیانی نەیارانی ئەو ڕێژیمە بگرنە بەر.

هەر لەو کاتەدا بەپێویستی دەزانین لەسەر سیاسەتی بەرپرسیارانەی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێ دادەگرینەوە کە وێڕای ئامادەیی بۆ بەرپەرچدانەوەی پیلان و



پێشمەرگەکان بریندار بوون. هاوکات لەگەڵ ئەو هێرشانەدا، کۆماری ئیسلامی هەروەها بنکەکانی کۆمەڵەی شۆشگێری کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و پارتی ئازادیی کوردستانیان بۆمباران کرد کە بەداخەوە لەلای ئەوانیش ژمارەیەک خەباتگێڕ شەهید و بریندار بوون.

ئەو هێرشانە کە درێژەی تۆپبارانەکانی ڕۆژانی دوایی بۆ سەر بنکەی پێشمەرگەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە شاخەکانی کوردستانن، لەکاتێکدا بەڕێوە دەچن کە لە پاش قەتڵی حکومەتیی "ژینا ئەمینی"یەوە شەپۆلێکی بێ‌وێنەی نارەزایەتی و ڕاپەرینی جەماوەری بەدژی کۆماری ئیسلامی لە سەرتاسەری ئێراندا وەڕێ کەوتووە و هاوپێوەندییەکی پێشتر نەدیتراویش لەنێوان سەرجەم چین و توێژ و پێکهاتەکانی ئێران بەتایبەتی لەگەڵ کوردستان دروست بووە. کۆماری ئیسلامی و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و پشتیوانیان لە حیزبەکانیان ڕقێکی قووڵ و لەمێژینەی لەو خەڵکە هەڵگرتووە، بە جێگە و پێگەی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لەنێو دڵی خەڵکی کورد و ڕۆڵی پێشەنگایەتیی کوردستان لە نارەزایەتی و ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵکی ئێراندا هێندەی دیکە نیگەران و تووڕەیە. بەو پێیە کە حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات هەڵقوڵاوی خەڵکی کوردستان و خواستەکانیانن، گرینگە کە خەڵکی کوردستان وێڕای پاراستنی یەکڕیزیی خۆیان، جینایەتی تازەی ڕێژیم بەدژی هێزە کوردییەکان بکەنە دەرفەتی بەگژداچوونەوەی هەرچی شێلگیرانەتری کۆماری ئیسلامی.

زنجیرە هێرشی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات بنکەی کۆمەڵێک ئۆرگانی سیاسی و بەڕێوەبەری و مێدیایی حیزب، و کەمپی بنەماڵەکانی حیزب و قوتابخانەی منداڵەکانی ئەو بنەماڵانەی کردۆتە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان و هێزە نەیارەکانی ئەو ڕێژیمە، پشتیوانی و یارمەتیدانی لە مەیداندا مانەوەی خەڵک و پاراستن و پەرەپێدانی ئەو هەستان و هاوپێوەندییە سەراسەرییەیە کە لەنێو خەڵک و گەلانی ئێراندا دروست بووە بە ئەولەوییەتی ئێستای خۆی دەزانێ. بەخۆشییەوە وەک لە هەڵوێست و خۆپێشاندانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتیشدا دیتمان، خەڵکی ئێران و هێز و بژاردە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش نەکەوتنە داوی پرۆپاگاندای ڕێژیم و هەوڵەکانی بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی، بەپێچەوانەوە هێرشی سوپای پاسداران بۆ سەر حیزبە کوردییەکانیان مەحکوم کرد و ئیشارەیان بە جێگە و پێگەی تایبەتیی کورد لە هەرەوەزی خەباتگێڕانەی بێ‌وێنەی خەڵکی ئێران بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی کرد.

لە کۆتاییدا وێڕای ناردنی سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی تازەی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات و هیوای چاکبوونەوەی بریندارەکان، سوپاسی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە کەرتی تەندروستیدا و خەڵکی دڵسۆزی کۆیە و هەموو ئەو کەس و لایەنانەی باشووری کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستان دەکەین کە هەروەک لە کاتی موشەکبارانی چوار ساڵ لەوەمەبەری بارەگاکانی حیزبی دێموکراتدا بە هانای حیزب و بنەماڵەی پێشمەرگەکانەوە هاتوون و هاوخەمی و هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات دەربڕیوە.

ڕووحی شەهیدەکان شاد و نەمان بۆ ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی ئیداری**
**١٤٠١/٧/٧**

## کۆڕێک لە ئەنستیتۆی کورد لە فەڕانسە لەسەر بارودۆخی کوردستان



ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٩ی ڕەزبەر لە سەر بانگهێشتی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس کۆڕێک بۆ کاک حەسن شەرەفی، ئەندامی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

لەم کۆڕەدا بەتایبەت ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵات و ئێران وەکوو خۆپێشاندان و مانگرتنەکانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەروەها هێرشی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگای هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستاندا کە بە دەیان شەهید و برینداری لێ کەوتەوە، تاوتوێ کرا.

لەو کۆڕەدا سەرەتا دکتور "کەنداڵ نەزان" بە مەبەستی چوونە نێو بابەتەکە باسێکی لە سەر ڕووداوەکانی ئەم دواییانە لە ئێران و کوردستان کرد و دواتر کورتە فیلمێک لە خۆپێشاندەکانی ئەم دواییانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێشان درا.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕەکەدا کاک حەسەن شەرەفی باسێکی لەسەر دواگۆڕانکارییەکانی کوردستان و ئێران لەژێر تیشکی ڕاپەڕینی جەماوەریی ئێستا پێشکێش کرد.

# خالید عەزیزی:
# هێرش بۆ سەر ئێمە بە تۆڵەی دۆخی ڕۆژهەڵات بوو



**خەڵکی کۆڵنەدەر و تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**
**خوشک و برایانی ئازیز!**

هەروەک ئاگادارن ڕۆژی چوارشەممە شەشی ڕەزبەر (٢٨ی سێپتامبر، بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنەکانی دیکەی نیشتەجێ لە باشووری کوردستان کەوتنە بەر هێرشێکی بەربەرینی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە بەداخەوە کۆمەڵێک قوربانی و شەهید و برینداری لێ کەوتەوە.

بۆچی کۆماری ئسیلامی ئەو هێرشەی کردە سەر ئێمە؟ وڵامەکەی زۆر ڕوونە. هەروەک هەموو لایەکی ئێوە ئاگادارن لە دە ڕۆژی ڕابردوودا بەدوای شەهیدبوونی ژینا ئەمینی لە تاران و بەدوای ئەوەدا کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی بە هەموو نەتەوەکانیەوە، بە هەموو چین و توێژێکەوە، بە هەموو ئایین و ئایینزاکانەوە، بە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە، لەگەڵ یەک بە هاوکاری و هەماهەنگی و هاوپێوەندیی ئێجگار زۆرەوە ئەو خەبات و جموجۆڵە مەدنییەیان دژی کۆماری ئیسلامی وەڕێ خست و، کۆماری ئیسلامی بۆ یەکەم جار دوای ئینقلابی ئێران، خۆی لە بەرانبەر ئاپۆڕای میلیۆنیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا دەدیت، تووشی شکستێکی ئێجگار زۆر گەورە بوو.

لە تەنیشت ئەوەدا جێگەی خۆیەتی بڵێین بەشداری بەربڵاوی ژنان و هەروەها شیعاری "ژن، ژیان، ئازادی" کە لە ئێراندا بوو بە سیمبولێک بۆ بەردەوامیی ئەو سەرهەڵدان و ڕاپەڕینە، لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر دەنگی دایەوە و، کۆمەڵگەی نێوەدەوڵەتی بە ڕێکخراوە دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتییەکان کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکووم کرد. تەنانەت بابەتی هێرشەکەی کۆماری ئیسلامی و دەستدرێژییەکانی لە شوڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا هاتە بەر باس. بۆیە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەیکە قەرەبووی ئەو شکستە بکاتەوە. لەو پێوەندییەدا چونکی مەسەلەی کوردستان و خەبات و تێکۆشانی کوردستان و ژنان و پیاوانی کوردستان لە سەفی پێشەوەی ئەو خەباتە جەماوەرییەدا بوون و بە شێوەیەکی ئارام و هێمن لە نێوخۆی وڵات پەرەی دەستاند، نەیدەتوانی بە مەیلی خۆی و ئەو جۆرەی دەخوازێ بە ئاقاری توندوتیژییدا بەرێت. بۆیەشە دەست کرد بە تۆڵەکردنەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و لایەنە کوردییەکانی دیکە. ئەمە هۆکاری سەرەکیی هێرشە بەربەرینەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دیموکرات بوو. وەک گوتم، یەکەم بۆ ئەوەی کە بیروڕای گشتیی ئێران و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەلاڕێدا ببات، بۆ ئەوەیکە بابەتەکان لە چوارچێوەی ئێراندا بێنە دەرێ و زۆرتر شتەکە پێوەند بدرێتەوە بە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات. بۆ ئەوەی کە بڵێ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە هەڕەشەمان لەسەرە، دەنا خەڵکی ئێران لەدژی کۆماری ئیسلامی مەسەلەیەکیان نییە. ئەوە لە حاڵێکدایە بە میلیۆن کەس لەو خەبات و جموجۆلە جەماوەرییەدا بەشدارییان کرد. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنەکانی دیکەش بەباشی لەوە گەیشتبوون، بۆیە هەمیشە خەڵکیان هان دەدا لە خەبات و تێکۆشانی خۆیاندا بە شێوەی ئارام و هێمنانە بچنە پێشێ، پەنا بۆ توندوتیژی نەبن، بیانوو نەدەنە کۆماری ئیسلامی کە ئەو خەبات مەدنی و ئارام و شارستانییانە بە ئاقاری توندوتیژدا ببات.

**خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

ئێوە هەمووتان دەزانن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا و هەر لە سەرەتای هێزگرتنی ئەو ڕێژیمەوە بە شیوازی جۆراوجۆر هەمیشە کراوەتە ئامانج، ڕێبەرانمان لە ڤییەن تێرۆر کران، لە میکۆنووس تێرۆر کران، دەیان کادرمان لە باشووری کوردستان تێرۆر کران، هەزاران پێشمەرگەمان بوون بە قوربانی، ئەوە لە حاڵێکدایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە باوەڕی بە چارەرسەی ئاشتییانەی لە ئێراندا بووە. ئێمە هەوراز و نشێومان زۆر بووە، قوربانیمان زۆر داوە، تەنانەت هەروەک باسم کرد ڕێبەرانیشمان لەپێناو ئەو خەبات و تێکۆشانەدا فیدا کردووە. بۆ جارێکی دیکەوە لێرەوە دووپاتی دەکەمەوە ئێمەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان بەردەوام دەبین. هەرگیز بەچۆک دانایەین. حیزبێک کە لە قووڵایی ڕۆژهەڵتی کوردستاندا دروست بووە، حیزبێک کە تەحەمولی هەموو ئەو دەورانانەی کردووە، حیزبێک کە ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پشتین و، پەیامەکانی وەردەگرن، دڵنیابن بەوانە بەچۆک دانایە. حیزبەکەی ئێوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا تێ‌دەکۆشێ بەرپرسانە باسی بارودۆخەکە بکا و باشتر سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ لای دۆخی ئێران ڕابکێشێ.

ئێمە ڕوو بە خەڵکی خۆمان پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە کە بە شێوەی هێمنانە و دوور لە توندوتیژی، بە شێوەیەکی ئارام بتوانن دەنگی خۆتان لەدژی ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی هەڵبڕن. لە تەنیشت ئەوەدا پێوەندی و هاوکاری و هەماهەنگیی خۆتان لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران بەهێز بکەن و بیانکەن بە بەردەنگی خۆتان و پێیان بڵێین ئێمەی کورد هەمیشە باج و تێچووی قورسمان داوە بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئێوە لە دژی کۆماری ئیسلامی؛ وەک چۆن ئەوجاریش کۆماری ئیسلامی تۆڵەی لە ئێمەی کورد کردەوە و هێرشی کردە سەر ڕێبەرانی ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنەکانی دیکە.

خەبات و تێکۆشانی هەموو ئێمە لەپێناو مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان و دامەزراندنی دێموکراسی لە ئێران بەردەوام دەچێتە پێشێ. داهاتوو هی ئێمەیە.

# پەیامەکانی مانگرتنی گشتیی ٩ی ڕەزبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان


قادر وریا

مانگرتنی گشتیی ڕۆژی ٩ی ڕەزبەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووی یەکگرتوویی و بەرینی، شکۆیەکی بێوێنەی هەبوو. ئەم مانگرتنە کە پشتیوانیی سەدان ڕێکخراو و کۆمەڵە و کەسایەتیی ئێرانیشی لەگەڵ بوو، لەسەر داوای ناوەندی هاوکاری و ژمارەیەکی دیکە لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شوێن دڕندەیی بە تەواو مانای هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە دوو بەرەدا، بەڕێوە چوو.

بەرەیەک، خۆپێشاندانی خەڵکی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ئەگەر چی خەڵک بە دەستی بەتاڵەوە نارەزایەتی دەردەبڕن بەڵام هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە چەکی گەرم، بە دەستڕێژی ڕاستەوخۆ، بەرەوڕووی خۆپێشاندەران دەبنەوە و هەتا ئێستا هەر لە شارە کوردەکان زیاتر لە ٢٠ کەسیان شەهید کردوە، بە سەدان کەسیان بریندار و نەقوستان کردوە و، ژمارەیەکی نادیار کە لە هەزار کەس تێدەپەڕێ، خەڵکیان دەستبەسەر کردوە.

بەرەیەکی دیکەی دڕندەیی نواندنی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستان، ئەو هێرشە درۆنی و مووشەکییەی ڕۆژی ٦ی ڕەزبەری سوپای پاسداران بۆ سەر بنکە و کەمپەکانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان بوو. هێرشێک کە بە گوتەی فەرماندەرانی سوپای پاسداران، زیاتر لە ٧٠ مووشەکی بالستیک و دەیان درۆنی خۆتەقێنەری تێدا بەکار هات و بووە هۆی شەهیدبوونی نزیکەی ٢٠ ژن و پیاوی تێکۆشەر کە دیارە لە نێو شەهیدەکاندا، ژنی دووگیان بە کۆرپەڵەی ٩ مانگەشەوە هەبوو.

یەکەم پەیامی مانگرتنی گشتیی شەمە ٩ی ڕەزبەری خەڵکی کوردستان ئەوە بوو کە ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی سوپای پاسداران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بەم شێوە دڕندەیە دەیانداتە بەر ئاگر و ئاسن، لە ڕۆڵەکانی ئەو خەڵکە پێک هاتوون و هەڵگری ئامانج و ویستەکانی خەڵکی کوردستانن. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای خەڵکی ئێران و بیروڕای دنیای دەرەوە لە سەر ڕاپەڕینی خەڵک لە نێوخۆ، لە دەرەوەی سنوورەکانی قەیرانخولقێنی دەکا و ئەو حیزبانە دەکات بە ئامانجی پیلان و تاوانەکانی خۆی، خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەڵامیان دەداتەوە. کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵێک دەدا ئەو حیزب و ڕێکخراوانە و لەگەڵ ئەواندا خەڵکی کوردستان ڕابکێشێتە نێو بەرەنگارییەکی چەکدارانە لەگەڵ خۆی بۆ ئەوەی لەلایەک خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران لە کوردستان بسڵەمێنەوە، لەلایەکی دیکەش ئەو پەڕی دڕندەیی لە سەرکوتکردنی کوردستاندا بە کار بێنێت. بەڵام خەڵک و هێزە سیاسییەکان لەو نیازەی گەیشتوون و بێئاکامیان کردووەتەوە.

دووهەم پەیامی مانگرتنی گشتی ئەوە بوو کە سوپای پاسداران و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە هەڵەدان ئەگەر پێیان وایە بەو توندوتیژییانەی تا ئێستا لەسەر شەقام، نیشانی خەڵکی ڕاپەڕیویان داوە، کوردستان بووە بە ماستی مەییو و کوڵی داوە. نەک هەر تووڕەیی خەڵک لە کوردستان دانەمرکاوەتەوە بەڵکوو سەد قات زیاتر بووە. خەڵکی کوردستان بە تایبەتی دوای ئەو قوربانییانەی لە خۆپێشاندانەکانی ڕۆژانی ڕابردوودا پێشکەشی بارەگای ئازادییان کردوە، لەسەر خەبات تا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە لە پێشوو شێلگیرترن. ئەوان نەک هەر لە خوێنی شەهیدانی کۆن و نوێی خۆیان خۆش نابن، داواکاری ئازادکردنی گیراو و دەستبەسەرکراوان و سزادانی بکوژانی ڕۆڵەکانیانن. داواکاری پاکپوونەوەی بە یەکجاریی پەڵەی دەسەلاتدارێتیی ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە لەسەر ژیانی خۆیان و خوازیاری ئازادیی یەکجاریی ژن و پیاوی کوردن.


سێهەم پەیامی مانگرتنی ئەمجارە، ڕووی لە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران، هەر وەها ڕووی لە هەموو ئەو کەسایەتی و کۆڕ و کۆمەڵانە بوو کە لە دەرەوەی وڵات، هاودەنگ و پشتیوانی ڕاپەڕینی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتن. لە ڕێگەی ئەم مانگرتنە گشتییەوە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نەتەوەکان و چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی ئێرانیان گوت: بوونی ئێوە لەسەر شەقامەکان و بانگی ئازادیخوازی و دروشمی دژ بە دیکتاتۆریتان، ئێمە لە سەر درێژەدانی خەباتی ٤٤ ساڵەمان بەرامبەر بەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و مرۆڤکوژە، دڵگەرمتر دەکا. هاوخەباتی و هاوپێوەندیی خەڵکی کوردستان و ئێران، هەم خۆڕاگری و توانای خەباتکارانەمان بەهێز و لەشکاننەهاتوو دەکا، هەم پتر لە پێشوو تۆوی ترس و ناهۆمێدی دەخاتە دڵی دەسەلاتدارانی تاران.

پەیامی مانگرتنی گشتی بۆ کورد و ئێرانی و بیانییەکانی دەرەوەی وڵاتیش ئەوە بوو کە پشتیوانیی ئێوە لە ڕاپەڕینی نێوخۆ و ڕاکێشانی هاودەنگیی کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ خەباتەکەمان، دڵگەرمی و وزەمان پێ دەدا و بڕوامان بە سەرکەوتن بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پتەوتر دەکا.

ڕۆژی ٩ی ڕەزبەر، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مانگرتنێکی گشتیی شکۆدار، جارێکی دیکە مۆرکی خۆی لە ڕەوتی ڕووداوەکان و ڕاپەڕینی ڕوو لە گەشەی کوردستان و ئێران دا و، پێشەنگایەتیی خۆی لە خەبات بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا سەلماندەوە. خەڵکی کوردستان جارێکی دیکەش پێیان لە سەر ئەو ڕاستییە داگرتەوە کە کوردستان هەر وا کە لە ماوی زیاتر لە ٤ دەیەی ڕابردوودا، لە بەرامبەر دڕندەیی و زەبر و زەنگی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بە چۆک دانەهاتوە، لە هەلومەرجی ئێستادا کە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران بوون بە هاودەنگ و بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە هاتوونە مەیدان، لە بەربەرەکانی و خەبات تلە گەڵ کۆماری ئیسلامی، شێلگیرترن. چونکە لە ئاسۆی ئاخێزی ئەم جارەدا ڕوونتر لە هەمیشە ڕووخانی ئەو ڕێژیمە دەبینن.

## کەماڵ کەریمی:

# کۆمەڵگەی ئێران گەیشتووەتە خاڵێکی وەرچەرخان لە نارەزایەتی و ڕاپەڕیندا



دیمانە: بێهزاد قادری

**ئاماژە: ڕاپەڕینی خەڵکی ئیران بەدژی تەواوەتیی ڕێژیم لە سێهەمین حەوتووی خۆیدایە. ئەم ڕاپەڕینە هەتا دێ پتر لەنیو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا پەل داوێ و هەنگاوەکانی بەرەوپێش دەبڕێ. خامنەیی پاش هەموو ئەو ڕۆژانە لە کۆبوونەوەیەک لەنێو هێزە سەربازییەکانیدا ئەو ڕووداوانەی بە کەمبایەخ دانا و بڕیاری خڕکردنەوە و سەرکوتکردنی دا. لە پێوەندی لەگەڵ دواگۆڕانکارییە سیاسییەکانی وڵاتدا و تاوتوێی دوورەدیمەنی نارەزایەتییەکان "کوردستان" دیمانەیەکی لەگەڵ کەماڵ کەریمی، ئەندامی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە:**

**خامنەیی لە بارودۆخی ڕاپەڕین و هەستیاری ئێستادا لە زانکۆی ئەفسەری دەرکەوت و قسەی کرد. ئەم بابەتە چۆن لێک دەدەنەوە؟ بۆ چی لە زانکۆی ئەفسەری؟**

ڕاستییەکەی نزیکەی سێ حەفتەیە کە ئەم خۆپیشاندانانە، بە بەردەوامی لە ئێران بەڕێوە دەچن، هەر ئەوەی کە لەو ماوەیەدا خامنەیی لە هیچ شوێنێک دەرنەکەوت بۆ خۆی زۆر جێگای پرسیار و گومان بوو، ئایا ترس و نیگەرانی بوو لەوەی کە دەرکەوێت، یا نەیدەزانێ چی بڵێ، یا بەرفراوانیی خۆپێشاندانەکان ئەوەندە زۆرە کە جێگەی قسەی بۆ خامنەیی نەهێشتبۆوە، یا شتی دیکە. بەڕاستی زۆر زۆر گرینگ بوو، ئەمەش کە دوێنێ دەرکەوت و ئەوەش دیسان زۆری گومان لەسەرە، لە ڕاستیدا هەست کرا کە تەواو دەرکەوتنێکی نمایشی بوو، چون ئەگەر گوێ لە قسەکانی خامنەیی دەگری، هیچ بابەتێکی تایبەتی نییە و جیا لە هەڕەشە و دەسخۆشی لە هێزە ئینتیزامییەکان و جیا لە پشتگیری لەو کوشتارانەی کە دەکرێ و بە قەولێک هاندانی هێزەکانی ئینتیزامی و سپا بۆ ئەوەی کە بەرەوڕووی خۆپێشاندەران ببنەوە، لە ڕاستیدا دەرکەوتنی لەو شوێنە ڕەنگە زۆرتر شتێکی نمادین بێ، بەڵام زۆرتر ئەوە دەردەخات کە خامنەیی بۆ خۆی لەو مەوقعیەتەدا نییە کە ئێستا لە شوێنێکی بەرفراوانتر یا شوێنێکی گەورەتر یا لە شوێنێکی ڕەسمیتر دەرکەوێت. ئایا خامنەیی ئێستا لە چ شەرایتێکدایە کە ناوێرێ بچێتە شوێنی وا زۆر پرسیاری لەسەرە، بەڵام دیسانیش هەر ئەم دەرکەوتنەی نیشانی دا کە خامنەیی لەڕاستیدا بەو توانایی و بەو گوڕوتینانەی کە پێشتر لە ساڵەکانی ڕابردوودا دەهات لەسەر خۆپێشاندانەکان قسەی دەکرد، دیسانیش ئەو توانایییەی لێ نەبینرا و ئەو گوڕوتینەی کە هەیبوو لە بەرخورد کردن و لە جۆری قسەکانی جۆرێک لە نیگەرانیی یەکجار زۆری پێوە دیار بوو و دەرکەوت کە ئێستا خامنەیی لە مەوقعییەتێکدا نییە کە جیا لە هاندان بۆ سەرکوت هیچ ڕێنماییەکی هەبێت بۆ هیچ لایەنێک.

**خامنەیی ئەمجاریش نارازییانی ئێران و کوردستانی بە ئاژاوەچی و خائین و پیلانگێڕیی وڵاتانی دوژمن و دەستی دەرەکی ناو برد. بۆچی خامنەیی هەمیشە بەم شێوەیە خەڵکی نارازی پێناسە دەکا؟ کەی قەرارە دەنگی ئەوان ببیستێ؟ پێوەندیی ڕاپەڕینی خەڵک و دروشمەکانی ڕاپەڕین و ویستەکانی خەڵک لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل چییە کە خامنەیی پێکەوەیان دەبەستێتەوە؟**

ئەگەر تەواوی قسەکانی ساڵەکانی ڕابردووی خامنەیی لەگەڵ ئەوجارەی بە بەری یەک بگرین، دەبینین کە کۆمەڵێک سەردێڕن کە بەردەوام دووپاتەیان دەکاتەوە، واتە حەشیمەتی چەندین میلیۆنیی ئێران بەستراوە بە دەرەوەن، هەر خۆپێشاندانێک لە ئێران بە هاندانی ئامریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی بەڕواڵەت دوژمنی ئێرانن، ئەوەی کە خۆپێشاندان دەکا بەشێکی بەکرێگیراوی بێگانەن و لە دەرەوە هان دەدرێن و بەشێکیشی هەڵفریوان و نازانن، یانی هیچ گۆڕانێک لەم سەردێڕانەدا بەدی ناکەی، لە ساڵی ٩٦، لە ساڵی ٩٧، لە ساڵی ٩٨، لە ١٤٠٠، لە ساڵی ١٤٠١ ئەگەر سەرنج دەدەیتە سەر قسەکانی لە واقیعدا ئەمە مانشێتی قسەکانیەتی، هەموو یەک شتە کە ناگۆڕدرێ، هۆکارەکەشی دیارە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە ڕاستیدا ناتوانن بەرخوردی فکری بە خۆیان بکەن کە هۆکارە ڕاستەقینەکەی ئەم خۆپیشاندانانە دەردەخا، کە سەرچاوەی ئەم خۆپیشاندانانە نە دنیای دەرەوە بەڵکوو خودی جمهووریی ئیسلامییە، خودی نیزامە کە بە دروستکردنی ئەو هەموو موشکیلاتە کە لە ئێراندا بەهۆی ئەوانەوە دێتە پێشەوە ئەو خەڵکە دێنە خیابانەوە، بۆ ئەوەی کە خۆی دوور بخاتەوە، هەمیشە لە هەندێ کێشە و گیر و گرفتەکانی خەڵکی ئێران بەگشتی، کە خودی ڕێژیم سەرچاوەی دروسکردنیەتی بە ناچار پەنا دەباتە بەر ئەم سەردێڕانە کە ئەوە دەزگای CIA ی ئامریکایە، ئەوە سەهیۆنیستەکانن، تەنانەت دوێنێش باسی عەرەبستانی سعوودیی کرد. قەتیش نایە بەرخورد بەوە بکا کۆمەڵگەیەک کە بە دەیان میلیۆن جیرەخۆر و بەکرێگیراوی بێگانەی لێ بێ، دیارە کە کۆمەڵگەیەکە کە لەگەڵ ئەوان نەماوە، بەڵام بۆ خۆ دوورخستنەوە لە واقیعی مەسەلەکە و بۆ خۆ دوورخستنەوە لە باس لە سەر ئەسڵی کێشەکان هەمیشە هەوڵ دەدات کە پێی بێگانە بێنێتە نێو مەوزووعەکە، لە واقیعدا ئەمەش جۆرێک دنەدانی ئەو هێزە بونیادگرایانەیە بێ کە لە دەوری خۆیدا ماون، کە ئەویش ئێستا ئێتر زۆریش ئەو جۆر بیرکردنەوە لە دەوری نەماوە، زۆرتر بۆ تەحریکی ئەمانەیە بۆ ئەوەی کە سەرقاڵی مەسائیلی دەرەوەیان بکا، وا بکات کە ئێتر ئەمەیان لە بیر بەرێتەوە کە لە واقیعدا ئەمانیش بەشێکن لەو خەڵکە و موشکیلاتێکیان هەیە کە ئەوانیش خۆیان لەگەڵیان دەرگیرن.

> **حەرەکەتە سێنفییەکان لە ئێراندا ئەمڕۆ لە ئاستی زانکۆکان، لە ئاستی مامۆستایان و فەرهەنگیاندا بەتایبەتی و ئەمە کە بەدڵنیاییەوە دەکێشرێتە ڕیزەکانی تر بۆ خۆی دەتوانێ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕێ و مودیرییەتی ئەم حەرەکەتانە بکا لەم بەشانەدا، هەتا ئەوکاتەی کە دەکرێ یەکگرتوویەک لە نێوان خۆیاندا درووست بکەن و لە واقیعدا ببێتە حەرەکەتێکی هەمەلایەنە و هەماهەنگ لە نێوان بەشە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەدا**

**کوردستان و بەلووچستان لە قسەکانی خامنەییدا بۆڵد بوو. لە کاتێکدا ڕاپەڕینەکان هەموو ئێران، تەنانەت قوم و مەشهەدیشی گرتۆتەوە، بۆچی خامنەیی بەتایبەت باسی ئەم دوو ناوچەیە دەکات؟**

لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی کۆمەڵگەی ئیران لە تەوەهۆمێکدا ڕابگرێ ، ئەویش تەوەهۆمی جودایی‌خوازی و لە نەزەری ئەوانەوە تەجزیەی ئێرانە، کە ئەم دوو شوێنەش بە بەردەوامی و بەتایبەت کوردستان شوێنێک بووە کە بە بەردەوامی قسەیان لەسەر کردوە و بە بەردەوامی خەڵکی ئێرانیان پێ ترساندوە. لەم وەختەدا لەڕاستیدا دەیانەوێ بە زەقکردنەوەی ناوی ئەم دوو شوێنە دیسان ئەو سیاسەتە وەبیر خەڵک بێننەوە کە ئەوە مەترسییەکە لە جێگای خۆیدایە کە ئەوان ساڵانیکە باسی کوردستان و بەلووچستان دەکەن، بەتایبەت کوردستان کە دەڵێن دەیانهەوێ ئێران تەجزیە بکەن، دەیانەوی تەداعیی ئەو فکرە بکەنەوە بۆ خەڵک کە ئەوە دیسان لەم دوو شوێنەیە کە دیسان کێشەکە گەورەتر بووەتەوە، لەحاڵێکدا کە ئەو چەندین جار وڵامەکەی وەرگرتۆتەوە، ئەو میللەتە شەریفەی کە ئەو باسی دەکات، کە دەڵێ میللەتی کورد میللەتێکی شەریفن، هەر لەو دوو سێ حەفتەی ڕابردوودا دوو جار نیشانیان دا بە مانگرتنی گشتی کە ئێتر ئەم میللەتە شەریفە لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی نییە و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران نیشانی داوە کە ئەم میللەتە بیر لە جیابوونەوە و بیر لە دابەشبوونی ئێران ناکاتەوە، بەڵکوو هەماهەنگیی خەڵکی کوردستان و خەڵکی بەلووچستانیش لەگەڵ شارەکانی دیکە لە دروشمەکانیاندا دیارە کە زۆرتر باس لە ئازادی دەکەن. بیرە نەتەوەییەکە لە جێگای خۆی، بەڵام ئێستا هەموو خەڵک بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی خامنەیی لە ڕاستیدا لەسەر ئەوە کۆکن کە لە قۆناغێکدان کە دەبێ بیر لە ئازادی بکەنەوە و دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە.

**ئەگەر خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ قسەکانی خامنەیی بکەن، پێتان وایە ئەم دەرکەوتنە چی لە دۆخەکە دەگۆڕێ؟**

بەدوای قسەکانی دوێنێی خامنەیی و بە دوای ئەو هەموو تەحریکە و بەدوای ئەو هەموو جۆرێک ڕوو لە خەڵک کردنەکەی کە خەڵک ئەوە نەکەن، هەر ئەورۆ دەرکەوت کە خەڵکی ئێران هیچ گرینگییەکان بە قسەکانی دوێنێی خامنەیی نەداوە، جیاواز لەوەی کە لە زانکۆکان خۆپێشاندان و مانگرتن بەردەوامە، هەر دوێنێ دوای قسەکانی خامنەیی بە دەیان مامۆستای زانکۆ بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە و هێندێک داواکارییان کردووە، هەر ئەمڕۆ دەبینین نەتەنیا

# بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ مانگرتنی گشتی




خەڵکی ئازادیخواز و خەباتکاری کوردستان!

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە نێوخۆی وڵات لەگەڵ سەرهەڵدانی جەماوەریی گشتی بەرەوڕوویە و لەهەمبەر ڕاپەڕینەکاندا دۆشداماو و دەستەوەستان ماوەتەوە، جارێکی دیکەش بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی و دوورخستنەوەی سەرنجەکان لە ناڕەزایەتییەکانی نێوخۆ جینایەتێکی دیکەی خوڵقاند. لەو جینایەتەدا ڕێژیمی ئێران کوردستان و حیزبە کوردییەکانی کە لە سەرەتاوە "نا"یەکی گەورەیان بەو ڕێژیمە گوتووە، کردەوە ئامانجی مووشەکی بالستیک و درۆنی خۆتەقێن.

سپای تێرۆریستیی ڕێژیم ڕۆژی ٦ی ڕەزبەر هۆڤانە و دڕندانە بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی کوردستانی کە هەموو کاتێک قەڵای خۆڕاگریی و ئازادی بوون، کردە ئامانجی مووشەک و درۆنی خۆتەقێن و لە ناوچە سنوورییەکانیش بە درۆن و تۆپخانەی هێرشی کردە سەر بنکەکانی پێشمەرگەکان. هێرشی دەستدرێژیکەرانە سپای پاسداران بۆ سەر بنکەکانی ئێمە تەنیا ئامانجێکی لەپشتە، ئەویش بەلاڕێدا بردنی بیروڕای گشتی لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و هەڵڕشتنی قینی لەمێژینە و هەمیشەیی خۆی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان.

ئێمە داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین کە ڕۆژی شەممە، ٩ی ڕەزبەر بە مانگرتنی گشتیی سەراسەری دژبە هێرشی تێرۆریستیی نوێی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبە کوردییەکان ناڕەزایەتی دەرببڕن و جارێکی دیکەش پێ لەسەر پشتیوانیی هەمیشەیی خۆیان لە جووڵانەوەی کوردستان دابگرنەوە. هەروەها داوا لە هەموو خەڵکی خەباتکاری ئێران، ڕەوت و لایەنە سیاسی و کەسایەتییە خەباتکارەکان لە سەراسەری ئێران دەکەین کە بە ناڕەزایەتیی سەراسەری پشتیوانی لە ئێمە و خەڵکی کوردستان بکەن و هێرشی تێرۆریستیی ڕێژیم بۆ سەر بنکە و بارەکانی حیزبە کوردییەکان مەحکووم بکەن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
٧ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی

# بەیاننامەی ناوەندی هاوکاری بۆ پشتیوانی لە بانگەوازی مانگرتنی گشتی لە سەرجەم ئێران

خەڵکی خەباتکار و ئازادیخوازی ئێران!
هەڵسوڕاوان و چالاکانی مەدەنی!

کۆماری ئیسلامی ئێران لەهەمبەر ناڕەزایەتییەکانی ڕەوای خەڵک چ لە کوردستان و چ لە ئاستی ئێران سیاسەتی سەرکوتی گرتۆتە بەر.

بە تەقەکردن و کوشتنی خەڵک لە شارەکان، هێرشی مووشەکی بۆسەر شوێنی نیشەجێبوونی حیزبەکان، دەسبەسەرکردنە بەربڵاوەکانی چینی جۆربەجۆری کۆمەڵگە و چالاکانی کۆمەڵایەتی، بەتایبەی چالاکانی ژنان و کەشی ئەمنییەتیی توند هەوڵ دەدا بەرخودانی خەڵک دابمرکێنی.

بەشێکی زۆر لە ڕەوتە سیاسییەکانی وەک: شووڕای مودیرییەتی گوزار، یەکیەتیی بۆ ئازادی و بەرامبەری لە ئێران، شوڕای تەسمیم، شوڕای دێموکراسیخوازان، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران وێڕای بەشێکی بەرچاو لە ڕێکخراوە مەدەنیی و کەسایەتییە سیاسییەکان، پشتیوانیی خۆیان بۆ ناڕەزایەتی و مانگرتنی داواکراو لەلایەن ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ مانگرتنی سەرانسەری لە کوردستان، هەروەها خوازیاری مانگرتن و ناڕەزایەتی گشتی لە سەرجەم شارەکانی ئێران لە ڕۆژی شەممە ٩ی ڕەزبەرن.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای سپاس و پێزانین لەم بانگەوازانە. داوا لە هەموو خەڵکیی ئێران لە بازاری، کرێکاران، کارمەند، قوتابی و هەموو سنف و بەشە جۆراوجۆرەکانی خەدەماتی و ئابووری دەکا بەپیل ئەم بانگەوازە بێن و بە مانگرتنێکی بێوێنەی گشتی لە هەموو شارەکانی ئێران دەنگی خۆمان هەراوتر و یەکگرتووانە بە گوێی جیهان بگەیەنن هەتا ماشینی سەرکوتی ڕێژیم ناچار بە پاشەکشە بێ، هەتا ئازادیی دەسبەسەرکراوەکان، کۆتاییهێنان بە کەشی پۆلیسی و ئەمنییەتی و هەروەها لابردنی یاساگەلی دژەژن لە ئێران بێتە دی.




**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٨ی ڕەزبەری ١٤٠١**

---

لە زانکۆکان، لە زۆر ناوچەکانی ئێران و تەنانەت لە هێندێک لە شارەکانی کوردستان مانگرتن و نەچوونە سەر کلاس کێشاویەتە نێو دەبیرستانەکان، هەر دوای قسەکانی خامنەیی خەبەر بڵاو بۆتەوە کە لە ئیسفەهان بەشێک لە بازاڕی ئیسفەهان داخراوە، لە ڕاستیدا دەردەکەوێ کە ئێستا ئیتر خەڵکی ئێران هیچ گرینگییەک بەوە نادەن کە خامنەیی چی دەڵێ، بەڵکوو ڕێگایەکیان گرتۆتە پێش کە پێیان وایە دەبێ ئەو ڕێگەیە بپێون و بە ئەنجامی بگەیەنن ئەویش لەکۆڵکردنەوەی خامنەیی و نیزامەکەیەتی لە سەر کۆمەڵگەی ئێران.

**ئەگەر بێینە سەر دۆخی ئێستای وڵات، هەمیشە باس لەوە دەکرا کە نەبوونی ئاڵترناتیڤ یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی ڕێژیمە. ئایا ئێستاش دەکرێ ئەو بۆچوونە بەهێز بێت؟ ئایا شەقام لە ئێستادا وێنایەک لەو ئاڵترناتیڤە نادا بەدەستەوە؟**

ئەمە ڕەنگە وڵامێکی دوو لایەنەی هەبێت، بەڵێ ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنیکی یەکگرتووی بەهێز هەبوایە لەم خۆپێشادانەدا و ڕاستەوخۆ بیتوانیایە ڕێبەریی ئەم خۆپێشاندانانە بکات، چونکە خۆپێشاندانێکی ئاوا بەربڵاو پێویستی بەوەیە کە بەرنامەڕێژیی بۆ بکەی و هیدایەتی بکەی و لانیکەم ڕوانگەکانی بەنیسبەت داهاتووەوە بۆ خەڵک ڕوون بێت، ئەمانە هەموو کێشەیەکن کە تا ئێستاش ڕەنگبێ هەبێ. هەرچەند ئۆپۆزیسیۆن ڕۆڵی خۆی هەبووە و لە زۆر ڕێگاوە توانیویە دەنگی خۆی بە خەڵک بگەیێنێ، بەڵام لە لایەکی تریشەوە دەبینین لە ئێران مودیرییەتێک هەیە بۆ خۆپێشاندانەکان، کاتێ ئەبینین لە زانکۆیەکی ئێراندا خۆپێشاندان دەست پێ دەکات، ئەو پەیامە دەگاتە ... ... زانکۆکانی دیکە و پشتیوانیی لێ دەکەن، لە واقیعدا حەرەکەتە سێنفییەکان لە ئێراندا ئەمڕۆ لە ئاستی زانکۆکان، لە ئاستی مامۆستایان و فەرهەنگییاندا بەتایبەتی و ئەمە کە بەدڵنیاییەوە دەکێشرێتە ڕیزەکانی تر بۆ خۆی دەتوانێ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕێ و مودیرییەتی ئەم حەرەکەتانە بکا لەم بەشانەدا، هەتا ئەوکاتەی کە دەکرێ یەکگرتووییەک لە نێوان خۆیاندا درووست بکەن و لە واقیعدا ببێتە حەرەکەتێکی هەمەلایەنە و هەماهەنگ لە نێوان بەشە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەدا. بەڵام هەر شۆڕشێک قۆناغگەلێک دەبڕێ، شۆڕش شەرت نییە ڕاستەوخۆ و لەلایەن ئۆپۆزسیۆنێکەوە بەرنامەی بۆ دابڕێژرێ و هیدایەت بکرێ، شۆڕش قۆناغەکانی خۆی دەبڕێ و لێرەدایە کە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ ڕۆڵی ئەساسیی خۆی بگێڕێ، بەڵام ئێستا و لەم قۆناغەی ئێستای ئێراندا یەکێک لە شتە پێویستەکان ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات لە ڕاستیدا لەگەڵ بەشە چالاکەکانی نێوخۆی وڵات بتوانن هەماهەنگی بکەن و ئەمە یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی کە نەخشی ڕێبەری لەئەستۆ بگرن لە ئەم حەرەکەتانەی ئێراندا، کە بەدڵنیاییەوە من پێم وایە قۆناغی یەکەمی بڕیوە.

قۆناغی یەکەم زۆر گرینگە کە کۆمەڵگە بتوانێ لەم حەرەکەتە بەردەوام بێت و بەرەبەرە گەشەی پێ بدات ئەم قۆناغە بڕدراوە. ئێستا ئیتر کۆمەڵگەی ئێرانی گەیشتووەتە خاڵێکی وەرچەرخان لە حەرەکەتەکانی خۆی، بە ڕای من ئەم خاڵە زۆر زۆر گرینگە کە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ ڕۆڵی کاریگەرتری هەبێت، دەتوانێ بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو بەشە چالاکەی نێوخۆ کە دەوری کاریگەرییان هەیە دەتوانێ هەماهەنگی بکەن و ڕێبەریی ئەم بزووتنەوەیە بکەن هەتا کۆتاییهێنان بە ئەرکەکەی کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە بباتە سەرەوە.

**شۆڕش شەرت نییە ڕاستەوخۆ و لەلایەن ئۆپۆزسیۆنێکەوە بەرنامەی بۆ دابڕێژرێ و هیدایەت بکرێ، شۆڕش قۆناغەکانی خۆی دەبڕێ و لێرەدایە کە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ ڕۆڵی ئەساسیی خۆی بگێڕێ. بەڵام ئێستا و لەم قۆناغەی ئێستای ئێراندا یەکێک لە شتە پێویستەکان ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات لە ڕاستیدا لەگەڵ بەشە چالاکەکانی نێوخۆی وڵات بتوانن هەماهەنگی بکەن و ئەمە یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی کە نەخشی ڕێبەری لەئەستۆ بگرن لەم حەرەکەتانەی ئێراندا**

**کەمایسییەکانی ئێستای ئەو ڕاپەڕینە لەچیدا دەبینن؟**

ڕەنگە نەکرێ لەو دۆخەی کە ئێران تێیدایە بەتایبەت لە هەندێ ناوچەکاندا کە هەوڵی داوە تەنانەت حکوومەتی نیزامی بسەپێنێ بە سەر ناوچەکاندا، وەکوو کەمایەسی باسی بکرێ، چون نیگەرانییەکانی خەڵک هەست پێ دەکەین و دەزانین لە هەموو شوێنێ بەداخەوە دەزگای سەرکوت چالاکە و دەبینین لە شوێنی جۆراوجۆر لە ئێران کەس دەکوژێ، دەسبەسەرکرانەکان یەکجار زۆرە، بەتایبەت لە یەک حەفتەی ڕابردوودا، بینیمان کە خەڵکێکی زۆر ناسراو لەنێو هونەرمەندان، لەنێو نووسەران، لەنێو چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەسبەسەر کراون و لە کۆمەڵگە دووریان خستوونەتەوە، کە ئەوە بۆ خۆی کاریگەریی نێگەتیڤی خۆی دەبێت، بەڵام ئەگەر بڵێم یەکێک لە کەمایەسییەکان گەیاندنی پەیامێکی گشتییە بۆ کۆمەڵگە کە دەبێ هەموو بە یەکەوە حەرەکەت بکەن، ئێمە ئێستا لە هەموو زانکۆکاندا ئەم حەرەکەتانە دەبینین، کە هەماهەنگییەکی باش لەئارادایە، بەڵام لە نێوان شارەکاندا، لە ناڕەزایەتیی سەر شەقامکاندا ئەم هەماهەنگییەی ئێستا بەتەواوی نییە، دەبینین لە هەندێ شاردا بە بەردەوامی ئەم حەرەکەتانە هەیە بەڵام لە شارەکانی تر بە شێوەی مەوزەعی یان کاتی ئەم حەرەکەتانە هەیە، ئەگەر ئەمە پڕ بکرێتەوە و هەوڵ بدرێ بۆ ئەوەی کە خەڵک ئەم پەیامە وەربگرن، هەماهەنگییەک دروس ببێ لە نێوان هەموو شارەکاندا، هاوکات پێویست ناکا بە توندوتیژی بێ، دیسان جەخت دەکەینەوە، حەرەکەتگەلێکی ئارام لە هەموو شارەکاندا بەیەکەوە درێژە بدرێت بێگومان تواناییەکانی سەرکوتیش دیسان کەم دەبێتەوە.

دوێنێ هەواڵمان پێ گەیشت لە هەندێ شوێنی کوردستان هێزە تایبەتەکانیان کێشاونەتەوە بۆ تاران، لە ڕاستیدا دوو هۆکاری هەیە، یەکیان ئەوەی کە وا دیارە لە تاران فشارێکی یەکجار زۆر لە سەر هێزە سەرکوتکەرەکان هەیە و بەشێکی ڕەنگبێ ئەوە بێ ئەو هێزەی لەوێ هەیە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەو هەموو خۆپێشاندەرانە نییە، بەشێکیشی ئەوەیە کە ڕەنگبێ لەو شوێنانە ئەو فشارەی کە پێویستە لە سەر ئەوان نییە. ئەگەر یەکێک لە کەمایەسییەکان ئێستا ببینین لە ڕاستیدا ئەوەیە کە هەماهەنگییەکی باش لە نێوان هەموو شارەکاندا نییە، دیارە لە زۆر شاری ئێران ڕۆژانە ئەمە بەڕێوە دەچێ بەڵام سروشتییە ئەگەر ئەمە پەرە بگرێ و لە هەموو شارەکان بە بەردەوامی ئەم ڕێپێوان و خۆپێشاندانە ئارامانە بەڕێوە بچێت بێگومان ئەوانیش ماندووتر دەبن، و ئەوانیش توانانی سەرکوتیان دێتە خوارەوە و بەرەبەرە تووشی هەڵوەرین دەبن، ئەگەر شتەکە گشتگیرتر بێ لەوەی کە ئێستا هەیە، دووەمیان ئەوەیە کە لە ڕاستیدا ئیستا ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات دەبێ هەماهەنگیی خۆی نیشان بدات، ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات پێویستە هەماهەنگ بێت و پەیامێکی هاوشێوە و هاوبەش بدات بە خەڵکی ئێران بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران بزانن پەیام لە کوێ وەردەگرن و بزانن مەسیری حەرەکەتیان بە کوێ دەگات.

**دوورەدیمەنی ڕاپەڕینەکە چۆن دەبینن؟ ئەرک و بەرپرسایەتییەکان چین و لەئەستۆی کێن؟**

ڕەنگە زۆر شت پێشبینی نەکرێ بەڵام، ئەم حەرەکەتەی ئەمساڵ کە لە ڕاستیدا وەک ڕاپەڕینیکی گشتیی بەخۆیەوە گرتوە، بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی تردا هەڵدەسەنگێنێن. لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا زۆر خۆپیشاندانی گەورەمان بینیوە لە ئێراندا، لە خۆپێشاندانی خوێندکاران لە ساڵی ٧٨دا دەستیان پێ کرد و بە بەردەوامی دواتر هەتا ساڵی ٨٨ و ٩٦، ٩٧ و ٩٨ و هەتا ئەمساڵیش، ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ ئەمانەدا چاوی لێ بکەین، ئینسان گەشبینترە بەنیسبەت داهاتووی ڕاپەڕینەکە، ئەگەر دەڵێین ئەمەیان ڕاپەڕینە و جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوانی تر، بەو مانایەیە کە ئێستا ئەمەیان گشتگیرترە لە هەموو حەرەکەتەکانی تر، ئەگەر پێشتر خۆپێشاندان بوو لە ناوچەگەلێکی تایبەت، لە شارێکی تایبەت دەبینین کە لە ڕاستیدا ئەمە ڕاپەڕێنی گشتیی هەموو خەڵکی ئێرانە، لە بەلووچستانەوە هەتا ئازەربایجان، لە مەشهەدەوە هەتا خووزستان، لە باکووری ئێرانەوە هەتا بەندەرعەباس، ئیتر شوێنێک نەماوە کە ئەم حەرەکەتەی تێدا نەبینیت، ئەمە ڕەنگە بۆ خۆی ئومێدێکی زیاتر بدات بە هەموو ئەوانەی کە هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ ئەم ڕاپەڕینە، بۆ هەموو ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ لەم ڕاپەڕینەدا بەشدارن، ئەمن پێم وایە ئەمەی کە ئێمە ئێستا پێی دەڵێین ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دەتوانێ هیوادار بێ داهاتووی خۆی، هەرچەند دەڵێم، زۆر شت پێشبینێی ناکرێ بەڵام ئەوەی کە دەزانین نیزامی کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی لاوازیدایە، دەزانین هێزە سەرکوتکەرەکانی توانای ئەوەیان نییە کە ڕووبەڕووی هەموو خەڵکی ئێران ببێتەوە و بەردەوام ڕیزش دەکات، تەنانەت چەندە ڕاست بێ یا نا، دەبینین ڕۆژانە پەیام لە فەرماندە نیزامییەکانەوە بڵاو دەبێتەوە کە واز لە سەرکوت دێنن. تەنانەت باس لە فەرماندەکانی هەرەبەرزی ئەرتش دەکرێ لە یەک لەوان بینیمان لە کۆبوونەوەکەی خامنەییشدا حزووری نەبوو. ئەوە ئەمە دەردەخات کە ئەگەری هەیە دەسبەسەر کرابێ یا بۆخۆی بەشداریی نەکردبێ، ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە؛ لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم کە ئەگەر ئینسان دەڕوانێتە داهاتووی ئەم ڕاپەڕینە، ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان ئەم ڕاپەڕینە و خۆپیشاندانەکان و ناڕەزایەتییەکانی ساڵەکانی پێشوو دەیبینین جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەمە بەربەرینە و بەرەو ئایندەیەکی ڕوون دەڕوا و تەنیا ئەوەندە دەڵێم ئەگەر ئەم هەماهەنگییەک لە نێوان خەڵکدا لە ئێران بپارێزرێ، لە ڕاستیدا ئەم حەرەکەتە بەم هەماهەنگییەوە درێژە بکێشی کە بەدڵنیاییەوە درێژە دەکێشی، ئەگەر ئەمە هاندەر بێ بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات لە نێوان خۆیاندا هەماهەنگییەک پێک بێنن، ئەو بەشە چالاکەی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی لە نێو خۆیاندا هەماهەنگییەک پێک بێنن و پەیامێکی ڕاستەوخۆ بدەن بە خەڵک. من پێم وایە ئەم دوو شتە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەم ڕاپەڕینە ئاکامێکی ئەرێنی بە دوای خۆیدا بێنێت و بگاتە ئەو ئاکامەی کە بتوانێ زیاترین فشار بخاتە سەر کۆماری ئیسلامی تا ئەو جێگایە کە کۆماری ئیسلامی، لە ڕاستیدا تووشی ڕووخان بکات، ئەمە ڕەنگە وەکوو ئەوەی خامنەیی باسی دەکا هیچ پێویستی بە دەستێوەردان و پاڵپشتیی دنیای دەرەوە نەبێ، ئێمە بینیمان لە دنیای دەرەوە بە میلیۆنان کەسی ئێرانی و خەڵکی پشتیوانی ڕاپەڕینەکەی گەلانی ئێران هاتنە مەیدان، لە زیاتر لە ٢٠٠ شار لە یەک ڕۆژدا لە مەیدانە گەورەکانی شارە گەورەکانی دنیادا خۆپێشاندانیان کرد، ئەمە بۆ خۆی دەتوانێ پشتیوانییەکی مەعنەوی بێت، ڕەنگە ناڕەزایەتییەکانی دەوڵەتە ئورووپاییەکان و ئامریکاییەکان کە خامنەیی بە دەستێوەردانی ناو دەبات کاریگەریی هەبێت تەنانەت کاریگەیی لەسەر سیاسەتی ئەوان و پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی ئەوان لەگەڵ ئێران بکات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە گرینگە پشتیوانیی خەڵکە لە هەموو دنیادا لەم ڕاپەڕینە.

دەبینین کە تا ئێستا هەشتەگی مەهسا ئەمینی نزیکەی ٢٢٠ میلیۆنی تێپەڕاندوە، ئەمە ئەم پشتیوانییەیە کە یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران بتوانن درێژە بە حەرەکەتەکەیان بدەن و ئەم هاوپێوەندییە گشتییەیە، پشتیوانیی خەڵک لە دنیادا نە دەوڵەتەکان، بە ڕای من هۆکارێکی گرینگە کە خەڵک لە ئێراندا هان بدات کە درێژە بەو حەرەکەتەیان بدەن. بۆیە دەبێ بە هیواوە چاو لەم حەرەکەتە بکەین، هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی لە دوای هاتنەسەرکاریەوە ڕووبەڕووی کێشەیەکی ئاوا و بەرەوڕووی ڕاپەڕین نەبووەتەوە، ڕەنگە ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان و زۆر شت بووبێتەوە. لە ساڵی ٨٨ دا بینیمان ساڵ و نیوێک درێژەی کێشا بەڵام لە ڕاستیدا چون سنووردار بوو و شێوەیەک ناڕەزایەتیی بە یەک شتی تێدا بوو ئەویش ئەوەی کە "دەنگی من چی لێ هات"، لە ڕاستیدا نەیتوانیوە ببێتە دەنگی گشتیی خەڵکی ئێران بەڵام ئێستا مەسەلەی ئازادی بۆ ئێران و ئەم دروشمە جوانەی "ژن، ژیان، ئازادی"، کە کەوتووەتە سەر زاری هەموو ئێرانییەکان و ئەو هاوپێوەندییە کە لە نێوان ئێرانییەکان درووس بووە، کە زەمانێک دەڵێن لە کوردستان تا تاران و ئێستا دەڵێن لە بەلووچستان تا تاران، لە تەوریز دروشمی هاوپێوەندی لەگەڵ کوردستان دەردەکەن، لە ڕاستیدا من پێم وایە، ئەمانەن کە دەتوانن زیاتر هیوادارمان بکا کە داهاتووی ئەم حەرەکەتە ڕوونە و بە ئاکام دەگات.

**سپاس کە لەو بارودۆخەدا کاتت بۆ ئەو دیمانەیە دانا**

ئێوەش ماندوو نەبن کە لەو دۆخەدا نەتانهێشت دەنگ و ڕەنگی حیزبی دێموکرات لەکار بکەوێ و ئەو شوێندانەرییە گرینگەی هەبێت.

## دیار زاگرۆس

# پێگەی جەماوەریمان لە پێگەی مووشەکیی ئەوان بەهێزترە

**پژمان شەریعەتی**

پێگەی جەماوەری یان کۆمەڵایەتی چەمکێکە لە کۆمەڵناسی و فەلسەفەی سیاسی، کە هەڵدەگەڕێتەوە سەر جیاوازیی نێوان گرووپەکان لە بواری ڕێزگرتن و وەرگرتنی پۆزتیڤی ڕەوتێکی ئەندیشەیی و پاڵپشتیی هەمەلایەنە.

لێرەدا ئێمە هەڵسەنگاندنێک دەکەین لە پێگەی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان.

حیزبی دێموکرات کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لەپێناو ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بۆ کیانێکی کوردی و دێمۆکراسی و کەرامەتی مرۆیی تێدەکۆشێ، لەسەر ئەندیشەیەکی نیشتمانی و فەلسەفەی ئازادیی مرۆڤتەوەرانە بونیات نراوە.

لە دەسپێکی دامەزرانی ئەم حیزبە مودێرنە سیاسییەوە، بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بە خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، پلان و ستراتژی و ئامانجی دوارۆژ دیاری دەکەن کە پرسە سیاسییەکان و چەمک و پەیویستییەکانی بە جەماوەری کردنی خەبات بۆ ڕزگاری دەکاتە نەخشەڕێگایەک بۆ سەرکەوتن.

فەلسەفەی دامەزران و عەقڵییەت و شێوازی خەباتی فرەڕەهەندی حیزبی دێموکرات وا دەکات کە سەرنجی هەموو چین و توێژ و سەندیکا، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، چ لە بواری ئایینی چ لە بواری دابەشکردنی کۆمەڵایەتی بەلای خۆیەوە ڕادەکێشت و لە ماوەیەکی کورت لە دامەزرانی، ببێتە گەورەترین حیزبی سیاسیی کوردستان، چ لە بواری ڕێژەی ئەندامان، چ لە بواری پاڵپشتیی جەماوەری کۆمەڵگە.

ئەوەیکە دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکرات لە درێژەی ٧٧ ساڵ خەباتی بێوچانی چین و کامانەن، پەیویست بە باس و بابەتی جیاواز و خوێندنەوەی وردی بڕگەکانی مێژوویی دەکات، بەڵام لێرەدا سەرنج دەخەینە سەر ئەوەیکە ئەم حیزبە چەندە لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاون ئیعتبارە.

حیزبی دێموکرات کە خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێ دەکات، لەنێو جەماوری خەڵک تێکۆشان دەکات و شەقام دەبێتە بنکەی سەرەکیی ئەم حیزبە و گوفتومانی خۆی بە پرەنسیپێکی سیاسی و عەقڵانی دەخاتە بەرچاو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە وریایی و تێگەیشتن ئەدەبیاتی تایبەتیی دەبێت بۆ هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگە و؛ پێوەری سەرەکی بۆ ئۆرگانیزم و ڕێکخستن دەکاتە پرسی نەتەوەیی و پێداگر دەبێت لەسەری.

ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەیکە تاکی کورد بە ئاسانی خۆی تێدا ببینێت و ئەو ئەدەبیات و پرەنسیپی سیاسی و دیسکورسە بە هی خۆی بزانێت و خاونداریەتی بکات لە ئەندیشەی نیشتمانی کە ڕەمزی سەرەکیی یەکگرتن و پیشکەوتنی هەمووان تێدا بەدی دەکرێت، هەربۆیە حیزبی دێموکرات بە تایبەتی لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران دەبێتە زمانحاڵی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەمەیش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەیکە ئەم حیزبە پێگەی جەماوەریی خۆی بە شێوازی خەبات، سیاسەت، پلان و تێکۆشانی بەردەوام بە دەست دەیهێنێت، واتە بە شێوەی ئێکتسابی دەبێتە پێشەنگ و ڕێزی لێ دەگیردرێت و لە هیچ بڕگەیەکی مێژوویی بە شێوەی ئینتسابی، لەلایەن هیچ جەریانێکی فکری و سیاسی و تاک نەبووەتە حیزبی یەکەم و لە ڕاستیدا لە ئاستی کەلان بەپێی پێوەری کولتووری و ڕووناکبیری جێگای خۆی دەدۆزێتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە هیچکات ئەم حیزبە و ڕێبەرانی پشتیان لە خەڵک نەکردووە و لەبیریان نەچووە و ناچێت کە لە خەڵکن و بۆ خەڵک تێدەکۆشن و ئەمەیش وای کردووە کە حیزبی دێموکرات ببێتە سەرمایەیەکی مرۆیی و ئەندیشەیی کە کوردستانییەکان خۆیان بە خاونی بزانن.

تەنانەت لەو کاتەیشدا کە حیزبی دێموکرات ناچار دەبێت بەشیک لە بەدەنەی ئاشکرای خۆی بباتە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیچکات بنکەی سەرەکیی خۆی لە دەرەوە نەزانیوە و هەمیشە شەقامی کوردی بنکەی سەرەکی ئەو حیزبە بووە، لە لایەکی دیکەشەوە لە شاخ کە بەرگری دەکات لە خەڵکی شار، هەر ئامانج شەقامە و بەرگری و هەموو شێوازەکانی ڕەوا لە خەباتی لە بەرچاو گرتووە بۆ پاراستی خەڵکی ڕۆژهەڵات.

کە واتە حیزبی دێموکرات لە زەین و دڵی خەڵکدایە و بەشی هەرەزۆری بەدەنەی ئەم حیزبە لە نێوخۆی وڵاتن و ڕێژیم بە سەدان جار ئەو هەڵەیەی کردووە و وانەی لێ وەرنەگرتووە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندیشەیە و لە زەینی تاکەکان و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتە و لەوپەڕی دۆشداماوی پەلاماری چەند بنکەیەکی حیزب لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات دەدات.

مێژووی حیزبی دێموکرات پێمان دەڵێ بە سەدان جار ئەم حیزبە کەتووەتە بەر پەلاماری مووشەکباران و هزاران جار توپباران کراوە و کەوتووەتە بەر هێرشی تێرۆریستی، سەرەڕای ئەوە هەر بەردەوام بووە و نەک لاواز نەبووە، بەڵکوو هەرجارە و تینی خەباتی زۆرتر بووە.

جینایەتی ٦ی ڕەزبەر بە مووشەکبارانی بنکە مەدەنی و سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات و وڵامدانەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە مانگرتنێکی سەراسەری، دیسان ئەو پەیامەی بە ڕێژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامیدا کە حیزبی دێموکرات چەند بینایەیک نییە کە بە مووشەکەکانی بیڕوخێنێت و بەو خەیاڵە خاوە بێت کە ڕادەوستێت، بەڵکوو حیزبی دێموکرات ئیرادەیەکی کوردستانییە کە بە هیچ هێزێک نارۆخێت و لەم ململانێیەدا دیسان حیزبی دێموکرات براوە بوو و سەرکەوت.

بۆیە بە دڵنیایی و قورس و قایم دەتوانین بڵێین کە پێگەی جەماوەریی ئێمە لە پێگەی مووشەکیی ئەوان بەهێزترە.

# بۆچی کراینەوە بە ئامانج؟

**ئاماژە: لە ماوەی چوار ساڵدا حیزبی دێموکرات دوو جار کراوەتە ئامانجی هێرشی مووشەکی و لەو سۆنگەیەوە دەیان کەس لە تێکۆشەرانی ئەم حیزبە شەهید یا بریندار بوون. بۆچی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشکی شێری لە تێرۆر و سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی پێ براوە؟ ڕێژیمی ئێران بۆچی لە ٦ی ڕەزبەردا دەیان مووشەکی بالستیکی لە حیزبی دێموکرات گرتەوە؟ لەو پێوەندییەدا ڕا و بۆچوونی سێ کەسایەتیی سیاسیی حیزبی دێموکرات کە لە ڕووماڵی ڕووداوی ئەو هێرشەدا لێدوانیان بۆ "کوردکاناڵ" داوە، بۆ خوێنەرانی "کوردستان" دەگوازینەوە.**



**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:**
**پێچەوانەی لێکدانەوەی کۆماری ئیسلامی مووشەکبارانی بنکەکانی حیزب نەک ئاگری ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییەکان دانامرکێنێ؛ بەڵکوو ڕق و نەفرەتی خەڵک زیاتر دەکات**

غەرەزی کۆماری ئیسلامی لەو هێرشە دڕندانە و ئاژاوەگێڕانەیەی کە کۆماری ئیسلامی کردیە سەر بنکەی حیزبەکانی ئێمە لە باشووری کوردستان دوو شتن: یەکەمیان لادانی سەرنجی بیروڕای گشتیی ئێران و جیهان لەو ڕووداوانەی لە نێوخۆی وڵاتدا ڕوو دەدەن و ئەو ناڕەزایەتییانەی کە ئێستا سەرانسەری وڵاتی گرتۆتەوە. ئێستا ڕۆژ هەیە زیاتر لە ١٠٠ شار لە ئێران دژی ئەو نیزامە دێنە سەر شەقام و دروشمی توند کە سەری ئەو نیزامەی کردۆتە نیشانە، بەرز دەکەنەوە. بۆیە دەیهەوێ چاوی بیروڕای گشتی لەو باسە سەرەکییە وەرسووڕێنێ و بۆ پشتەوەی سنوورەکانی بەرێ بکات.

ئامانجێکی دیکە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر ئەو حەرەکەتە ئاشتیخوازانەیەدا کە کوردستان سەرەتا و دواتر ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشی گرتەوە لاواز و دەستەوەستانە. بۆیە دەیهەوێ بیکێشێتە گۆڕەپانی شەڕ و چەک و لێکدان کە لەو دۆخەدا هەم لە بەرانبەر خەڵکی ناڕازی و ڕاپەڕیو لە نێوخۆی وڵات و هەم لە بەرانبەر حیزبە سیاسییەکان ئیمکانات و تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووی شەڕ و سەرکوتی هەیە. بۆیە هەم باشە و هەم پێویستە کە کۆماری ئیسلامی لە گۆڕەپانێکدا بێڵینەوە کە تێیدا لاوازە. واتە خەڵکی ئێمە لە کوردستان و خەڵک لە ناوچەکانی دیکەی ئێران پێویستە لە خۆپیشاندانەکان بەردەوام بن و هەروەها ئەوەندەی دەکرێ دەرفەت بە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی نەدەن خۆپیشاندانەکان بەرەو توندوتیژی و زەبروزەنگ بەرن. ئەوە بەوە دەکرێ کە هاونیشتمانانی ئێمە بە بیری کراوە و ژیریی خۆیانەوە لە شەقامەکاندا بمێننەوە و ویست و داخوازەکانی خۆیان کە بەرحەو و ڕەوان بیهێننە گۆڕێ و سوور بن لەسەر ئەو داواکارییانە.

لەگەڵ ناردنی سڵاو بۆ یادی تازەترین شەهیدەکانمان، ئەمن لاموایە پێچەوانەی تێگەیشتنەکانی کۆماری ئیسلامی مووشەکبارانی بنکەکانی حیزب نەک ئاگری ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییەکان دانامرکێنێ؛ بەڵکوو ڕق و نەفرەتی خەڵک هەم لە کوردستان و هەم لە هەموو ناوچەکانی ئێران زیاتر دەکات و دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوە و بەرینتربوونی زیاتری خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکان.



**مستەفا مەولوودی:**
**لە ئێستادا کە ڕاپەڕینی سەرانسەری لەدژی ڕێژیم وەڕێ کەوتوە، بەدڵنیاییەوە ئەو پەلەقاژانە دادی نادەن و سەرکەوتن هەر بۆ خەڵک و کۆمەڵگەی ئێران، کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دەبێت**

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد بەگشتی و هێزە سیاسییەکان بەتایبەتی و بەتایبەتیتر لەگەڵ حیزبی دێموکرات نەشاردۆتەوە و ئەم هێرشەش درێژەی ئەم سیاسەتە بەردەوامەی کۆماری ئیسلامییە. هێندێک لایەن و مێدیا باس لەوە دەکەن جیاوازییەکی هێرشەکەی ئەمجارە ئەوەیە کە پارێزراوترین شوێن لە شەڕەکان بەپێی هەموو پرەنسیپەکان، وەک قوتابخانە و کەمپ و شوێنی ژیانی ژن و منداڵ و خەڵکی مەدەنی کرانە ئامانج. بەڵام ئەوەی کۆماری ئیسلامیی باش ناسیبێ، دەزانێ کە ئەم ڕێژیمە قەت دەروەستی پرەنسیپ و کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان نەبووە هەتا پێمان وابێ ئەمە یەکەمجارە کە ئەو سنوورانەی بەزاندوە.

کۆماری ئیسلامی هەر لە فیتوای جیهادی خومەینی لە دژی کوردستان کە خوێن و گیانی گەورە و بچووکی خەڵکی کوردی بۆ هێزەکانی ڕێژیمەکەی حەڵاڵ دەکرد، لە هێرشەکانی بۆ سەر کوردستان و ئەو کۆمەڵکوژییانەی لە ئاواییەکانی وەک قاڕنێ و قەڵاتان و قەرەگۆل و سۆفییان کردنی، لە تێرۆر و ئێعدامی زیندانییانی سیاسیی کورد بە درێژایی مێژووی ئەو ڕێژیمە و زۆر تاوانی دیکە، ئەوانە هەر هەمووی پێچەوانەی پرەنسیپە جیهانییەکان و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانن کە ڕێژیم بۆخۆی بەشێک لەوانیشی ئیمزا کردوە.

خاڵێکی دیکە بەرفراوانیی ئاستی ئەو هێرشەیە کە بێگومان بۆ ئەوە بوو زیانی زۆری گیانیمان بەربکەوێ و وێرانییەکی زۆری لێ بکەوێتەوە هەتا بە خەیاڵی خۆی ئیرادەی خەبات و شۆڕشگێڕیمان تێکبشکێنێ و بەچۆکمان دابینێ؛ بەڵام ئەوە جارێکی دیکەش تاقیکردنەوە تاقیکراوەکانە.

هەتا ئێستا شانازیی خۆڕاگری و مانەوە لە مەیدان بۆ حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگە براوە و، شکست و داماوییش بۆ هێزەکانی ڕێژیم ماوەتەوە. بەتایبەت لە ئێستادا کە ئیدی ڕاپەڕینی سەرانسەری لەدژی ئەو ڕێژیمە وەڕێ کەوتوە، بە دڵنیاییەوە ئەو پەلەقاژانە دادی نادەن و سەرکەوتن هەر بۆ خەڵک و کۆمەڵگەی ئێران و هەروەها کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دەبێت.



**تەیموور مستەفایی:**
**تایبەتمەندییەکی گرینگی ڕاپەڕینی نوێی خەڵکی ئێران ئەوەیە چەخماخەکەی لە کوردستان لێدراوە و کورد پێشەنگایەتییەکەی کرد. ئەمەش بێهۆ نییە، چونکی کورد لە ئێران چل و سێ ساڵە قورسایی شۆڕش و بەرەنگاری لەدژی ڕێژیمی لەئەستۆ بووە**

مووشەکتێگرتن لە حیزبی دێموکرات لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ ئەوە بوو کۆمەڵگەی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵات و ئێرانی پێ چاوترسێن و کپ بکات. بەڵام ئەو ناڕەزایەتییانە کە دەرەنجامی کەڵەکەبوونی دەیان قەیرانی قووڵی هەمەلاگیرن شتێک نییە کۆماری ئیسلامی بتوانێ بەسەریدا زاڵ ببێت و دایمرکێنێت.

کوژرانی ژینا ئەمینی هاندەرێک بوو بۆ تەقینەوەی قینی پەنگخواردووی خەڵک، قینی چوار دەیە سەرکوت، گەندەڵی، بێحورمەتی بە کەرامەتی مرۆڤەکان و پێشێلکردنی سەرەتاییترین و سەرەکیترین مافەکانیان کە کۆماری ئیسلامی زەوتی کردوە. بۆیە سەرەڕای تێچووی زۆری سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییەکان و سەرکوت و زەبروزەنگی زۆر، خەڵکی ئیدی کێرد گەیوەتە ئێسکانیان و ئامادەن هەموو تێچوویەکی بۆ بدەن. تایبەتمەندییەکی گرینگی ڕاپەڕینی نوێی خەڵکی ئێران ئەوەیە چەخماخەکەی لە کوردستان لێدراوە و کورد پێشەنگایەتییەکەی کرد. ئەمەش بێهۆ نییە. کورد لە ئێران چل و سێ ساڵە قورسایی شۆڕش و بەرەنگاری لەدژی ڕێژیمی لەئەستۆ بووە. زۆرترین سەرکوت، زۆرترین زیندانیی سیاسی، زۆرترین ئێعدام، زۆرترین پەراوێزخستن و پێشێلکاریی مافەکان لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لە کورد کراوە. سەرباقی هەموو ئەوانە دەسەڵات هەمیشە هەوڵی داوە کەلێن و دابڕان بخاتە نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ئێران و ئەو ناکۆکییانە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار بێنێ. بەڵام بینیمان کە دواجار کوردستان بوو بە چاو و ڕووناکایی ئێران" و ئەوە "ژن، ژیان، ئازادی"یە کە لە کوردستانەوە دەبێتە دروشمی سەرەکی بۆ ڕاپەڕین لە سەرانسەری ئێراندا. ئەمانە هەمووی هەنگاوی بۆ پێشەوەن لەپێناو یەکیەتی و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی.

دواجار ئەوەی لە ئێستادا پێویستمان پێیەتی، یەکگری و وشیارییە. وشیاری بۆ ئەو مەبەستە نەهێڵین پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ درز تێخستن لە جووڵانەوەکە سەر بگرێ. یەکگری بۆ ئەوەی بە توانا و هێزی هەموومان بتوانین بە سەر کۆماری ئیسلامیدا سەر بکەوین و کۆتایی بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە بێنین.

# ئەو ڕاپەڕین و بزووتنەوەیە هیچ بەدیلێکی نییە جگە لە ڕووخانی ڕێژیم

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاری سەبارەت بە هێرشی مووشەکیی ڕێژیم بۆ سەر ئۆردوگا و بارەگاکانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ئێران

**خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی ئێران و کوردستان!**

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر بە مووشەک و درۆن هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی ئێمە لە کوردستانی عێراق.

دەزانین ئەمە دەرەنجامی ئاخێز و خرۆشانی یەکگرتووانەی ئێوەیە کە تەنگی بە ڕێژیمە نگریسی کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵچنیوە. دەشزانین کە سەرەڕای سەرکوتی بەربڵاوی خەڵکی خرۆشاو و دەسبەسەرکرانی بەکۆمەڵی چالاکانی مەدەنی و سیاسی، بەتایبەت چالاکانی ژن، نەک هەر نەیتوانیوە لە پانتایی و بەرینایەتی ئەم خرۆشە نوێیە کەم بکاتەوە بەڵکوو لەگەڵ ئازایەتی و چاونەترسی بێوێنە و ورەی بەرزی لاوەکاندا ڕووبەڕوو بۆتەوە.


لەمێژە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەوڵی ئەوە دەدەن ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بە دەستی دەرەکی و پیلانی ئیسرائیل یان هەوڵ بۆ جیابوونەوە و پارچەکردنی ئێران و هتد ببەستنەوە. ئەمجارەش هەراسان لە خرۆشانی خەڵکی ئێران، ئێمەی حیزبە سیاسییەکانی ناوەندی هاوکاری بە بکەر و هاندەری ئەم خۆپیشاندانانە ناو دەبەن، بەڵام خۆی لە هەموو کەس باشتر دەزانێ ئەم هاوپشتی و هاودڵییە گەورە و گشتگیرتر لە جارەکانی پێشووە و ئاکامی ئازار و ناڕەزایەتییەکی دەیان ساڵەی پەنگخواردووە و لەسەر بەستێنی ناڕەزایەتی و سەرکوتەکانی پێشوو ڕاوەستاوە کە لەگەڵ جارەکانی پێشووشدا جیاوازە.

هێرش بۆ سەر ئەو بنکە و بارەگایانەی باخچەی ساوایان و مەدرەسەی لێیە و شوێنی حەوانەوەی خەڵکانی سڤیل و مەدەنییە، پیشاندەری ئەوپەڕی داماوی و داڕمانی ئەخلاقی و سیاسی و دڕەندەیی سەرکردەکانی ڕێژیمە. لەو باوەڕەداین ئەگەرچی ئەنجامی ئەم جووڵە و کردەوە ساویلکانەیە خەسار و زیانمان پێدەگەیەنێ و قوربانیمان لێ وەردەگرێ، بەڵام دڵەکان و دەستەکانی تەبایی و یەکگرتوویی خەڵک لە کوردستان و ئێران پێکەوە گرێ دەدا و پێوەندی ئێمە و ئەوان پتەوتر دەکا. ئەو خەڵکەی کە دروشمی "کوردستان چاو و ڕووناکی ئێران"، یا "ژن، ژیان، ئازادی"یان دەوتەوە، دڕوویان لە چاو و خەنجەریان لە دڵی کۆماری ئیسلامی وەشاند.

ئەو ڕاپەڕین و بزووتنەوەیە هیچ بەدیلێکی نییە جگە لە ڕووخانی ئەم ڕێژیمە دژە خەڵکییە. هێرشی درۆن و مووشەک بە ناڕەزایەتی و خرۆشانی جەماوەر وەڵام وەردەگرێ و یەکڕیزیی سەراسەری لە ئێران و کوردستان بەدوای خۆیدا دێنێ. هەر بۆیە داوا لە هەموو خەڵکی ئێران و کوردستان دەکەین بەرامبەر بەم دڕەندەییەی سەرکوتگەرانی ڕێژیم ناڕەزایەتی دەربڕن. یەکیەتیی و یەکڕیزیی خۆیان لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکان پەرە پێ بدەن و گرینگی بە درێژەدانی ئەم ڕاپەڕینە بدەن.

داوا لە ئازادیخوازان و سەرجەم ناوەندە نێونەتەوەیی و مافی مرۆییەکان و هەروەها ڕای گشتیی جیهان و دەوڵەتان دەکەین لەهەمبەر ڕێژیمی تێرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی ناڕەزایەتی دەربڕن و یارمەتیدەر و هاوکاری خەڵکی کوردستان و ئێران بن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی**




# توانای مووشەکیی کۆماری ئیسلامی و پێگەی حیزبی دێموکرات!

عومەر باڵەکی

لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا شەقامی شارەکانی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بوونە چەقی ململانێی نێوان خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە چەنگ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەلایەک و هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو نیزامە لەلایەکی دیکە. ئەو ناڕەزایەتییانە بە بڵاوبوونەوەی کوشتنی حکوومەتیی کچە کوردێک لە تاران بە ناوی ژینا ئەمینی لە سەردەستی پۆلیسی "گشت ارشاد" دەستیان پێ کرد.

کوشتنی ژینا ئەمینی بەپێی هەموو پێوەرەکانی یاسایی "قەتڵی حکومەتی"یە، چونکە ئەو تیمەی لەژێر ناوی پۆلیسی ئەخلاق (گشت ارشاد) بە شەقامەکانی تاران و ئێراندا دەخولێنەوە و کچ و ژنان بە بیانووی ڕەچاونەکردنی "حیجاب" دەسبەسەر دەکەن، خۆیان بەپێی نێوەڕۆکی یاسا و ڕێسای بنەڕەتیی ئێران ناقانوونین و لە هەمان کاتدا لە هیچ بڕگەیەک لە یاساکانی بەردەست لە ئێراندا "حیجاب" واتا ڕووپۆشی ژنان پێناسەی بۆ نەکراوە کە بگوترێ و بنووسرێ مەبەست لە "حیجاب" ئەو خاڵانەیە. هەرچەند بەپێی عورف و شەرعیش ناتوانرێ پێناسەیەکی وا گشتگیر بۆ "حیجاب" بکرێ، چوونکە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، جیاوازیی دابونەریت و تەنانەت شێوازی تێڕاونین بۆ دین و ئایینیان تێدا بەڕوونی بەرچاو دەکەوێ، بۆیە هیچ یاسادانەرێک ناتوانێ بۆ ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە دابونەریتی کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە هەیە لە یەک بڕگەی قانوونیدا جێگایان بۆ بکاتەوە و چاوەڕوانیی هەبێ کە خەڵکیش ڕەچاوی ئەو قانوونانە بکا و پەسندیان بکات.

لەو قۆناخەی مێژووی ئێراندا خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئەم جوغرافیا پانوبەرینە بە چەندین نەتەوەی جیاوازەوە کە ماوەی ۴۳ ساڵە بە دەست سەرکوت و زوڵم وزۆرداری دەزگای ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامییەوە دەناڵێنن، مەرگی ژینا بوو بە چەخماخەی ڕاپەرینی سەرانسەری لە نزیک بە تەواوی شار و شارۆچکەکانی ئێران، کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ڕاپەرینە جەماوەرییەدا وەک هەموو کات ئاوانگارد و پێشەنگ بووە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاکانی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە وەک جارانی پێشوو هەوڵیان دا لە ڕێگای دەزگای پروپاگەندە و تەبلیغی خۆیانەوە ڕیزی گەلانی ڕاپەریو لە زوڵم و زۆری درز وکەلێنی تێ بخەن و بە بیانووی نەتەوە و مەزهەبی جیاواز تەفرەقە و دڕدۆنگی بخەنە نێو ڕیزی تاکەکانی گەلانی ئێران. بەڵام بەخۆشیەوە بە هۆی تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی، کۆماری ئیسلامی نەیتوانی لەو پیلانەدا سەرکەوتن بەدەست بێنی و کورد، ئازەری، بەلووچ، فارس، عەرەب و ئایین و ئایینزاکانی جۆراوجۆر بەیەک دەنگ و بێ جیاوازی کەوتنە پشتگیریکردنی یەکتر و ئەو یەکگرتووییە بە تەواوی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنگەتاو کردووە. ئەوجار هێزەکانی سەرکوت هاتنە مەیدان و بەپێچەوانەی هەموو یاسا و ڕێسایەک بەتوندترین شێوە بەگژ خۆپێشاندەراندا چوونەوە و بە تەقەی ڕاستەوخۆی چەکی گەرم، گازی فرمێسکڕێژ، ئاوی کوڵیو و هەموو کەرەسەیەکی سەرکوت و داپڵۆسین دەستیان لە هیچ کەس نەپاراست و شەقامەکانی ئێران و کوردستانییان کە بە شێوەیەکی هێمنانە و ئاشتیخوازانە لەسەر شەقامەکان بوون، بە خوێن سوور کرد و هیچ ڕێگایەکیان بۆ خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام نەهێشتۆتەوە بێجگە لەوە کە بە دەستی بەتاڵ و تەنیا بە دار و بەرد و مشت بەرگری لە خۆیان بکەن. خاڵی جێی سەرنج ئەمەیە هەتا پەرچەکرداری هێزە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی توندوتیژتر دەبێ، هەڵوێستی خەڵکی ڕاپەریویش لە ڕووبەڕووبوونەدا توندتر و ڕادیکاڵتر دەبێ و تەنانەت حەشیمەتی ڕاپەڕیویش زیاتر دەبن.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ۴۳ ساڵی ڕابردوودا هەموو کات هەوڵیان داوە قەیرانەکان بە خولقاندنی کێشە و ئاڵۆزی چارەسەر بکەن و لە هەمان کاتدا گەلانی ئێران لە دوژمنی دەرکی بترسێنن، بەتایبەتی لەکاتی تەنگانەی وەک ئێستایاندا دەنگۆی جیابوونەوە و مەترسی لە سەر تەواوییەتی ئەرزی ئێران بڵاو دەکەنەوە و تەنانەت وەک پاساو بۆ هێرشی مووشەکی و دڕۆنی بۆمبڕێژکراو بۆ سەر شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کاری بێنن. ئەوە لە حاڵێکدایە بە قسەی خۆیان سپای زەفەرمەندی پاسداران! زیاتر لە ۳۰ ساڵە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی مونحەل و تەفروتونا کردووە و ئاسەواری لێ نەهێشتۆتەوە و بە دروستکردنی دەیان فیلم و سریال و کتێب و بیرەوەری پڕ لە درۆ و دەلەسە باس لە جێگەوپێگەی نەبووی خۆیان لە کوردستان دەکەن. بەڵام لە ماوەی چوار ساڵدا سپای پاسداران -باڵی نیزامیی کۆماری ئیسلامی- دوو جار بۆ لێدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات هەموو یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی لەژێر پێ ناوە و بە پێشکەوتووترین چەکی سەردەم کە تەنیا لە شەڕی سپای نێوان دوو دەوڵەتی دژ بەیەک بەکار دەبرین، شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبانە دەکاتە ئامانج. هەر ئەوە خۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی ئەو سەدەیە لە ئارادا بووە ویستی کۆمەڵگەی کوردستان بووە و حیزبەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتییان دەکا، ئەو ڕاستییە ئەوکاتە زۆر خۆی دەردەخا ڕێبەران و فەرماندەرانی سپای پاسداران بەئاشکرا لە لێدوانەکانی خۆیاندا دەڵێن، خۆپێشاندان و ڕاپەرینی ئەوجارەی گەلانی ئێران کە دەستپێکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بوو، بە هاندانی حیزبە سیاسییەکان بووە. بە واتایەکی دیکە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوایان لە خەڵکی کوردستان کردووە کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بە کوشتنی ژینا ئەمینی بڕژێنە سەر شەقامەکان و دەنگی ناڕەزایەتی بە ڕادەیەک بەرز بکەنەوە بە گوێی هەموو گەلانی ئێران و جیهان بگا. لەوەدا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەڵەیان نەکردووە کە ناوەندەی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران داوایان لە خەڵکی کوردستان و ئێران کردووە ناڕەزایەتی خۆیان بەو کردەوە قێزەونە و دوور لە هەموو پێوەرەکانی ئینسانی دەربڕن، ئەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تێیدا ناڕاستن و نایانهەوێ دان بەو ڕاستییە دابنێن ئەوەیەکە دوای ۴۳ ساڵ بەو هەموو کوشتن و تیرۆر، ئێعدام و دەسبەسەرکردن و داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا نەیتوانیوە لە کوردستان دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان بسەپێنن و لە بواری ئەمنییەتییەوە سەقامگیر بن لە هەمان کاتدا جێگە و پێگەی حیزبە سیاسییەکان لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز بکەن.

هەروەک پێشتر باس کرا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیان هەر کاتێک لە نێوخۆی ئێران تووشی قەیران بووبن، هەوڵیان داوە بە خولقاندنی کێشە و ئاڵۆزی و ئاژاوە لە دەرەوەی سنوورەکان بیروڕای گشتی ئێران بۆ لای ئەو قەیرانە دەستکردانە ڕاکێش بکەن. لەو قۆناخەدا کە کۆمەڵگەی ئێران بە هەموو چین و توێژەکانی زیاتر لە بیست ڕۆژە بەدژی تەواویەتیی کۆماری ئیسلامی هاتوونەتە سەر شەقامەکان و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" پایەکانی ئەو نیزامەیان وەلەرزە خستووە، حاکمانی تاران بە جێگای ئەوەی گوێ لە قسەی خەڵک بگرن و ویست و داخوازییە ڕەواکانیان وەدی بێنن، لە لێدوان و قسەکانیان خەڵکی ڕاپەڕیو بە یاخی و گێرەشێوێن و دوژمنی دین و دنیا ناویان دەبەن و فەرمان بە هێزی سەرکوتکەر دەدەن بە توندترین شێوە بەرەنگاری خەڵکی مافویست و ئازادیخواز ببنەوە، لەگەڵ ئەو سەرکوتە بێبەزەیانەی خەڵک، دامودەزگای ئەمنی و پۆلیسی کۆماری ئیسلامی لە پڕۆپاگەندەی خۆیاندا هەوڵیان داوە ئەو ڕاپەرینە جەماوەری و سەرانسەرییە بە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئیسرائیل و ئەمریکا ببەستنەوە و بە بیانووی ئەوە کە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەیانهەوێ تەواویەتیی ئەرزی ئێران بخەنە مەترسییەوە هێرش دەکەنە سەر بنکە و بارەگاکانیان کە ئەم قسە و باسانە بەتەواوەتی لای هەموو لایەک سواویتنەوە و کەلکیان نەماوە و ڕاستییەکان لای خەڵک ڕوون و ئاشکران. بە قسە و لێدوانە فەرمییەکانی فەرماندەرانی سپای پاسداران لەو هێرشانەدا زیاتر لە حەفتا مووشەکی دوورهاوێژ و دڕۆنی خۆتەقێن کەڵکی وەرگرتووە و بە خەیاڵی خۆی هەر وەک چوارساڵ لەوە پێش کە لە ۱۷ی خەرمانانی ۱۳۹۷بە حەوت مووشکی بالستیک و دەیان هێرشی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان هێرشی کردە سەر بنکە و بارەگا و شوێنی نیشتەجێ بوونی ژن ومندااڵنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەوەستێنێ، بەڵام دیتمان هەم ئەوکات لە ۲۱ی خەرمانان و هەم ئەم جارە لە ۹ی ڕەزبەر خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان بە گوڕوتینەوە پێشوازییان لە بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کرد و بە داخستنی دووکان و بازار و نەچوونەسەر کار، گشتپرسی "نا" بە کۆماری ئیسلامییان دووپات کردووە.

لەم دوو مانگرتنەدا و هەروەها مانگرتنی ۲۸ی خەرمانان بۆ مەحکوومکردنی کوشتنی ژینا ئەمینی بە سەرجەم دنیا نیشان درا بە هەموو ئەو سەرکوت و زەبروزەنگەی لە ماوەی ۴۳ ساڵی ڕابردوودا دەزگای ئەمنی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان کردوویەتی و دەزگای تەبلیغی ئەو نیزامە هەوڵی داوە پێگەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو بیروڕای گشتی خەڵکی کوردستان و ئێران لاواز بکا، سەرکەوتوو نەبووە بەڵکوو بە پێچەوانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ هەستی نەتەوایەتی، نیشتمانپەروەری، خاک خۆشەویستی و گەلدۆستی لە گەشەکردندا بووە و هاوکات لەگەڵ ئەو گەشەکردنە پێگەی جەماوەریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەربەرینتر و سەقامگیرتر بووە و ئەوە نیشانەی سەرکەوتنی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانە لە دوارۆژێکی نزیکدایە.

## وێستگە

# "ژن، ژیان، ئازادی" دروشمێک بۆ ڕزگاری

ئاسۆ مینبەری

ئەو ڕۆژەی کە "ژینا ئەمینی" بۆ سەفەرێکی چەند ڕۆژە ڕووی لە تاران کرد و لە کاتی دەسبەسەرکرانیدا بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد، وتی ئێمە لێرە غەریبین، نە خۆی و نە هیچکەسی تریش بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ناوی ژینا ئەتوانێ ببێتە مانشێتی گرینگترین ڕۆژنامە و هەواڵدەرییەکانی جیهان و ڕاپەڕینێک وەڕێ بخات.

مەرگی تراژیکی ژینا توانیی ببێتە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ژنانی ئازادیخوازی کوردستان و ئێران، مەرگێک کە دەکرێ بڵێین هەوێنی لەدایکبوونەوەی هزری مرۆڤتەوەرانەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەنیسبەت پرسێکی گرینگ بوو، پرسێک کە نەک تەنیا کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران، کە هەموو سنوورەکانی جیهانیشی بەزاند و بە دروشمی "ژن، ژیان؛ ئازادی" لە هەموو وڵاتانی جیهاندا دەنگی دایەوە.

ڕوونە کە کۆمەڵگەی ئێران ساڵانێکی زۆرە لەگەڵ سەدان کێشەی جیاوازی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ... بەرەوڕوویە و هەر جارە یەکێک لەم هۆکارانە، هەوێنی سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییە جۆراوجۆرەکان بوو. بەڵام ئەمجارە مەرگی ژینا بوو کە هەموو کۆمەڵگەکەی هێنایە سەر شەقام و بەپێچەوانەی جارەکانی پێشوو، پێشەنگایەتییەکەی لە ئەستۆی ژنان بوو و بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕین، ڕاپەڕینێک کە لە کوردستان سەری هەڵدا، ژنانی لە شارە جیاوازەکانی کوردستان و ئێرانیش هێنانە سەر خەت و دواتر وای لێ هات کە چین و توێژە جیاجیاکانی وەک مامۆستایان، قوتابییان و خوێندکارانیش وێڕای باقی خەڵکەکە و وەک توێژی دیار و بەرچاوی کۆمەڵگە هاتنە سەر شەقامەکان تا داوای مافی زەوتکراوی خۆیان بکەن.

دروشمی "ژن، ژیان ؛ ئازادی" بوو بە "زن، زندگی، آزادی" و شەقامەکانی شارەکانی ئێرانی تەنی، بوو بە "Freedom، Life، و Woman" و "نساء، حیاة، حرية" بەم شێوەیە وڵاتانی دیکەشی گرتەوە و ئەو پەیامەی بە گوێی جیهان گەیاند کە ئەمجارە خەریکە شۆڕشێکی ژنانە لە ئێراندا سەرهەڵدەدات کە توانیویە جیهانیش لەگەڵ خۆی ڕێک بخات.

لەم نێوانەدا ئاستی وشیاریی ژنان یەکێک لەو خاڵە گرینگانەیە کە دەبێ بایەخی تایبەتی پێ بدرێت، چونکە بەپێچەوانەی هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بێدەنگکردنیان، ئەوە ئەمجارە ژنانن کە بە هاوار و دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان، کۆمەڵگەیان لە خەوی بێئاگایی وەخەبەر هێناوەتەوە و بەگژ بیری دواکەوتووی ئاخوندەکانی ڕێژیمدا دەچنەوە.

ئەو بزووتنەوە و ڕاپەڕینەی کە ئێستا لە کۆمەڵگەدا سەری هەڵداوە و بە ناوی "شۆڕشی ژینا" ناوی لێ دەبەن، سەرهەڵدانێکی زۆر جیاواز لەوانەی ڕابردووە، هەر بۆیە بێگومان دەسکەوتەکانیشی دەبێ زۆر زۆر جیاواز بن.

بە پێچەوانەی ڕابردوو کە ناڕەزایەتییەکان لە شارێک سەریان هەڵدەدا و ئامانجەکەیان چارەسەرکردنی هەندێ پرسی ئابووری یان کۆمەڵایەتی بوو، ئەمجارە ناڕەزایەتییەکان چوونەتە قۆناغێکی نوێوە و بوونەتە ڕاپەڕین، لە هەموو شارەکاندا ئەم ڕاپەڕینانە بەردەوامن و هەموو چین و توێژەکان تێیدا بەشدارن، ئەمجارە بە پێچەوانەی جاران دروشمەکان باس لە سێ چەمکی گرینگ دەکەن، "ژن" کە بە درێژایی ۴۳ ساڵی ڕابردوو بەردەوام لەلایەن ڕێژیمەوە چەوساوەتەوە و هیچکات دەرفەتێکی لەم چەشنەی بۆ خۆنیشاندان و دەنگهەڵبڕین نەبووە، "ژیان" کە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە لە خاچ دراوە و ئەوەی کە مانای نەبووە ژیانی سەردەمیانە بووە، لە کۆتاییشدا "ئازادی"، بووکی هیوای گەل کە لە ساڵانی ڕابردوودا بە گشتی لە کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانیشدا هیچکات مانای ڕاستەقینەکەی هەستی پێ نەکراوە.

شۆڕشی ژینا، شۆڕشێکی مۆدێڕنە، شۆڕشێکر لێوڕێژ لە وزە و پۆتانسییێل ، شۆڕشێکی دەگمەنە کە ئەگەر بە ئەنجامی دڵخواز بگات، دەچێتە مێژووەوە و نەوەکانی داهاتوو نەک تەنیا لە کوردستان بەڵکوو لە هەموو جیهاندا وەکوو وانە دەبێ لێی فێر بن.

ئەوەی کە لەم ڕاپەڕینەدا گرینگە، فاکتەرەکانی بەجەماوەریبوون، هاوهەنگاوبوون، هاوهەڵوێستی و لە هەمووی گرینگتر پێشەنگایەتیی ژنانە.

زۆر بابەتێکی سەرنجڕاکێشە کە سەرەڕای هەموو هەوڵەکان بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی ژنان و بەستنەوەیان بە بیری چەقبەستووی ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵات و بەکارهێنانی ئەو هەموو بوودجەیە، ئەوە ژنانن کە دەنگیان هەڵبڕیوە و داوای مافەکانی خۆیان دەکەن، ژنانن کە سینگیان کردووەتە قەڵغان و بە لابردنی ڕووسەری و وەدەرخستنی قژەکانیان پایەکانی دەسەلاتی ڕێژیمیان خستووەتە لەرزە و خەریکن هەیمەنەی پووشاڵیی ڕێژیم ڕادەماڵن بەڵام خاڵی گرینگ لەم ڕاپەڕینەدا ئەوەیە کە ئاراستەی دروشمەکان خەریکە لە ژنانەبوونەوە دەگاتە جێگایەک کە باس لە هاوپێوەندیی نەتەوەکان دەکات، باس لە خواست و ویستی گشتیی کۆمەڵگە دەکات و هەر هەموو ئەمانەش دیسانەوە لە دروشمە بەناوبانگەکەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا خۆیان ڕێک دەخەنەوە، ئێستا ژینا و شۆڕشەکەی بوونەتە هێڵی هزریی کۆمەڵگە و، ئاراستەی کۆمەڵگە لەم ڕێبازەدا بەرەوپێش دەچێت و بە پێچەوانەی هەموو ڕوانگەکان، پیاوان پاڵپشتی ڕاستەقینەی ژنان و داخوازییە ڕەواکانی ئەوان و خۆیانن.


جەماوەریبوونی ئەم ڕاپەڕینانە و سەرهەڵدانی بەربڵاوی خەڵک لە شارە جیاوازەکان، لەلایەک لاوازیی هێزی سەرکوتی بەدواوە بووە و لەلایەکی تریشەوە یەک گوتاری جەماوەری ڕاپەڕیو، هەر خودی ئەم دوو فاکتەرەشن کە ئەتوانن هێزێکی چەند قات بە ڕاپەڕینەکە ببەخشن و هیوای ئەوە بە خەڵک بدەن کە ئەم ڕاپەڕینانە ئامانجەکەیان دڵخواز دەبێ و بە ئاکام دەگات.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە هەرچەند مەرگی ژینا، مەرگێکی دڵتەزێن بوو، بەڵام بێگومان خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی ئێمەدا بەئەژمار دێت و دەتوانێ وەک لە دروشمەکانیشدا هەبوو ببێتە هەوێنی ژیان.

شۆڕشی ژینا نیشانی دا دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، دروشمێکە بۆ ڕزگاری و دەتوانێ کاروانی خەبات بە وێستگەی ئازادی بگەیەنێ.

هەگبەی شاخ و شۆڕش

## خوێنت سروودی سەرکەشی زەمان



## شەهید حەمە ئاسنگەرانی



برایم چووکەڵی

ئەوەی بەلای مرۆڤە مەزنەکان و ئینسانە هەڵکەوتووەکانەوە زۆر زیاتر لە چەمکی بوون یا نەبوون گرینگی پەیدا کردوە، کەیفییەت و بایەخە بەرزەکانی ژیان و ئینسانییەتە کە خود واتایەکی سەدچەندان و پیرۆزی بەم چەمکە بەخشیوە. لای مرۆڤە سەربەرز و ئازادەکان ئەوەی گرینگە چۆن بوون و چۆن ژیانە کە ڕەهەندێکی والاتر بە ئینسان و ئینسانییەت دەبەخشێ کە واتە گرینگ چۆن بوونە، ئەو ڕەهەندە بەرزەی کە لەهەر دەورەیەکدا تەنیا لە سیمای ژمارەیەکی کەم مرۆڤەکاندا خۆ دەنوێنێ.

بە چاوخشاندنێکی کورت بە سەر کارنامەی قارەمانانی هێزی "بێستوون"دا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو هێزە زۆر سیمای ناسراوی تێدابووە کە بە خوێنی خۆیان داری ئازادییان ئاو داوە و تەنانەت ئالای خەباتیان هەرشکاوە ڕاگرت، قارەمانانی وەک شاپوور فیروزی، سالار ئیبراهیمی، محەممەدکەریم نەدیمی، ئەحلە میسری و مینبەرییەکان و سەدان شەهیدی دیکە کە بە خوێنی خۆیان شانازیی خۆڕاگریی نەتەوەیەکیان تۆمار کردووە. لە "هەگبەی شاخ و شۆش"ی ئەمجارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا لاپەڕەکانی ژیانی قارەمانێکی وەک محەممەد محەممەدی ناسراو بە "حەمە ئاسنگەرانی" لە هێزی بێستوون هەڵدەدەینەوە و یاد و ناوی بەرز ڕادەگرین.

شەهید محەممەد محەممەدی ناسراو بە (حەمە ئاسنگەرانی) ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لە ئاوایی ئاسنگەرانی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. بەرەبەرە کە گەورە بوو، کتێبی بەدەستەوە گرت و ڕووی لە قوتابخانە کرد. پۆلەکانی سەرەتایی خوێندنی لە گوندەکەی خۆیان تەواو کرد، بەڵام بەداخەوە وەک زۆربەی منداڵانی ئەو سەردەمەی کوردستان نەیتوانی لەوە زیاتر درێژە بە خوێندن بدا و وێڕای بنەماڵەکەی ڕووی لە کاری وەرزێری کرد و پاشان بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر ڕووی لە شارەکانی ئەهواز و ئابادان کرد.

محەممەد تا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لەو شارانە کاری کرێکاری کرد. پاش هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئاخوندی و دەست بەسەر داگرتنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتایبەتی گەلی کورد لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە، محەممەد خۆی بە بنکەی حیزبی ناساند و یەکێک لەو لاوانە بوو بە هەموو تواناوە ئەرکی حیزبی بەڕێوە دەبرد. کاتێکیش کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر شاری کامیاران، حەمە ئاسنگەرانی لەو کەسانە بوو بۆ دیفاع لە خەڵکی شارەکەی لە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتدا سازمان درا و وەک پێشمەرگەیەکی ئازا بەرگریی لە شارەکەی دەکرد.

دوای گرتنەوەی شاری کامیاران وێڕای هاوسەنگەرانی چیاو دۆڵو شاخەکانی کوردستانی لە دوژمن کردە دۆزەخ و لە چەندین شەڕی قارەمانانەدا وەک شەڕی ماویان، پشتە، ئەلەک، ماراو، کوڕەدەرە، تەختی زەنگیهدا وێڕای هاوسەنگەرانی دەرسێکی باشیان بە هێزی کۆنەپەرەستی دا، و نیشانی دا کە بەڕاستی ڕۆڵەیەکی لێهاتوو، فیداکار و بوێرە.

حەمە لە هاوینی ١٣٦٠ لە شەڕی قارەمانانەی نێوان گوندەکانی "کوڕەدەرە" و "تەختی زەنگی"دا بریندار بوو، و پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی بە ورەیەکی بەرزترەوە گەڕاوە سەنگەر و ئازایانە بەگژ دوژمندا دەچۆوە.

حەمە ئاسنگەرانی بە هۆی لێزانی و هەڵسوورانی بێوچان بوو بە ئەندامی کومیتەی شارستانی کامیاران. ئەو سەرەڕای ئەوەی کادرێکی خۆشەویست لەنێو خەڵک و هاوسەنگەرانیدا بوو، هەمیشە وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان لە شەڕەکاندا بەشداریی دەکرد. ئازایەتی، فیداکاری، بوێری و خۆشەویستی لەنێو هاوسەنگەرانیدا لەو تایبەتمەندییانە بوون کە بوونە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٣٦١ی هەتاویدا لەلایەن کومیتەی کرماشان و هێزی بێستوونەوە وەک فەرماندەری لکی "شەهید نادر" دیاری بکرێ.

شەهید محەممەد ئاسنگەرانی لەو ماوەیەدا وەک فەرماندەیەکی بەتوانا، شیاوی ئەو ئەرکە بوو کە پێی ئەسپێردرابوو. ئەو لەگەڵ هاوسەنگەرانی بە توازوع، ڕووخۆش و زۆر دۆستانە کارەکانی لەگەڵ پێشمەرگەکان بەڕێوە دەبرد. هەر لەم کاتەدا ئەوەندی لەگەڵ پیشمەرگەکان لەسەرەخۆ بوو، سەت هێندە لەبەرانبەر دوژمندا توند و چالاک و هەلمەتبەر بوو.

شەوی ١٦ی جۆزەردان ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی پیشمەرگەکانی هیزی بێستوون و زرێباری مەریوان لە سەعاتی ١١ی شەودا هێرشیان کردە سەر پایەگای دوژمن لە گوندی وێزیەر. شەڕێکی گەرم لەنێوان هێزی پیشمەرگە لەلایەک و هێزی دوژمن لەلایەکی دیکە دەستی پێ کرد. پاش شەڕێکی قارەمانانە زەبرێکی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند. کوڕی تیکۆشەری قارەمان بە فەرماندەیی حەمەی ئاسنگەران هەڵمەتی بۆ دوژمن دەبرد، بەڵام بەداخەوە لە گەرمەی شەڕدا گوللەی جینایەتکاران و خۆفرۆشان سینگی ڕۆڵەی قارەمانی گەلەکەمان فەرماندە حەمەی دڕی و خوێنی پاکی کەوتە سەر خاکی پاکی کوردستان.

هەر چوارتەنیشتی گیرابوو
لەسەنگەرێکدا بە تەنێ
ئەو لاوەی بەڵێنی دابوو
هەتاکوو مردن چەک دانەنێ

دیسان خوێنی قارەمانێک
نەخشاندی ڕێگای ڕزگاری
دیسان لاپەڕێکی ڕەشتر
کەوتە سەر مێژووی زۆرداری

لەنێو خوێندا دەتلێتەوە
لاوی بەزیپک و بە سبات
بەڵام هەروا دەچێتە پێش
بێوچان کاروانی خەبات

# خوێنی "ژینا"ی کورد ڕژاوەتە نێو گەرووی کاربەدەستانی ڕێژیم و خەریکە بیانخنکێنێ



مستەفا شەڵماشی

بەهۆی شەهیدبوونی کچێکی لاوی خەڵکی شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی تیمەکانی "گەشتی ئیرشاد"ی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕاپەڕین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێ کرد. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەوەخت و بەجێ مانگرتن و خۆپێشاندانی ڕاگەیاند و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاتنە سەر خەت و پشتیوانییان لە مانگرتن و خۆپیشاندانەکان کرد. خەڵکی تێکۆشەر، زیندوو و دڵسۆزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەڵامی بانگەوازی حیزبەکانیان دایەوە و دوکان و بازاڕ لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، گاڵە دران.

وەڵامدانەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە داوای حیزبە کوردستانیەکان بۆ مەحکومکردنی ئەو جینایەتەی ڕێژیم ئەوەندە بەربڵاو و بەهێز بوو کە لە ماوەی بیستوچوار سەعاتدا تیشکی هاویشت بۆ شەقامەکانی زیاتر لە سەد شاری گەورەی ئێران بە تارانی پایتەختیشەوە. درووشمی زۆر بەجێ وگشتگیری "ژن، ژیان، ئازادی" بوو بە دروشمی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە هەموو چین‌وتوێژ و گرووپبەندییە سیاسیەکانیەوە و تەختی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەلەرزە خست. هەروەها کچە شەهیدی کورد ژینا "مهسا" بوو بە ڕێبەر و پێشەنگی خەبات بۆ کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی ئێران. جگە لەوە ناوی ژینا لەنێو مێدیای کوردی، ئێرانی و جیهانیدا لاپەڕەکانی یەکەمی مێدیا و سۆشیال مێدیای بۆخۆی داگیر کرد.

لە ماوەیەکی کەمدا شەقامەکانی زۆربەی نیزیک بە تەواوی شارەکانی ئێران بوون بە مەیدانی بەربەرەکانێی لاوەکانی ئێران لەگەڵ هێزەکانی ڕژیم. خوێندکارەکانی زانستگاکان، وەرزشوانان، کەسایەتییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان، کەسایەتییە سیاسیەکان، ڕۆژنامەنوسەکان و بەشێکی بەربڵاو لە کەسایەتیە ناسراوەکان پشتیوانییان لە خۆپیشاندان و مانگرتنەکان کرد و بە دەربڕینی مێدیایی، لە مەیدانەکانی تۆپی پێدا، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لە هەر ڕێگایەکی دیکەوە کە بۆیان گونجاو بوو، پشتیوانیی خۆیان لە ڕاپەڕینی بەربڵاو وشکۆداری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستان دەربڕی. لە دەرەوە دیاسپۆرای کوردی و ئێرانی دەستی کرد بە چالاکی لە شەقامی ئوروپا و ئامریکادا و هەر لە کاناداوە تا ئوستورالیا خۆپێشاندانی هەزاران و تەنانەت دەیان هەزارییان پێکهێنا. تەنیا لە ڕۆژی شەممە، ٩ی ڕەزبەردا لە نیزیکەی دوو سەد شاری گەورەی جیهاندا خۆپیشاندانی بەشکۆ کرا. ژمارەی خۆپیشاندەران لە تۆرنتۆی کانادا تەنانەت لە پەنجا هەزار کەس تێپەری و لە زۆربەی شارەکانیش بە هەزاران، یا دەیان هەزار بوو.

یەکەم چەخماخەی ئەو ڕاپەڕینە بەشکۆیە، بەهۆی شێوەی بێبەزەییانە کوشتنی کچە لاوێکی سەقزی کە بۆ دیتنی پایتەختی وڵاتەکەی و بۆ چەند ڕۆژێک لەگەڵ براکەی سەفەری کرد بوو و تەنیا بە بیانووی بەدەرەوە بوونی بەشێک لە قژی شەهید کرا ، لێ درا. بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە بڕیاری لێبڕاوانە و بەوەختی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و پشتیوانیی حیزبە کوردستانیەکانی دیکەش لە مانگرتن و ڕاپەڕین، ڕۆڵێکی واتاداریان هەبوو لە وەڕێخستنی ئەو ڕاپەڕینە و گەورەکردنەوە و هاندانی بەرەو ئاستی شۆڕشێکی تازە لە ئێراندا. هەر بۆیە ڕێژیم هێندەی دیکە ڕق و تووڕەیی لە حیزبە کوردستانیەکان هەڵگرت و وەک هەمیشە وەڵامی جووڵانەوەی مەدەنیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە موشەکباران و بۆمبارانی فڕۆکەی درۆن بۆ سەر بنکە و بارەگا و کامپەکانی حیزبە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایەوە و بەزەیی بە منداڵی قوتابخانەشدا نەهاتەوە و قوتابخانەشی کردە ئامانجی مووشەکەکانی.

بەداخەوە لەو کردەوە جینایەتکارانەیەدا ١٧ کەس شەهید بوون کە ژنی دووگیان، منداڵی دوو ڕۆژە و ژنی بەتەمەنی تێدا بوو، هەروەها زیاتر لە پەنجا کەسیش بریندار بوون.

ئەو ڕاپەڕینە بوو بەهۆی تەقینەوەی ڕق و قینی چەندین ساڵەی کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران. چین و توێژە جۆراوجۆرەکان بە بیر و بۆچوونی جیاوازەوە لە دەوری ژیلای کورد و درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" کە لە کوردستانەوە کەوتە سەرزاران، کۆ بوونەوە. کۆمەڵانی خەڵک بە تێکڕایی خۆیان لە خۆشەویستی بۆ ژینا و ئەو دروشمەدا دیتەوە کە ویستی هەموویانی تێدا بوو. ژنانی ئێران کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەوە کەوتبوونە بەر زەبرو زەنگی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت مافی هەڵبژاردنی جۆری لیباس لەبەرکردن و دەسەڵات بەسەر جەستەی خۆشیان لێ وەرگیرابۆوە، لە یەکەم وشەی دروشمەکەدا وێنا کران و لە دوو وشەکەی دیکەدا بەڵێنی وەرگرتنەوەی مافەکانیان پێ درا. دووەم وشە و سێهەم وشەی درووشمەکە، واتە ژیان و ئازادی، ویستی هەموو کۆمەڵانی خەڵکن. خەڵک نان و ئازادیی دەوێ، تا بە سەربەستی بژی. بەڵام دەزانێ کە لە کۆماری ئیسلامیدا هەرگیز ئازادی نابینێ و بەو هەموو ئاژاوەگێڕی و تیرۆریزمەی کۆماری ئیسلامی کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانیشدا وەڕێی خستوە، هیچ کاتێک ناتوانێ خاوەنی ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمە بێ. هەر ئەوەش وای کرد کە دروشمەکانیش توندتر بن و سەری نیزامی کۆماری ئیسلامی بکەنە ئامانج و سەرەڕای دووپاتەکردنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، دروشمی بمرێ خامەنەیی و بمرێ کۆماری ئیسلامییش دووپاتە بوونەوە.

بەرهەمی ئەو بەدەنگەوە هاتنەی کوردستان بووەتە هۆی پێکهاتنی یەکیەتییەکی بێوێنە لەنێو هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزا جیاکانی ئێراندا. ئەو هەوڵەی ڕێژیم بە درێژایی مێژووی چلوسێ ساڵەی خۆی داویەتی تا گەلانی غەیرە فارس بە تەجزییەتەڵەب تۆمەتبار بکا و فارسەکان بە مەترسیی دابەشبوونی ئێران بترسێنێ، هەمووی بوو بە بڵقی سەر ئاو و لە شەقامەکانی تاران و تەورێزدا دروشمی "کردستان، چشم و چراغ ایران" دەنگی دایەوە و گەلی ئازەری لە شەقامەکانی شارە گەورەکانیدا بە پێچەوانەی ویستی کاربەدەستانی ڕێژیم هاواری کرد، کورد برامانن و پشتیوانیانین.

هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە تا ئەوڕۆش کاربەدەستانی ڕێژیم شۆکە بوون و نەیاندەزانی و نازانن چ بڵێن و چ بکەن. تەنیا شتێکی کە لەلای خۆیان شکی دەبەن و هەمیشە کەڵکیان لێ وەرگرتوە و تا ئێستاش بە کاری دێنن، سەرکوتکردنی ئەو کەسانەیە کە دێنە سەر شەقامەکان و تا ئێستا لەو سەرکوتکردنەدا لانی کەم سەد و پەنجا خۆپێشاندەر لە شەقامەکاندا شەهید بوون و بە سەدان کەسیش بریندار بوون؛ هەروەها بە هەزاران کەس خراونەتە نێو سیاچاڵەکانی زیندانەوە.

دوی دوو حەوتوو خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە شاشەی مێدیاکاندا خۆ وەدەرخست و لە کاتێدا دەنگی نووسابوو، هێندێک وەڵامی کۆنی بۆ ئەو پرسیارانەی تازە لە سەری کەڵەکە بوون، لە ساکە ڕزیوەکەی دەرهێنان و دووپاتی کردنەوە. خۆپیشاندەرانی بە نۆکەرانی دەزگای هەواڵگریی ئامریکا و ئیسڕائیل لە قەڵەم دا و حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوەی کورد و نەتەوە بەشخوراوەکانی دیکەی ئێرانی وەک تەجزیەتەڵەب ناو برد. خوێنی ژینا قوڕگی گووشیبو و باش قسەی بۆ نەدەکرا و جگە لە لێدانەوەی قەوانە کۆنەکە و هێندێک مەزلومنمایی بۆ هێزە سەرکوتکەرەکانی، وەک سپای پاسداران و بەسیج کە گۆیا خەڵک زوڵمی لەوان کردووە، هیچ قسەیەکی دیکەی بۆ گوتن پێ نەبوو. دیارە زەبوونانە دیسان هەڕەشەشی کردنەوە و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕاسپارد کە بە حیسابی هەموو ئەو کەسانە بگەن کە لە خۆپیشاندانەکاندا بون، دەستیان هەبووە، یا پشتیوانیان لێ کردوون.

ئێستا ڕاپەڕینە مەزنەکە لە شۆڕش نیزیک بووەتەوە. گومان لەوەدا نییە کە ئەوەندە بەربڵاو و گەورە بۆتەوە کە ڕێژیم پێی کۆ ناکرێتەوە. ئاساییە ئەگەر هەڵکشان و داشکانی هەبێ و زۆریش ئاستەمە ڕۆژی سەرکەوتن دیاری بکرێ، بەڵام بێگومان دەتوانین بڵێین کە ئەم بڵێسەیە تازە ناکوژێتەوە. چوونکە چەند تایبەتمەندییەکی تێدایە کە لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی پێشوودا نەبووە.

یەکەم: هێزی شۆڕش و ڕاپەڕین لاوە تازە پێگەیشتووەکانی دەیەی هەشتان. ئەو نەوەیە سەرەڕای نەترسانی، بە هۆی چالاکبوونی لە سۆشیال مێدیادا شارەزایی لە خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی دژواردا هەیە و دەتوانێ زوو خۆی بگۆڕێ. جگە لەوە نەوەیەکە کە بەهاسانی لە مەیدان وەدەر نانرێ. ئاخرەکەی دەتوانێ پشتیوانیی دایک و بابەکانیش بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و کارەکە یەکسەرە بکا.



دووەم: یەکیەتییەکی بێوێنە لەنێو گەلانی ئێراندا پێکهاتووە. وێدەچێ ترسی دابەشبوونی خاکی ئێران بە دوای گۆڕانی ڕێژیمدا بە یەک شەو تواوەتەوە و کۆمەڵانی خەلکی ناوەندنشین چیدیکە بەو درۆیەی ڕێژیم ناخاپێنرێن و ئەوەش دەبێتە هۆی یەکگرتن و هاوکاریکردن و دروستبوونی ئاڵتەرناتیڤ بۆ ڕێژیمی ئاخوندەکان.

سێ: بەهۆی مانگرتنەکانەوە چینی مامناوەندی و بازاڕی دێتە نێو شۆڕشەکە و بە دوای منداڵەکانیدا دەکشێ و ناتوانێ چیدی بێ پشتیوان لە شەقامدا بەجێیان بێڵێت.

چوار: بە درێژبوونەوەی ناڕەزایەتییەکان هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیم ماندوو دەبن و شک و گومانیان تێدا دروست دەبێ. ئەوان کە زۆرتر بە خاتری ئیمکاناتی ماددی ڕەگەڵ ڕژیم کەوتوون، بەرەبەرە لە مانەوەی ڕێژیم وەشک دەکەون و پشتی بەر دەدەن و هەڵدەوەرن.

پێنج: دیاسپۆرای ئێرانی و کوردی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر و باشتر دێنە مەیدان و بە تەوژمێکی زۆرترەوە شوێن لەسەر بیروڕای گشتی وڵاتان دادەنێن و بڕیاردەرانی وڵاتە شوێندانەرەکان هان دەدەن کە پێداچوونەوە بە سەر پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەنەوە و چیدی ئەو ڕێژیمە بە نوێنەری خەڵکی ئێران نەزانن. تەنانەت خەریکن سیاسەتەکانیان بە نیسبەت ڕێککەوتنی "بەرجام"یش بگۆڕن.

شەش: ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بە ناوەندگەرا و نوێنەرانی نەتەوە ژێر دەستەکانی ئێرانەوە، گەیشتوەتە ئەو ئەنجامە کە پێویستە هەرچی زووتر یەک بگرێ و ئاڵتەرناتیڤێکی دێموکڕاتیک بۆ ڕێژیمی ئاخوندەکان پێک بێنێ. ئێستا لە هەر کاتێک زیاتر هەمولایەک ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە بە پاراستنی بۆچوون و تایبەتمەندییەکانی خۆیانەوە لەگەڵ هێزەکانی دیکە یەک بگرن بۆ تێپەڕبوون بەسەر کۆماری ئیسلامیدا. ئیدی بۆ کەس ئەو شک و گومانە نەماوە کە کۆماری ئیسلامی ڕەنگە بتوانێ هێندێک شت بگۆڕێ. بۆیە ئیسڵاحتەڵەبی و دڵخۆشکردن بە ئیمکانی ئاڵوگۆڕ لەنێو ڕێژیمدا هیچ نەماوە. ئێستا هێزەکان بە تەواوەتی لە دوو بەرەدا جێ دەگرن: بەرەی کۆماری ئیسلامی و بەرەی خوازیارانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی.

تازە خوێنی ژینا گەرووی گرتوون و لە کۆڵیان نابێتەوە هەتا نەیانخنکێنێ.

# ناڕەزایەتیەکان؛
# دوو جیاوازیی گرینگ، بزووتنەوەیەکی گشتی و هەنگاوێک بۆ ئینقلاب



د. ئازاد محەممەدیانی

**ناڕەزایەتییەکانی ئەم جارەی کوردستان و ئێران کە زۆر هەمە چەشنە، بەپێی گرینگی و سروشتی جیاوازی خۆیەوە، هێندێک تایبەتمەندی بە ڕوخساریەوە دیارە کە نیشاندەری هەنگاوێک بەرەو پێش و قۆناغێکی نوێ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلانی ئێرانە بە یارمەتیی بزووتنەوە جیاوازە کۆمەڵایەتیەکان. دوو تایبەتمەندیی دیاری ئەم ناڕەزایەتیانە توانیویەتی سروشتێکی پێ ببەخشێ کە هەر کارناسێک پێی وابێ هەنگاوێکی نوێیە لە خەباتی دێموکڕاسیخوازیی گەلانی ئێراندا.**

**بەرینایەتی و قووڵایی ئەم ناڕەزایەتیانە، دوو تایبەتمەندی دیارن کە پێویستە ڕاوەستەیەکیان لە سەر بکەین.**



### بەرینایەتی:

مەبەست لە بەرینایەتی، بەرینی جوغرافیایی ئەم ناڕازەتییانەیە. دوای ڕووداوەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری ساڵی ١٣٧٨، بەردەوام جۆرێک کەشی ناڕەزایەتی لە ئێراندا بوونی هەبووە کە هەر جارەی لە شوێنێک و بە جۆرێک سەری هەڵداوە و ئێشی بە دەسەڵات گەیاندووە، پاشان بزووتنەوەی سەوز لە ١٣٨٨دا سەری هەڵدا کە بووە هۆی تێوەگلانی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ئێران، بەتایبەت لە شارە گەورەکانی وەک تاران، ئیسفەهان، تەورێز، شیراز و چەند شاری دیکە کە نیشانەی بەرچاوی جۆرێک ئێعترازی جەماوەری بوو کە تا ئەوکات کۆماری ئیسلامی بەخۆیەوە نەدیبوو. دواتر ناڕەزایەتییەکانی زستانی ١٣٩٦، هاوینی ١٣٩٧ و پاییزی ١٣٩٨ کە هەرسێکیان هاوشێوە بوون و وەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەکرێ باسیان بکرێ، ڕوویان دا. شۆڕشێک کە بە پێچەوانەی ١٣٧٨ بەرینایییەکی زیاتریان بوو و جوغرافیایەکی زیاتریان بە خۆوە خەریک کردبوو، ئەگەر ٧٨ تەنیا لە تاران و زانکۆی هێندێک شاری گەورەی وک تەورێز بوو، لە ٨٨دا شاری گەورەی دیکەشی گرتبۆوە بەڵام لە ٩٦، ٩٧ و ٩٨ شارە گەورەکانی تێپەڕاندبوو و لە شارە چکۆلەکانی پەراوێزدا ناڕەزایەتیەکان گەرم و گوڕتر بوون. بەڵام جیاوازی گەورەی ٩٦ بەولاوە لە گەڵ ٨٨، ئەوەبوو کە ژماری ناڕازیەکانی سەر شەقام پتر بوون. لە ڕاستیدا ناڕازیانی سەرشەقام پتر بوون لەو ژمارەیەی کە لە ٩٦ و ٩٨دا دەبیندرا. بەڵام لە خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەدا هەم ژمارەی شارەکان پترە لە ٩٦ و ٩٨ هەم ژمارەی کەسانی ناڕازی پترە لە ٨٨، کەواتە لە بواری بەرینایییەوە، ئەم خولەی ناڕەزایەتییەکان، تایبەتمەندییەکانی هەموو قۆناغەکانی ٨٨، ٩٦، ٩٨ی هەیە و لە نەزەر شکڵیەوە دەتوانێ ئولگوویەکی تەحلیلی بێ بۆ تێوەگلانی هەموو جوغرافیای سیاسی ئێران.

لە کوردستانیش هەر بەم شێوەیەیە، ئەگەر لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی شار بڕوانین، هەر جارە و بەشێکی کوردستان بەشدار بوون، کە ناڕەزایەتی و مانگرتنەکان پتر لە پارێزگای سنە و ورمێ دەبیندرا. لە ٩٦و ٩٨دا کرماشان و ئیلام بەشدار بوون، بەڵام لەو دوو پارێزگایەی دیکە واتە سنە و ورمێ کەمتر خۆپیشاندان هەبوو، بەڵام ئەم جارە لە هەر چوار پارێزگای کوردستان خۆپیشاندانی جەماوەری لە ئاردایە سەرەڕای ئەوەیکە مانگرتنەکان بە پێچەوانەی جاران دوو پارێزگای کرماشان و ئیلامیشی گرتۆتەوە کە جاران کەمتر دەبیندران، کەواتە بەرینایی ئەم ناڕەزایەتییانە لە کوردستانیش زیاترە لە جاران و بە درێژی ٤٤ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی ناتوانین وێنەیەکی دیکەی ئاوا بێنینەوە.

### قووڵایی:

مەبەست لە قووڵایی؛ پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستانە، واتە ئاستی قووڵبوونەوەی ئەم ناڕەزایەتییانە لەنێو جۆراوجۆریی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا. ئەگەر بمانەوێ لە بوار ئاستی چین و توێژە جیاوازەکانی بەشداربوو لە نێوان خۆپیشاندانەکانی ٧٨ بەولاوە لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی ئەم جارە هەڵسەنگاندنێک بکەین، دەتوانین بەو ڕاستییە بگەین کە جۆراوجۆریی پێکهاتەکان لەم قۆناغەی ئێستا و ئەوانی پێشوودا جیاوازییان هەیە. ناڕەزایەتییەکانی ٧٨ بنەمای لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا بوو کە چینی مامناوەندی کۆمەڵگەی نوێنەرایەتی دەکرد، چینێک کە لەسەر داوای ئازادیی بەیان و ئازادییە سیاسییەکان هاتبوونە مەیدان، ساڵی ٨٨ کە دەتوانیین بڵێین خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە بەربەرەکانێی خەڵک دژ بە کۆماری ئیسلامی، یەک لە جیاوازترین قۆناغەکانی بزووتنەوەی دێموکڕاسیخوازی ئێرانییەکان بوو، دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆڕ" بۆ یەکەم جار هاتە ئەدەبیاتی سیاسی ئێعتڕازەوە و بەشداریەکی زۆری جەماوەری بوونی هەبوو بە ناوەندێتیی چینی مامناوەندی کۆمەڵگە و بزووتنەوەی خوێندکاری وەک باسکی بەهێزی ئەو چینە، چینی خوارەوەی کۆمەڵگە ئەگەرچی حوزووری هەبوو بەڵام دەسەڵات توانیبووی وێڕای کەمینەی لایەنگرانی خۆی جەزبی دروشمە پۆپۆلیستیەکانی ئەحمەدینژادیان بکات، کەواتە کۆمەڵگەی ئێران لەنێوان دوو باڵی ڕێفۆرمخوازان کە چینی مامناوەندی نوێنەرایەتیی دەکرد و بنەماژۆخوازەکان کە چینی خوارەوەی کۆمەڵگەی نوێنەرایەتیی دەکرد دابەش ببوو کە لەو دیوی ئەم دابەشبوونەدا گۆڕانکاریخوازەکان بوون کە قەتیان کۆماری ئیسلامی قەبووڵ نەبوو یا لانیکەم تازە کەوتبوونە بەرەی ڕووخێنەرەکانەوە، ئەوانە پتر لە کەسانی چینی مامناوەند، چەپەکان، نەتەوەکانی ئێران، ڕووناکبیران و لیبڕاڵەکانی سەردەمی پاشایەتی و نوێخوازەکان پێک دەهاتن کە لە ئێعتڕازەکانی ٨٨دا ببوونە هاوپەیمانی ڕیفۆڕمخوازەکان و لەسەر شەقام و لە فەزای ڕووناکبیریدا لە یەک بەرەدا دژ بە دەسەڵات چالاکییان دەکرد، لەم دەورەیەدا زۆرترین لێتەکینەوە لە دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی ڕووی دا کە بەشێک لە چالاکانی ئەمڕۆ وەک محەممەدی نووریزاد و... لیکەوتەی دۆخی ئەو سەردەمن، دۆخیک کە بە هۆی سەرکوتەکانی دەسەڵات پێش هات و زۆرترین "ڕەوایی‌سڕینەوەی" لە دەسەڵات کرد، چون کەسانێک کە تا دوێنێ هاوپەیمانی حکوومەت بوون ئێستا ببوونە دژبەری دەسەڵات و شێوە دەسەڵاتدارییەکەی، بۆیە دەڵێم خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە خەباتی دێموکڕاسیخوازی کۆمەڵانی ئێراندا. هەر بەو هۆیە تا ئێستاش حکوومەت لایەنگرانی بزووتنەوەی سەوز بە فیتنەگەر ناو دەبا و ئەو کەسانە هەر لەژێر گوشاری دەزگا ئەمنیەتییەکاندان. لە کوردستانیش لەو قۆناغەدا جموجۆڵێکی جەماوەری لە ئارادا بوو کە نموودە سەرەکیەکەی مانگرتنی گشتی و کەموێنەی خەڵکی کوردستان بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵڕۆژی شەهید کرانی دوکتور قاسملووەوە بوو. بەڵام لە کوردستانیش چینی مامناوەندی کارگێڕی سەرەکیی ئەو چالاکییانە بوو. بەڵام کە دەگەینە ٩٦، گۆڕانکاری لە پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگەی ئێراندا ڕوو دەدا؛ کە بە هۆی ڕسووبی سیاسەتە ئابوورییەکانی ئەحمەدینژاد، شکستی بەرجەماکەی ڕوحانی و گەمارۆ کەمەرشکێنەکانی ئامریکا و ڕۆژئاوا لە سەر ئابووریی ئێرانە کە ببووە هۆی چکۆلەبوونەوە و لاوازتربوونی چینی مامناوەندی. لەم دۆخەدا و بە هۆی قەیرانی ئابووری کۆمەڵێک ئێعتڕازی سەیر و سەمەرە شکڵ دەگرێ کە کەموێنەیە هەم لە باری چینی سەر شەقام و هەم جۆری هەڵسوکەوت و دروشمەکانیان، ئەوە شۆڕشی چینی خوارێی کۆمەڵگە بوو کە چینی مامناوەندی کەمتر دیترا، هەر ئەم دۆخە لە هاوینی ٩٧دا بە هۆی دابەزینی بایەخی پووڵی ئێران و گرانبوونی دۆلار دووپات بۆوە، لەم ساڵەشدا چینی مامناوەندی کەمتر دیار بوو ئەگەرچی بازاڕی تاران بەشداریی هەبوو، بەڵام لەسەر شەقام تەنیا گەنجەکانی نەوەی نوێ و چینی خوارێی کۆمەڵگە بوونیان هەبوو.

ساڵی ٩٨ تەواوکەری ئەو شێوەیە لە ئێعتڕاز بوو، لەو دەورەیەدا چینی مامناوەندی دیسان کەمتر لە مەیداندا بوون. بەڵام چینی خوارێی کۆمەڵگە و گەنجەکانی نەوەی نوێ بە توندترین شێوە لە مەیداندان و توندو تیژی دەسەڵات بیوێنەیە. کۆمەڵانێک کە بە هۆی ئابووریی نابەسامان و بێکاری و گرانی دەنگی ناڕەزایەتییان گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆی. بەڵام ئەوەی لەم قۆناغەدا خەریکە ڕوو دەدا وێڕای ئەوەیکە بەگشتی هەم لە باری قەوارە و هەم لە باری دروشم و شێوەی بەشداربوون و پێکهاتەی بەشداربوانەوە جیاوازە، بەڵام هەموو تایبەتمەندییەکانی ناڕەزایەتیەکانی ئێران لە ١٣٧٨ەوەی تێدا دەبیندرێ، وەک ٧٨ بزووتنەوەی خوێندکاری بوونی هەیە و پاش پتر لە یەک دەیە زیندوو بۆتەوە، وەک ٨٨ هەم بزووتنەوەی خوێندکاری بوونی هەیە هەم چینی مامناوەندی وەک ناوەندی خۆپیشاندانەکان لە مەیداندایە، هەم چینی خوارێی کۆمەڵگە و نەوەی نوێ و گەنج وەک ساڵی ٩٦، ٩٧ و ٩٨ حزووریان هەیە. سەرەڕای ئەوانە چەند چینی دیکە وەک سێلێبریتیەکان، هونەرمەندان، وەرزشوانەکان و مامۆستاکانی زانکۆ بەشداری ئەم ڕاپەڕینەن کە برێک لە ٨٨ دەچێ، بەو جیاوازییەی کە ئیدی باسی وەرگرتنەوەی دەنگ و ڕیفۆڕم ناکرێ، بەڵکوو سەرجەم دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تۆمەتبارە و ڕێگەچارە بە ڕووخاندنی دەزانن. لەم قۆناغەدا بازاڕ وەک باسکی سەرەکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لانیکەم تا دە ساڵ لەوە پێش بەشێکە لە هێزی ناڕازی خەڵک بە شێوەیەک کە هاوکاری ناڕازییەکانی سەرشەقامن و ئامادەی مانگرتنن کە لە هێندێک شار جگە لە کوردستان دیتراوە کە نوێنەرایەتیی چینی مامناوەندی و مامناوەندی بۆ سەری دەکەن.

لە کوردستانیش جیاوازییەکی بەرچاو لەگەڵ ڕووداوەکانی پێشوو هەیە، چینی مامناوەندی لە مەیداندایە کە بە دووجار مانگرتنی گشتی حوزووری خۆیان سەلماندووە، چون بازاڕ نوێنەرایەتیی ئەم چینە دەکا. بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردستان هەم لە شارە کوردنشینەکانی وەک سنە، ورمێ و کرماشان و هەم لە زانکۆکانی دیکەی ئێران بەشداری ئەم ناڕەزایەتیانەن، هەم گەنج و نەوەی نوێی کورد و چینی خوارێی کۆمەڵگە لەسەر شەقام حوزووریان هەیە، کە بزووتنەوەی مامۆستایانی قوتابخانەکانیشی پێ زیاد بووە کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا هەر لە مەیداندا بوون و ئێستا پەیوەست بوون بەو ڕاپەڕینە، مانای ئەوە ئەوەیە کە لە کوردستانیش هەموو چین و توێژەکان بە شێوەیەکی مانادار بەشداری ئەم ڕاپەڕینەن.

لە ڕاستیدا ئەم قۆناغەی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە قەوارەی سەرهەڵدانێکی کاتیی بێقەوارە هاتۆتە دەرێ. وەک بزووتنەوەیەکی سەراسەری کە توانیویەتی هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئێران کۆ بکاتەوە بە دروشمی ئیجابی ژین-ژیان-ئازادی ەوە مەیدانداریی بێوێنەترین ئێعتڕازی گشتی خەڵکانی ئێران دەکات. دیارە بەرینایی و قووڵایی ئەم ناڕەزایەتییانە هەم بە هۆی کۆ بوونەوەی هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە و هەم بۆخۆی لە خۆیدا خەریکە دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی زیاتری ئەم بزووتنەوە جۆراوجۆرانە، بە شێوەیەک کە خەریکە قەوارەی بزووتنەوەیەکی گشتی سەراسەری بەخۆیەوە دەگرێ و بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامیە لێک گرێ دەدرێن.

لە دوای ئینقلابی ئێران لە ١٣٥٧دا ئەوە بۆ یەکەم جارە کە ئەو بزووتنەوە جۆراوجۆرانە بتوانن لە دەوری ئامانج و دروشمێکی هاوبەش کۆ بنەوە. لە ڕاستیدا ئەم ڕاپەڕینە بە مانا زانستیەکەی خۆی خەریکە وەک بزووتنەوەیەکی گشتی ڕەوتی سروشتی خۆی بەرەو ئینقلاب دەپێوێ.

---

## زیندان بەزێنەکانی ئێمە



فیرووز مووسالوو

زیندانییەکی سیاسیی دیکەی کورد کە گیانی لەپێناو بیر و باوەڕەکانی دانا و لە گۆشەی زیندان‌بەزێنەکانی ئەمجارەی ڕۆژنامەدا یادی دەکەین، "فیرووز مووسالوو"یە.

فیرووز مووسالوو ڕۆژی ٣٠ی جۆزەردانی ئەمساڵ (١٤٠١ی هەتاوی)، بە بێدەنگی لە زیندانی ناوەندیی ورمێ ئێعدام کرا. پێڕاگەیشتن بە پەروەندەی ئەم زیندانییە سیاسییە کوردە و ڕەوتی نادادپەروەرانەی ئەم بەدواداچوونە، وەک جێبەجێکرانی حوکمەکە و لەسێدارەدرانەکەی نادادپەروەرانە بوو.

فیرووز لەو زیندانییە سیاسییانە بوو کە لە ژێر ئەشکەنجەدا ناچار بە داننان بە تاوانی نەکردوو کرا و لەو سۆنگەیەوە سزای ئێعدامی بەسەردا سەپا. چالاکانی مافی مرۆڤ دەڵێن زیندانییانی سیاسیی وەکوو فیرووز مووسالوو کە ڕەوتی دادگاییکردنیان لە بێدەنگیی میدیاکاندا و بەهۆی هەڵاواردنی چەند قات بەڕێوە دەچێ، دۆسییەسازی و لەسێدارەدانیشیان بۆ کۆماری ئیسلامی کەم تێچووترە.

فیرووز مووسالوو ساڵی ١٣٧١، لە گوندی "حەبەشەی خوار" سەر بە ناوچەی کوتولی خۆی لەدایک بوو. هەتا پۆلی ٤ی سەرەتایی خوێندی. دواتر ملی وەبەر کار نا، لە تەون کردن ڕا هەتا کاروباری سافکاریی ماشێن، بەمجۆرە قۆناغی مێرمنداڵیی بەڕێ کرد و خۆی گەیاندە هەڕەتی لاوەتی. ئەو ساڵی ١٣٩٢ چووە ڕیزی حیزبی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) و ڕۆژی ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٨، پاش هاوئاهەنگی لەگەڵ بنەماڵەکەی بۆ وەرگرتنی ئەماننامە لە پاگانی بڕووجێردیی سپای پاسداران لە شەقامی وەحدەتی ورمێ خۆی ڕادەستی سپای پاسداران لە شاری سەردەشت کرد.

ئیتلاعاتی سپای شاری سەردەشت پاش ١٠ ڕۆژ فیرووزی بەڕێی گرتنگەی ئەلمەهدیی ئیتلاعاتی سپا لە ورمێ کرد و بۆ ماوەی سێ مانگ لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای ورمێ خرایە ژێر ئەشکەنجە و لێپرسینەوە. مووسالوو لە هەموو ئەم ماوەیەدا لە مافی دەست‌پێڕاگەیشتن بە پارێزەر بێبەری بووە. فیرووز بەوە تاوانبار کرا کە لە ماوەی ئەندامەتیی لە ڕێکخراوی "پ ک ک"دا دەستی لە کوشتنی هێزەکانی ڕێژیمدا بووە و لەو سۆنگەیەوە سزای ئێعدامی بەسەردا سەپێندرا، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ناوبراو گوتویەتی لە هیچ تێکهەڵچوونێکی نیزامیدا بەشداری نەبووە.

مووسالوو پاش ٣ مانگ دەسبەسەرکران لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای ورمێ گوازرایەوە بۆ زیندانی ورمێ. فیرووز لە زیندانی ورمێدا ٦ جار داوای مەرەخەسیی کرد، هەروەها ٦ جاریش مانی لە خواردن گرت، بەڵام قەت هیچ وڵامێک بە داخوازەکانی نەدرایەوە.

ڕۆژی ٢٠ی پووشپەڕی ١٤٠٠، لقی یەکی دادگای شۆڕشی ورمێ، فیرووز مووسالووی بە تۆمەتی "ئەندامەتیی پ.ک.ک" و کردەوەی چەکدارانە دژی کۆماری ئیسلامی و "موحاڕبە لە ڕێگەی بەشداری لە تاڵانکردن بە شێوەی گرووپی و بە ئامانجی دژایەتی لەگەڵ نیزام" بە سێدارە لە زیندانی ناوەندیی ورمێدا مەحکووم کرد و لقی ٩ی دیوانی بەرزی وڵات بە پێڕەوی لە بەندی ئەلفی ماددەی ٤٦٩ی ئایینی دادڕەسی کەیفەری، وێڕای ڕەتکردنەوەی داوای تانە و ناڕەزایەتی بە حوکمەکە، دادنامە دەرکراوەکە دادگای سەرەتایی پشتڕاست کردەوە.

ئەم زیندانییە سیاسییە کوردە دواجار ڕۆژی ٣٠ی جۆزەردانی ئەمساڵ بەبێ ئاگاداریی بنەماڵەکەی لە زیندانی ورمێ لەسێدارە درا. بە گوتەی یەکێک لە خزمەکانی ناوبراو، ئەوان هەواڵی لەسێدارەدرانەکەیان لە میدیا کوردییەکاندا بینیوە، پارێزەرەکەشی کە لەلایەن دادگاوە بۆی دیاری کراوە، هەواڵی لەسێدارەدرانەکەی لە بنەماڵەکەی شاردۆتەوە. تەنانەت لە دوای لەسێدارەدرانەکەشی هیچکەس پێوەندیی بە بنەماڵەکەی نەگرتووە و ئەوان پاش چوون بۆ دادگای ئینقلابی ورمێ و لە ڕێگەی دادوەر مەجیدییەوە کە پەروەندەکەی مووسالووی پێ بووە، زانیویانە کە لەسێدارە دراوە.

داخوازیی ڕادەستکردن و تەنانەت نیشاندانی تەرمی فیرووز مووسالوو بە بنەماڵەکەشی ڕەت کراوەتەوە و تەنیا دوو ڕۆژ پێش لە لەسیدارەدرانەکەی لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە بنەماڵەکەی گوتووە کە دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی نادیار و دواتر زانیویانە کە حوکمی لەسێدارەدانەکەی بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە جێبەجێ کراوە. ئێستاش داخوازیی ئەم بنەماڵەیە ئاگاداربوون لە شوێنی بەخاکسپاردنی تەرمی کوڕەکەیانە. ئەوان دەڵێن، "سەرەڕای هەبوونی ئەماننامە بۆچی لەسێدارە درا. بۆچی لە تەرمەکەی دەترسێن؟ بۆچی ڕادەستی ناکەنەوە؟ ئێمە ئەمانەوێ تەرمەکەی ببینین."

چاوخشاندنێکی کورت بۆ پەروەندەی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد پێمان دەڵێ کە ناوەندە ئەمنییەتییەکان و دەزگای دادی ڕێژیم بە بوغز و غەرەزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ چالاکانی سیاسیی کورد دەکەن. جیا لەوەش خۆ ئەگەر بێتوو سیستەمی دادی ڕێژیم، هەر بەپێی ڕێوشوێنە قانوونییەکان کە بۆخۆی لەسەر کاغەزدا پێناسەی کردوە بگریتە بەر، گۆڕانی بەرچاو لە دۆخی زیندانییانی سیاسیدا ڕوو دەدا کە ڕێژیم ئەوەی ناوێ.

ئەو پێناسە نەکردنەی ویست و داخوازی تاکەکان و گەلانی ئێران لە نەستی سیاسی و باوەڕی ڕێژیم بەجۆرێکە کە هیچ کات ویلایەتی فەقیە دانی پێدا نانێ هەربۆیە هەمووکات لە دەرەوەی یاسا مامەڵەیان دەگەڵ دەکرێ. بۆ نموونە بەڕێوەچوونی دادگا نافەرمییەکان، هەڕەشە و گوشار بۆ سەر پارێزەران و بنەماڵەی دەستبەسەر کراوەکان، دەستی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و هەروەها ڕەوتی دادگایی کردنیان ئەوەندە ئاوەڵا دەکاتەوە کە بە کردەوەی سەروویاسایی جەوی خەفەقان و تۆقێنەر بڵاو دەکەنەوە. هەموو ئەو نادادپەروەری و نایاساییانە دەگەڵ هەموو ئەو کارەسات و جینایەتانەش تەنیا ڕێگای خۆدەرباز کردنە لە پرسی جدی و بەحەقی خەڵکی کوردستان، ئەو ڕستەیە کە حکوومەتە ناخەڵکییەکان تەنانەت لە تەرمی بێگیان و چاوی خەڵکی مەدەنی و سیاسییش دەترسێن ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

**ئا: دیاکۆ دانا**

# شۆڕشی ژنان، شۆڕشێک بۆ هەمووان





کەیهان یووسفی

سەرهەڵدان بۆتە شۆڕش، شۆڕش هێمای کچەکوردێکی سەقزییە بە مانیفیستی ژن، ژیان، ئازادی. پێشەنگەکانی شۆڕش نە چینی پرۆلتاریای مارکسە، نەک حیزبی پێشڕەوی لێنین و نە پیاوانی ئایینی کە بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی خیلافەت و... .

شۆڕشی ئەمجارە لە هیچ کام لە شۆڕشە ناسەرکەوتووەکانی مێژووی ئەم دواییەی ئێرانیش ناچێت. ئامانجی، لە ئامانجی شۆڕشەکانی ئامریکا و فەڕانسە و وڵاتانی ئۆرووپای ڕۆژهەڵاتیش ناچێت کە خولیای زیندووکردنەوەی ڕابردووی گەش هانیان بدات بێنە نێو گۆڕپانی خەبات و تێکۆشان.

شۆڕشی ئەمجارە بە وتەی هانا ئارێنت بۆ داهاتوویەکی گەشە، داهاتوویەک کە پڕ بێت لە بەختەوەری بۆ هەمووان و لەوێدا ژن بتوانێت ئازادانە ژیان بکات.

شۆڕش لە پێناسەی خۆیدا تەنیا گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسیدا نییە، شۆڕش گۆڕانکاری لە بەها و بایەخە کۆمەڵایەتیەکانیشە کە شۆڕشگێڕان دەیانهەوێ گۆڕانکاریی مێژوویی بخوڵقێنن و هەربۆیەش شۆڕشگێڕانی ئەمجارە نەوەیەکی چاونەترس و بوێرن کە کچان فەرماندەییان دەکەن.

ئەوان خاوەنی ئامانجێکی ڕوونن بۆ خولقاندنی دۆخێک کە ئازادی تێدا بەرفراوانتر ببێت و هەربۆیەش ڕۆژ بە ڕۆژ هەژماریان زیاد دەکات، کچە کوردێکی دێولانی بە بەردەکەی نێو دەستیەوە دەبێتە جەنگاوەری نێو شەقام و دایکێک لە کرماشان جەستەی دەداتە بەر گوللە تا ئازادی باڵا بکات و دەبنە هێمای هەزاران کچ و ژنی ئەم وڵاتە بۆ سەرهەڵدان.

لێرەدا دمانهەوێت لە ڕێگەی ئانالایزی (SWOT) هەڵسەنگاندنێک لەسەر ئەم شۆڕشە بکەین. ئەوەیکە کە ڕوون و دیارە ئامانجی ستراتژیکی ئەم شۆڕشە کە لە سەر بنەمای دروشمی ژن، ژیان و ئازادی بیچمی گرتووە، خولقاندنی دۆخێکی نوێیە کە تێیدا مافی هەمووماندابین بکرێت و شۆڕش خواستی زۆرینەیە بۆ دابینکردنی ئازادی، مافی مرۆڤ، یەکسانی، مافی ئێتنیکی، نەتەوەیی و ئایینی و هەر بۆیەش شۆڕش هەر ڕۆژە و لە شوێنێک و لە نێو چین و توێژێکی جیاوازی کۆمەڵگەدا خۆی دەردەخات.

### خاڵە بەهێزەکان(S)

چەندین فاکتەر بوونی هەیە کە دەتوانرێت وەکوو خاڵی بە هێزی ئەم شۆڕشە باسی لێوە بکرێت:

شۆڕش گشتگیرە و ئامانجەکانی لە ناوبردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرە لە سەر بنەمای داخوازیگەلێکی دیمۆکراتیک و لەوانە مافی یەکسانی بۆ ژنان و ئازادی بۆ هەمووان. ستەمی چەند ڕەهەندی دەسەڵات بۆ سەر خەڵکی ئێران، ستەمی نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ... وای کردووە کە هاودەنگی و یەکگرتوویەکی بەهێز لەنێو هەمووواندا دروست بێت و ئەمەش ئامانجێکی هاوبەشی دروست کردووە تا زۆربەی لایەنەکان لەسەر گشتییەت جەخت بکەن تا وردەکارییەکان.

کاراکتێری ژنان وەکوو داینەمۆی سەرەکیی ئەم شۆڕشە و ئامانجگرتنی بنەمای ئایدۆلۆژیکی ڕێژیم کە دژەژنە، خاڵێکی بەهێزی ئەم شۆڕشەیە کە بە هۆی بایەخمەندبوونی ئەم مەسەلە –ژن– لە دونیای دەرەوەش توانیویەتی پشتیوانییەکی بێوێنە بۆ لای شۆڕش ڕاکێشێ.

خاڵێکی بەهێزی دیکە، دەستپێشخەری و ئەزموونی شۆڕشگێڕانە، وێڕای ئەوەیکە تەمەنی زۆربەی شۆڕشگێڕان لاو و تازە لاون، بەڵام زۆر بەئەزموون خەریکی کردەییکردنی تاکتیکەکانی خەبات و بەرەنگاری و بە پێکۆڵکێشانی هێزەکانی ڕێژیمن. دروشمەکانی ژن، وەکوو ئاماژەیەک بۆ مافی یەکسانی، ژیان، ئاماژەیەک بۆ مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئازادی وەکوو مافێکی سیاسی و ئەمنی، هەموو پێکهاتە و گوتاری ڕێژیمی وەلەرزە خستووە.

### لاوازییەکان (W)

هەر چەند هێشتا تۆزێک زووە بۆ دەرنجامگیری لە چییەتی و ستراکتۆری شۆڕشەکە و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان کە ڕەنگە لە ڕۆژانی داهاتوودا ئەم لاوازییانە نەمێنیت، بەڵام لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەین:

ڕێبەری و ڕێکخستن وەکوو دوو فاکتەری سەرەکی هەر بزووتنەوە و شۆڕشێک کە دەتوانن شۆڕش بە سەرکەوتن بگەیەنن، هەنووکە تا ڕادەیەک لە ئاستی سەرانسەریدا نادیارن. هەر چەند کوردستان نیشانی داوە کە ڕێبەری و ڕێکخستن دوو فاکتەری بەهێزن لەم هەرێمەدا، بەڵام لە ئاستی سەرانسەریدا هێشتا تێگەیشتن و تەوافوقێکی گشتی لەمبارەوە نەهاتۆتە ئاراوە و ئەمەش خاڵێکی لاوازە کە لە درێژخایەندا دەتوانن کارتی براوەی ڕێژیم بۆ لەباربردنی شۆڕش بن و هەربۆیەش بۆ سەرکەوتنی شۆڕش پێویستە کۆدەنگی و هاوپەیمانییەکی سەرانسەری لەنێو دژبەرانی ڕێژیمدا بە مەبەستی ئاڵترناتیڤ چێ کردن بێتە ئاراوە.

### دەرفەتەکان (O)

ئەو دەرفەتانەی کە لە بەردەم ئەم شۆڕشەدان و دەبێت بەباشی کەڵکی لێ وەربگردرێ، دەکرێت بە سەر دوو بەشدا دابەش بکرێت: دەرفەتە نێوخۆییەکان و درەکییەکان.

دەرفەتە نێوخۆییەکان، نارەزایەتی بەربڵاوی کەڵەکەبووی ئەم ساڵانەی دواییە پۆتانسیلێکی گەورەی شۆڕشی لەنێو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا دروست کردووە کە هەموو بەرژەوەندیی خۆیان لە ڕووخانی ڕێژیمدا دەبینن. سەرکوت و نەبوونی ئازادی، دۆخی خراپی ئابووری، گەندەڵی لە ڕادەبەدەری بەرپرسانی حکوومەتی و ... هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ بەهێزتربوونی ئەم پۆتانسیلە.

سۆشیاڵ میدیا و گەشە و دەستڕاگەیشتنی زیاتر بە زانیاری، نەوەیەکی بوێر، ئاگا و تێگەیشتووی بەرهەم هێناوە کە چیدی گوێڕایەڵی درۆ و دەلەسە و پڕوپاگەندەی دەزگای پەروەردە و ڕاگەیاندنی ڕێژیم نین و خۆیان لەسەر بنەمای زانیاری بە دوای کردەییکردنی خەونەکانیان کە ئێمە لە سەر شەقامەکان دەیبینن.

دەرفەتی دەرەکی، ئامانجەکان، دروشمەکان و هێڵی جووڵەی شۆڕش بۆ پێشەوە دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندی و بەهاکانی ڕۆژئاوا و ناوچەکە نییە و ئەوان پشتیوانی دەکەن. دێموکراسی و ئازادی بەهاگەلێکی بەنرخن لە ڕۆژئاوا و بێگومان دەسەڵاتێکی دێموکراتیک لە ئێران گەر هاوپەیمانی ستراتژیکی ڕۆژئاواش نەبێت، دوژمنی نییە و لە ئاستی ناوچەیشدا لە هەڕەشە بۆ سەر وڵاتانی ناوچە کەم دەبێتەوە کە ئەمە بۆ خۆی دەتوانێت پشتیوانییەکی نێونەتەوەیی بۆ لای شۆڕش ڕاکێشێ.

### هەڕەشەکان (T)

یەکێک لە گەورەترین مەترسی و هەڕەشەکان بۆ سەر شۆڕش و بە تایبەت لەسەر شەقام، کەڵکوەرگرتنی زیاتری هێزەکانی ڕێژیم لە توندوتیژییە، بێ گوێدان بە یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان. هەروەک هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بنکەی حیزبە کوردییەکان و بۆردمانی چڕی چەندین ڕۆژەی بنکەکانی سەر سنووری حیزبە کوردییەکان و هەروەها کوشتنی بەربڵاوی خەڵکی بەلووچستان و مێرمناڵ و ژن و... .

ئەوەی ڕوونە ئەمەیە کە ڕێژیم بۆ مانەوەی خۆی هیچ پرەنسیپێکی ئەخلاقی ناپارێزێ و لە ئەگەری فراوانتربوونی توندوتیژییەکان و گریمانەی لە ئاراهاتنی شەڕێکی چەکداریی لەگەڵ هەر هێزێک چ حیزبە کوردییەکان یان لە ئاستێکی سەرانسەری بێت، ئەگەری دەستێوەردانی دەرەکی دێتە ئاراوە کە ئەزموونی سووریە و دەستێوەردانی ڕووسیە لەوێ پێمان دەڵێ کە دەکرێت ڕێژیم قازانجمەند بێت. هەربۆیەش شۆڕش دەبێت بەم شێوازانە کە هەیە و لە سەر شەقام و زانکۆ و قوتابخانە و شێوازگەلی وەکوو مانگرتن و ... بەرێوە بچێت.

هەڕەشەیەکی دیکە کە بۆ ئێمەی کورد و بە تایبەت نەتەوە غەیرەفارسەکان زۆر گرنگە و دەبێت بە سەرنج و هەستیارییەوە لەگەڵی مامەڵە بکەین، پاوانخوازیی و فاشیزمی فارسە کە لەنێو بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی فارسدا بوونی هەیە و هەنووکە هێشتا بە شێوەی کاتی بێدەنگ کراوە و لە دوارۆژدا دووبارە خۆی نیشان دەدات. بۆ کەمکردنەوەی ئەم هەڕەشە بێگومان یەک گوتاری و یەکهەڵوێستی بە میکانیزمێکی گونجاو هەم وەکوو کورد بە نیسبەت ئەوانی دیکە و هەمیش لە نێوان نەتەوە غەیرە فارسەکان بە نیسبەت فارسەکان زەرورەتێکی سەرەکی و ستراتژیکە کە دەبێت هەوڵێی جیدی و خێرای بۆ بدرێت.

بە سەرەنجدان بە هەموو لایەنەکانی شۆڕشی ئەمجارە و ئەکتەکان لە نێوخۆ و لە دەرەوەش و هەروەها پەرچەکردارەکانی ڕێژیم و ئەو دۆخەی کە ڕووبەڕووی بۆتەوە، وێدەچێ شۆڕشی ژنان مێژوویەکی نوێ بۆ خۆی تۆمار بکات و ئەگەریش ئەم شۆڕشە هەنووکە سەر نەکەوێت بێگومان ڕێژیمی بەرەو هەڵدێر بردووە.

# هێرش بە مووشەک بۆ سەر سەنگەر و دڵی کۆمەڵانی خەڵک





ئەلبورز ڕۆژئینتەن

لە یەکەم چرکەوە کە هەواڵی شەهیدبوونی ژینا هات هەتا ئەوکاتەی کە سەرهەڵدانێکی سەرتاسەری لە کوردستان و دواتر لە هەموو ئێران وەڕێ کەوت، کاتێکی زۆر کەمی برد.

کۆماری ئیسلامی وەک هەمیشە سەرەتا بە بێدەنگیکردن و سەرکوت و دەیان کردەوەی ناڕەوای دیکە دەیهەویست ئەو سەرهەڵدانەش بێدەنگ بکات، بەڵام جیاوازتر لە پێشوو ئەو جار خەڵک هێرشبەر بوو، ئەو هێرشانە تا ئاستێک ڕۆیشت کە شەوانە شار دەکەوتە دەست خەڵک و ئیتر ڕێژیم بە تەواوی بەچۆک داهات و تەنانەت لە هەموو کات زیاتر ئەگەری نزیکبوونی ڕووخانی ڕێژیم کردەنیتر دەهاتە بەرچاو.

لە کاتێکدا ڕێژیم ئیتر بە ڕەشبگیری و سەرکوتی جۆراوجۆر و دڕەندانە نەیتوانی کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات تەنانەت، ئەگەر نارەزایەتیی توێژێک لاواز دەبوو توێژێکی دیکەی کۆمەڵگە سەری هەڵدەداوە، وەک سەرهەڵدانی زانکۆکان. هەربۆیە بۆ ئەوەی ورەی تێکشکاوی خۆی بەرز بکاتەوە، دەستی بۆ هێرش و جینایەتێکی سامناک برد.

ئەو هێرشە کە ئاکامی دەستەوەستانیی ڕێژیم بوو، بە هێرشی درۆنی خۆتەقێنەر و مووشەک و بۆمبارانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیم لە باشور دەستی پێ کرد.

لەو هێرشە ترسنۆکانەدا کە منداڵان بەرکەوتە و ئامانج بوون هەر زوو جارێکی دیکە بۆ هەمووانی ئاشکرا کرد کە ڕێژیم چ دڕەندەیەکە کە بریندارە و دەیهەوێ برینی خۆی بە هێرش بۆ سەر منداڵان تیمار بکات، ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ڕێژیمی لە لێواری مەرگ نەک ناتوانێ برینی خۆی تیمار بکات، بەڵکوو تورەییەکی وای لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا دروست کردوە کە بەو هێرشە زیادتر لە هەر کاتێکی دیکە خەڵک بەرەو یەکگرتوویی و دژایەتیی ڕێژیم هان دەدات.

دەکرێ بڵێین ڕێژیم بە هێرشکردنە سەر هێز و لایەنە سیاسییەکان و شەهیدکردنی منداڵان پێش ئەوەی لەدایک بن، مەرگی خۆی خێرا و خێراتر کرد، چونکە هێرش بۆ سەر دڵ و سەنگەری کۆمەڵانی خەڵک بێوەڵام نامێنێتەوە و نەماوە.

بەپیلهاتنی مانگرتنی سەراسەری لە کوردستان لەلایەن خەڵکەوە بە شێوەیەکی گشتی و بێوێنە ئەو وڵامە بوو کە کوردستانییان بۆ جارێکی دیکە بە دوژمنی داگیرکەریان دا. بەڵام ئەوە دوایین وڵام نییە، بەڵکوو هەنگاوێکی دیکەیە بۆ دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندان و سەرخستنی ئەو شۆڕشە بۆ ئەوەی کورد و کوردستان ئازاد بێت.

ڕاستیی یەکەم کە لەو هێرشەدا دەرکەوت، ئەوەبوو کە ڕێژیم لە بەر ئەوەی کە ئەو حیزبانە هۆکاری نارەزایەتیی ئەم دواییەی خەڵکن، ئەو هێرشە بەرفراوانەی ئەنجام داوە، ئەو ڕاستیە تەنانەت بە گوتەی خودی ڕێژیم دەڵێ حیزب خەڵکە و خەڵکیش حیزب، ئەم دووانە لێک جیا نین، تەنانەت پێکەوە بۆ نەمانی ڕێژیم هەوڵ دەدەن. ئەو پێکەوەبوونە ئەوەندە بەهێزە کە ڕێژیم بۆ زەربەلێدان لە ئەوی دیکە هێرش دەکاتە سەر ئەم و بە پێچەوانە؛ واتە سەنگەری حیزب لە شەقامە و هێزی خەڵکیش لە قەڵای دێموکرات.

ڕاستیی دووەم، ڕێژیم نەک ناتوانێ ورەی هێزەکانی خۆی بۆ بەرەنگاریی خەڵک بباتە سەر، نەک ناتوانێ بە چۆکداکەوتنی بشارێتەوە، بەڵکوو هەر زوو لەلایەن هەمووانەوە دەرکەوت کە ئەو هێرشانە هێرشی شاردنەوەی ڕاستییەکانی سەر شەقامن، ئێستا خەڵک زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە دەزانن ڕێژیم لە لێواری مەرگە و هێرشی مووشەکییش ناتوانێ لە مەرگ ڕزگاری بکات. هەروەها لە یەکەم ساتەکانی ئەو هێرشەدا کاتێک ڕێبەرایەتیی حیزب هاواری بەردەوامی شۆڕشی لە شەقامەکانی دا، دەرکەوت کە ڕێژیم سەری لە تاشە بەردی تورەیی خەڵک دا.

ڕاستیی سێیەم کە زۆر لە مێژە بۆ ئێمەمانان دەرکەوتوە، بەڵام بۆ دونیایی ڕۆژئاوا و هێزەکانی دیکە جارێکی دیکە سەلما، ئەویش ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ یەک چرکە درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی ئامادەیە نامرۆڤانەترین کردەوە ئەنجام بدات کە لە مێژووی چەند هەزار ساڵەی مرۆڤایەتی نموونەی نەبێت. تێکدانی سەقامگیریی ناوچە و پێشێلکردنی هەموو یاسا و ڕێسایەکی نێونەتەوەیی و جیهانی لە سەرەتاییترینی ئەو نموونانەن.

ڕاستی سەرەکیی ئەو هێرشانەش نیشانەکانی داماویی ڕێژیم بوون کە لە لێواری مەرگە و لە بەرانبەر هێرشی خەڵکدا بێدەسەڵات ماوەتەوە، هەربۆیە وەڵامی سەرەکیی شەقام دەداتەوە، ئەو شەقامەی کە دروشمی "ژین، ژیان، ئازادی" دەڵێتەوە. ئەو شەقامەی "شەهید نامرن"، "کوردستان ناوی بەرزە، دوژمن دەخاتە لەرزە" و "قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە" دەڵێتەوە.

ئیتر لە ئەمڕۆ بە دواوە پێویستە زیاتر لە پێشوو باوەڕ بە هێزی لەبڕاننەهاتووی خەڵکمان بێنین کە ئەگەر نەشتوانین دیکتاتۆر لە تاران بڕووخێنین، بەڵام دەتوانین لە کوردستان بیڕووخێنین و ببینە سەرەتایەک تا لە تارانیش بیڕووخێنن.

لە ئەمڕۆوە پێویستە بەجیددی بیر لە قۆناغی سەرخستن و لەویش گرینگتر قۆناغی دوای سەرکەوتن لە کوردستان بکرێتەوە، پێویستە خاوەن پلانی ڕوون و ئاشکرا و نەتەوەیی بین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو خەباتەی کوردستان بە و شوێنەی کە خوێنی شەهیدانی بۆ ڕژاوە بگات.

ئازاری "ژینا" و "وانیار" ئازاری نەوەکانی بندەستە، پێویستە "ژینا" و "وانیار"ەکانی داهاتووی نیشتمان لە کوردستانێکی ئازد و پێشکەوتوو و بەختەوەردا بژین، پێویستە ئەگەر قوربانیش دەدەین لەپێناو پاراستنی دەستکەوتەکان و گرینگترینیان، واتە ئازادی بن. لە ئێستا بەدواوە ڕێژیم بەردەوام تووشی هەڵە دەبێت و ئەوانەی بە چنگ و ددان بەرگرییان لە ڕێژیم دەکرد بیر لەوە دەکەنەوە چۆن دەرفەتی خۆدەربازکردنیان دەبێ.

قوناغی دارمانی ڕێژیم لەوانەیە زۆر خێراتر لەوە بێ کە بیری لێ دەکرایەوە، ئەوە پەیامێکیشە بۆ دەستپێکی قۆناغی بونیادنانی وڵاتێکی ئازاد و پێشکەوتوو، بۆ پاراستنی ئازادی، بۆ هەبوونی پەیوەندییەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی گەل لەگەڵ ناوەند.

هەمووی ئەوانەش ئەرکی ئێمە قورس و قورستر دەکات. ئێمە بەرپرسیارین بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی دیکە.

# شۆڕشێک لە ژنانەوە بۆ لاوان

**شۆڕشێک کە لەلایەن ژنانەوە بەدژ کۆشتنەکان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی بە ئایینی‌کردنی جەستەی ژنان لەپاش شەهیدبوونی ژینا بە دەست مرۆڤکوژەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کردبوو، هەر ئەم جۆرەی چاوەڕوان دەکرا زۆر زوو تەشەنەی کردە نێو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و لە درێژەدا زانکۆکان و لەپاشان قوتابخانەکانی گرتەوە.**





شاهۆ حوسێنی

### کۆمەڵناسیی بزاڤی لاوان

بلومر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مەبەستی لاوان لە بەشداری لە بزاڤە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، مەبەستگەلێکی گشتییە، ئەم جۆرە بزاڤانە بە هۆی ئەوە کە لاوان ڕادیکاڵ و ئارمانخوازن درێژمەودا و بەردەوامن. دەرکەوتنی لاوان لە بزاڤەکاندا بە باوەڕی بلومر بەرهەمی ئاڵوگۆڕی بەردەوام، بەربڵاو و هێدی لە نەریتەکانی کۆمەڵگەدایە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لاوان تێگەیشتووانە و ئاگایانە بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی نەزمی کۆمەڵایەتی مەوجود دەر دەکەون، ئەوان لەژێر کارتێکەریی گۆڕانکارییەکان لە کولتوور و بەهاکان لە کۆمەڵگە و جیهاندا دەبنە خاوەن ڕوانگەیەکی نوێ لەمەر خۆیان و مافەکانیان. بۆیە تێدەکۆشن بە ئارمان و ئامانجەکانیان بگەن، ئەمەش بێ‌گومان کاتێ دەردەکەوێت کە فۆرماسیۆنە نەریتییەکان توانایی بەرهەمهێنانی خواستە مەشرووعەکانی لاوانیان نییە و بەم شێوەیە بەر دەگرن بە پەرەی لاوان. دەرکەوتنی لاوان لەنێو بزاڤەکاندا بە تەنیا هەڵسووکەوتێکی ڕەمەکی و چاوەڕواننەکراو نییە، بەڵکوو دژکردەوەیەکی ڕاستەوخۆیە بەدژ هێز و ڕووداوە مێژوییەکان. لەڕاستیدا بزاڤی لاوان لەم کۆمەڵگە و وڵاتانەدا ڕوو دەدات کە ئاڵوگۆڕی خێرا بەخۆیانەوە دەبینن، ئەو کۆمەڵگەیانەی کە تووشی لاوازیی فۆرماسیونی سیاسی، داڕمانی شەرعییەتی دەسەڵات و نەزمی سیاسیی مەوجوودن.

### لاوان لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا

دەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە ئاسۆی سیاسیی ئێران وەک لێکەوتەی ئایدۆلۆژێکی فاندەمینتاڵ لێکەوتە گەلێکی گرینگی نەتەنیا بۆ کۆمەڵگە بە گشتی کە بە تایبەتی بۆ لاوان لێ کەوتەوە. یەکەم دیاردەی کولتووریی ئەم دەسەڵاتە حەول بۆ بە ئایینی‌کردنی عەقڵ. جەستە و کولتووری کۆمەڵگە بوو، بۆ ئەم مەبەستەش سەرتا هەموو سەرچاوەکانی بارهێنان و ڕاهێنانی قوتابیان لە قوتابخانەکان بە وانە ئایینییەکان ئاخندران، لە درێژەشدا لە ڕێی لێژنەی باڵای شۆڕشی کولتووری بەمەبەستی ئایینیزەکردنی زانکۆکان، پەرەی کولتووری ئایینی و بەربەرەکانی لەگەڵ ڕۆژئاواخوازی و سێکۆلاریزم حەول درا لەڕێی ئایدۆلۆژی فەرمیی حکوومی، لاوان و خوێندکاران لە خزمەت بەرژەوەندی ئایینی دەسەڵات کۆمەڵگر بکەن. هاوتەریب لەگەڵ ئەمە لەڕێی شۆڕشی کولتووری لە زانکۆکان لە ساڵی ١٣٥٩ تا ١٣٦٢ بەشێکی زۆر لە خوێندکاران و مامۆستایان لەسەر کار و خوێندن لادران.

بەم شێوەیە کۆماری ئیسلامی دژایەتیی خۆی لەگەڵ زانست و لاوی تێگەیشتوو نیشان دا و حەولی دا لەڕێی ئیسلامیزەکردنی خوێندن، زانکۆ و قوتابخانە تاکی ملکەچ، گوێڕایەڵ و دەستەمۆ پەروەردە بکات. بەڵام دژکردەوە جیاوازەکانی خوێندکاران لە درێژەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی سەلماندی کە کۆماری ئیسلامی هیچکات نەیتوانی لاوانی خوێندکار دەستەمۆ بکات. دیارە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، زانکۆکان و لاوانی خوێندکار گرینگترین پێگەی دژایەتی و ڕەخنەگرانەی دەسەڵاتی پاوانخواز و پاشکەوتووی ئایینی بوون. هەربۆیەش زانکۆکان بە بەردەوامی کەوتوونەتە ژێر هێرشی هێزەکانی سەرکوتکەر و بە دەیان خوێندکار، ئێعدام، بێ‌سەروشوێن و شەهید کراون.

### تێکەڵبوونی قوتابیان بە شۆڕش

شۆڕشی ئەم جارەی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تەنیشت هەموو جیاوازییەکان و دیاردە نوێیەکانی کە بە خۆیەوە بینیوەتی، دیاردەیەکی تەواو جیاواز لە ڕاپەڕینەکانی پێش خۆی بە خۆیەوە بینیوە. ئەم دیاردە جیاوازە کە بە شێوەیەکی کوتوپڕ و بەربڵاو لێکەوتەی زۆر گرینگی لەگەڵ خۆی هێنا، تێکەڵبوونی قوتابیان کچی قوتابخانەکان لەگەڵ شۆڕش بوو.

ئەون بە لادانی حیجاب، داگرتنی وێنەی خومەینی و خامنەیی لە کلاسەکان و دڕاندنی وێنەی ئەوان لە کتێبە دەرسییەکان دژکردەوەیان نیشان دا و بەم شێوەیە پەیوەستبوونی فەرمی خۆیان بەم شۆڕشە ڕاگەیاند. قوتابیان بەم شێوەیە لاپەڕەی هەموو ملکەچی و جەستەبوون و ڕەگەزی دووهەمبونیان دڕاند و وەک سوبژەیەکی سەربەخۆ بڕیاری سەربەخۆییان لە خۆ دەرخستن، خۆپێناسەکردن و خۆ بارهێنان دا. ئەوان بە لەچکە سووتاندن، هێرشێکی ڕادیکاڵیان بۆ بناغە و ئایدۆلۆژی دەسەڵاتی حاکم دەست پێ کرد. لەچکە تەنیا پەڕۆیەک یان بەشێک لە بەرگ و لیباسی ژن نییە بەڵکوو کەرەسە و بەربەستێکە بۆ نەفی و نەهی ژن وەک جەستەیەک و بوونێکی کە حەول دەدرێت لەڕێی شاردنەوەی بە ئایینی بکرێت. ئەم شۆڕشە سەلماندی کە سیاسەتەکانی زێدە لە چل ساڵ دەسەڵاتی سەرکووت، پاوانخواز و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی هیچکات نەیتوانیوە شەرعییەتێک لەنێو زەین و هزری کۆمەڵگەدا بۆخۆی مسۆگەر بکات، نیشانی داوە کە سیاسەتەکانی ئایینی و ئۆبژەپەروەری کۆماری ئیسلامی لەماوەی زێدە لە چل ساڵ دەسەڵاتی بەربڵاوی خۆیدا هیچ کات نەیتوانیوە مرۆڤی ملکەچ و گوێڕایەڵ بەرهەم بهێنێت و ئەگەر زۆریی دەسەڵات، پارە و هێزی نیزامی نەبێت، تەنانەت بۆ یەک چرکەش ئەم دەسەڵاتە ناتوانێ حوکمی کۆمەڵگە بکات.

ئەم دەسەڵاتە ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کاتێک لەلایەن ژنانەوە بە ژنانی گەورە ساڵ، خوێندکاری زانکۆ و قوتابخانەکان مەترسیی ڕووخانی لەسەرە و هیچکات پایەکانی نەزەری، هزری و مەعریفی دەسەڵاتەکەی ئەوەندە لەرزۆک و هڵۆڵ نەبوە.

## پشتیوانیی ناوەندی هاوکاری لە مانگرتنی مامۆستایان و قوتابخانەکانی ئێران

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

شورای هاوئاهەنگیی دامەزراوە سێنفییە فەرهەنگیانی ئێران لە بانگەوازێکدا داوای مانگرتنی کردوە. لە بەیاننامەیەکدا شورای هاوئاهەنگیی دامەزراوە سێنفییە فەرهەنگییەکانی ئێران لەمەڕ ناڕەزایەتی‌دەربڕین بە سەرکوتی بەرینی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی خەڵک ڕایگەیاندووە: زۆربەی ئەو خەڵکە ناڕازییەی کە دەنگیان هەڵبڕیوە، قوتابییان و خوێندکارانێکن کە وێڕای میلیۆنیان ئێرانیی دیکە لە سەرکوتی لەڕادەبەر وەزاڵە هاتوون و سەدان کەسی دیکەش ئێستا لە زینداندا لە ژێر گوشار و ئەشکەنجەی ڕەوانی و جەستەیی‌دان. بەداخەوە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە هێزە سەرکوتگەرەکان بە ڕژانە نێو زانکۆی سەنعەتیی شەریف و بە زەبری چەک بەرەنگاری بلیمەتترین ڕۆڵەکانی نیشتمان ڕاوەستان تا بە خەیاڵی خاوی خۆیان ئەو لاوە حەقخوازانەی وەتەن سەرکوت بکەن. لە ناڕەزایەتی بە وەها دۆخێکدا، شورای هاوئاهەنگیی دامەزراوە سێنفییە فەرهەنگییەکانی ئێران دوای لە مامۆستایان و قوتابیان کردوە کە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ١٢ی ڕەزبەر بە مانگرتن لە قوتابخانەکان و نەچوونە سەر پۆلەکانی خوێندن هاوپێوەندی و هاودەنگیی خۆیان لەگەڵ هەموو ناڕازییانی وەزاڵەهاتووە دەرحەق بە ناعەداڵەتییەکانی دەسەڵات پێشان بدەن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پشتیوانی لەو بانگەوازە داوا لە مامۆستایان، قوتابییان و خوێندکارانی کوردستان و خوێندکانی کورد لە زانکۆکانی ئێراندا دەکات، وەک چۆن هەمیشە پێشڕەوەی خەباتی مەدەنی لە ئێراندا بوون و هەن، داوا دەکەین کە لەو ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییانەدا بەشدار بن و وەک هەمیشە ڕۆڵی پێشەنگانەی خۆیان بگێڕن. هەروەها داوا لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵک، کارمەندەکان و کرێکاران لە سەرتاسەری ئێران و کوردستان دەکەین؛ بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێت لە ناڕەزایەتییەکانی ئێستای مامۆستایان و فەرهەنگییان پشتیوانی بکەن و بە یەکگرتوویی و یەکدەنگی ناڕەزایەتییەکان لە هەموو ڕەهەندەکانەوە پەرە پێ بدەن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١١ی ڕەزبەی ١٤٠١ی هەتاوی**

## ناوەندی هاوکاری:
## سپاسی بێ‌پایانی خەڵکی باشووری کوردستان دەکەین

لەپاش هێرشی مووشەکی و درۆنەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان کە بەداخەوە ژمارەیەک پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگری حیزبەکان و ژن و منداڵ شەهید و بریندار بوون، شەپۆلێکی بەرین لە هاودڵی و هاوخەمی لەلایەن خەڵکی باشووری کوردستان لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و هەولێر و دهۆک و بەتایبەتی لەو ناوچانەی بارەگای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی لێ بووە ئاراستەی حیزبەکان کرا؛ هەر کەس لەلایەن خۆیەوە باوەشی گەرمی بۆمان کردەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ هەر جۆرە هاوکارییەک نیشان دا و بەمەش هەستی ئینسانی و نیشتمانپەروەرانە و نەتەوەیی خۆیان بە گەرموگوڕی سەلماندەوە.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەم ڕێگەوە سوپاسی سەرجەم خەڵکی بەشەرەفی باشووری کوردستان و هەموو ئەو کەسانە دەکات کە بەشێوازی جۆراوجۆر هاوخەمیی خۆیان ئاراستە کردین و دەرگای دڵ و ماڵەکانیان بەڕووماندا واڵا کرد، ئەگەرچی بەحەق هەر ئەوەشیان لێ چاوەڕوان دەکرا. سوپاسی ئەو دوکتور و پەرستارانەش دەکەین کە لەکاتی ڕووداوەکەدا خۆبەخشانە و بەخێرایی بەدەممانەوە هاتن و چارەسەری بریندارەکانیان کردین.

ئەم هەڵوێستە جوامێرانەی خەڵکی باشور جارێکی دیکەی ئەوەی سەلماند کە هەر خۆمان پشتوپەنای یەکترین و ئەمەش باشترین وەڵامە بۆ ناحەزانی کورد وەک کۆماری ئیسلامی کە هەمیشە هەوڵی نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لەنێوان کوردانی باشور و ڕۆژهەڵات و پارچەکانی دیکە دەدات.

ئەزمونی هەرێمی کوردستان گلێنەی چاوی هەموو کوردێکە و فەرزە لەسەر هەموومان وەک گلێنەی چاو بیپارێزین.

سڵاو لە خەڵکی بەشەرەف و نیشتمانپەروەری هەرێمی کوردستان.

بڕووخی کۆماری پەت و سێدارە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٨ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی**

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# یەکسانیخوازی
# بە زەبری زیندان و فیشەک

کۆماری ئیسلامی ماوەی ٤٤ ساڵی ڕەبەقە خەریکی پتەوکردنی دەستەڵاتە. قسەی خۆمان بێت هێشتا ٤٤ ساڵەکەی تەواو نەکردووە و خوا بەوێ ڕۆژێ نەکات ٢٢ی ڕێبەندانی داهاتوو چل و چوارەی تەواو دەکات و پێ دەنێتە چل و پێنج ساڵی.

ئەم کۆماری ئیسلامییە لە ماوەی ئەو سی و سێ ساڵ و چەند مانگەی تەمەنیدا هەر هاوار دەکات و دەڵێت ئێمە یەکسانیخوازین و خەڵکیش بڕوای پێ ناکات. لە یەکەم ڕۆژانی دەستەڵاتدا دامەزراندنی بونیادی موستەزعەفان و جانبازان و ئاستانی قودسی ڕەزەوەی بە مەبەستی پیادەکردنی یەکسانی لە نێوان ئاحادی ئۆمەتی هەمیشە در سەحنە دامەزراند. ڕێبەران و شارەزایان و تیۆری‌زانانی ئیسلامی هەر زوو بەم ئاکامە گەیشتن ناتوانن هەموو خەڵکی ئێران بکەن بە خاوەنی کار و پیشە و پارەداریان بکەن و زانیشیان پێداویستیی بەڕێوەبردنی ئەم هەموو خەڵکەیان بۆ جێبەجێ نابێت و بیریان لەوە کردەوە هەموو خەڵک هەژار بکەن.

ئەگەر خەڵک هەموویان یان هیچ نەبێت زۆربەی دانیشتووانی ئێران بکەونە ژێر هێڵی هەژاریەوە، بۆ گەیشتن بە یەکسانیی خەڵک هەنگاوێکی زۆر گەورەیە. جا بونیادی موستەزعەفان و جانبازان و هەر وا بێتەوە ئاستانی قودسی ڕەزەوی بە یارمەتیی قەرارگای خاتەمولئەنبیای سەر بە سوپای پاسداران ئەرکی کۆکردنەوەی سەرەوت و سامانی ئێرانیان گرتەئەستۆ. بەڕێوەبەرانی خاوەن تەگبیر و تێگەیشتووی دەستەڵاتی ئیسلامی زوو زانیان ئەگەر خۆیان برسی بن، لە بەڕێوەبردنی بەرنامەی یەکسانی‌سازیدا سەر ناکەون. هەر لەبەر ئەمەش بوو بەشێکی بەرچاوی ئەو پارەیەی لە ڕێگەی سێ دەزگای بونیادی موستەزعەفان و جانبازان و ئاستانی قودسی ڕەزەوەی و قەرارگای خاتەمولئەنبیای سوپای پاسدارانەوە کۆیان دەکردەوە دایان بە بەرپرسانی دەسەلات. ئەو بەرپرسانەش بۆ ئەوەی وەک خۆیان دەڵێن ئەنباشت واتە کەوتنەسەریەکی سەروەت و سامان ڕوو نەدات، بەشی بەرچاوی پارەکەیان ناردە بانکەکانی دەرەوە یان لە وڵاتانی دیکە کارگە و مارگەیان پێ دامەزراند. ئەوان بەم کارەیان لەلایەک نەیانهێشت سەروەت و سامان لەنێو وڵات بکەوێتە سەریەک و لەلایەکی دیکەوە نایەکسانیی وڵاتانی نەیاریان پێ زیاتر کرد.

لەم لاوە بونیادی موستەزعەفان و جانبازان و ئاستانی قودسی ڕەزەوەی و قەرارگای خاتەمولئەنبیای سوپای پاسداران بەیەکەوە دەستیان دایە دەستی یەک و پارەی زیادەیان بۆ مووشەک و فڕۆکەی بێ‌فڕۆکەوان دانا و بەشێکیشیان کردە مووچە و مەعاشی ئەو خەڵکەی لە عێراق و یەمەن و لوبنان و سوریە شەڕیان بۆ دەکردن. دیارە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە دامەزراندنی بنکەی خۆی لە وڵاتانی دەوروبەر دەیهەویست لەو وڵاتانەش دەست بە یەکسانی‌سازی بکات و لە هەندێکیاندا هەتا ڕادەیەک سەریش کەوت.

ئەمانە هەمووی لە کاتێکدا بوو کۆماری ئیسلامی لە هەوڵدا بوو یەکسانیی ڕەگەزیش بسەپێنێت و بۆ ئەمەیان ناچار بوو نەخشەیەکی باش دابڕێژێت. دیارە کاتێک شەڕێکی وەک شەڕی یەمەن و عێراق و لوبنان و سووریە دەقەومێت، لەبەر ئەوەی زیاتر پیاوان لەبەرەی شەڕن ئەوان کوژراویان زۆر دەبێت و زۆر لە کچان یان شوویان دەست ناکەوێت و یان دوای شووکردن هاوسەرانیان لە جەنگدا دەکوژرێن و خۆیان بێ‌مێرد دەمێننەوە. دیارە دەوڵەت و دەسەڵاتیش، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە و بەگوێرەی یاسا و ڕێنوێنییەکانی ئەم دەسەڵاتەش ژن دەبێ لە ژوورەوە دانیشێت و وێڕای بەخێوکردنی منداڵان نان و چێشتی جەنگاوەرانیش ساز بکات. بە هۆی ئەم جۆرە پرۆژە و بەرنامەیەی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە هەموو ناوچەکە، ژنان لەزیاد بوون بوون و پیاوان کەمیان دەکرد. ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی ژنانی بێکار لە قوتابخانە و زانکۆیانیش خەریکی خوێندن بن و بەتەواوی پارسەنگیان بەسەر پیاواندا بشکێتەوە. وای لێ هات ماموستا و ئەندازیار و پزیشک و کۆمەڵناس و مۆمەڵناس و هەزار پسپۆڕ و مسپۆڕی جۆراوجۆریان لێ کەوتەوە و ئێستا ژنان خەریکن هەموو شتێک وەبن خۆیان دەدەن. ئەگەر ئەمەش ڕێگەچارەیەکی بۆ نەدۆزرابایەوە، یەکجاری هەموو شتێک دەکەوتە دەست ژنان و هەر بەدوور نەبوو لە داهاتوویەکی نزیکدا داوای پشنوێژی‌کردن و سەرۆککۆماریەتی بکەن و ڕەنگبوو ببن بە هەڕەشە بۆسەر ڕێبەری مەزنی کۆماری ئیسلامییش. تەنانە ئەوەندە قایشیان لێ کێشابوو لەم دواییانە لە خۆپێشاندانان دروشمی وەک "تانک، توپ، نەفەربەر و هەرسێ نازانم چی و چییان" دەدا. هەر لەبەر ئەمەش بوو نیزامی موقەدەسی کۆماری ئیسلامی لێیان وەخۆ کەوت و بە بڵاوکردنەوەی گەشتی ئێرشاد تووڕەی کردن و وای لێ کردن وەخۆ بکەون و بەگژیاندا بێنەوە و ئەوانیش بۆ ئەوەی یەکسانیی دانیشتووانی ژن و پیاو لە سەرانسەری ئێرانی یەکپارچەدا لەنێوان ژنان و پیاوان بەرقەرار بێت، ئێستا دەستیان بە کوشتنی زیاتری ژنان کردووە. بەم جۆرە تۆڵەی کوژرانی پیاوان لەنێو حەشدی شەعبی و سوپای قودس و مودافیعانی حەرەم و چەکدارانی حووسی و سوپای فاتمیوون دەکرێتەوە و ئەگەر تەمەنی پڕ بەرەکەتی کۆماری ئیسلامی بەم جۆرە بەردەوام بێت، ئەوە بە حەول و قوەی بسیجیان جان بەرکەف نەک ژنانیش وەک پیاوان دەکوژرێن بەڵکوو ژنانی کوژراو لە پیاوانیش زیاتر دەبن و بەم جۆرە یەکسانییەکی تەواو لە نێوان ژنان پیاواندا دروست دەبێت.

ئەدی بۆ دژمنانی قەسەمخوردەی نیزام دەڵێن کۆماری ئیسلامی یەکسانیخواز نییە؟



# وانەکانی مانگی خەرمانان



د.کامران ئەمین‌ئاوە

له ڕەوتی ڕووداوه سیاسییەکانی هەر وڵاتێکدا، حیزب یان کەسایەتییەکی سیاسی بهپێی کۆبەندی زانیارییەکان و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێوخۆیی و جیهانی و هاوسەنگی هێزە دژبەرەکان تێدەکۆشێ تاکتیک و شێوه خەباتی خۆی هاوئاهەنگ لەگەڵ ڕەوتی بزووتنەوەکە هەڵبژێرێ. بێگومان پێشبینیی ڕووداوەکان و هەڵبژاردنی شێوه خەباتێکی شیاو بەپێی فۆرمولەکانی بیرکاری، فیزیک و شیمیی یاخود یاسای "هەموو شت یان هیچ شت" له فیزیۆلۆژیدا نییه، بەڵام هەڵسەنگاندنی هاوسەنگی و چنینمانی هێزەکانی دژبەر له ئاستی کۆمەڵگه، ئاستی ئاگایی سیاسیی خەڵک و ڕادەی ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک له ڕێکخراوه جۆربەجۆره سیاسی، پیشەیی و مەدەنییەکاندا، هەروەها چنینمانی هێزەکانی ناوچەیی و جیهانی و، بۆچوون و شێوەی هەڵسوکەوتی زلهێزانی دنیا لەگەڵ حکوومەتی دەسەڵاتدار و بزووتنەوەی خەڵکی نارازی و، تەیاربوونی بارودۆخی عەینی و زەینی و هتد، ڕۆڵێکی بەرچاو له ڕەوتی خەباتی حیزبێکی بەرپرسیار دەگێڕێ. هەر لەم پێوەندییەدا دەکرێ هەڵسوکەوتی زۆربەی حیزبه کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم دوایانەدا هەڵسەنگەندرێ که به دوور له ئێحساس و زۆر ژیرانه هەڵوێستێکی بەڕێوجێ و سیاسییانەیان له پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی پاش گیانبەختکردنی نەمر ژینا ئەمینی له خەرمانانی ئەمساڵدا له کوردستان و ئێران گرتەبەر.

به درێژایی پتر له چوار دەیه دەسەڵاتداری حکوومەتی ئیسلامی ئێران و به تایبەتی له دەیەی ڕابردوودا ئێمه شایەدی بەرهەڵستی و دەربڕینی نارەزایەتی جەماوەری خەڵک له ئاستی ئێراندا بووین. هەرچەند له ساڵانی ڕابردوودا بەپێی بانگهێشتنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شایەدی چەندین مانگرتنی سەرکەوتووانه بووین بەڵام له بەشەکانی دیکەی ئێراندا، دەربڕینی نارەزایەتییەکان له سنووری چەند گەورەشاری ئێران دەرنەدەچوو و هەر بەم بۆنەیەش هێزەکانی سەرکوتکەری ڕێژیم به گرتن و کوشتنی بەشدارانی ئەو بزووتنەوانه، به هاسانی سەرکوتیان دەکردن. بەڵام، ئەم جاره بزووتنەوەی خۆبەخۆ و بەرهەڵستکارانەی ئێران و دروشمی بەڕێوجێ و شیاوی "ژن، ژیان، ئازادی" که کوردستان پێشەنگی بوو، هەموو ئێرانی تەنییەوه. دروشمەکه تەنانەت گەیشته دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، تا ئەو ڕادەیەی ئەندام پەرلەمان، هونەرمەند، چالاکه سیاسیی و مەدەنییەکانی بیانیش له ئورووپا، ئەمریکا و ئاسیادا دووپاتیان کردەوه و، ژنه ئازادیخوازەکانیان به نیشانەی پشتیوانی و هاودڵی لەگەڵ ژنان و بزووتنەوەی سەرانسەریی گەلانی ئێران پرچی خۆیان دەبڕن و سەریان دەتاشن.

خەڵکی ئێران له هەر میللیەت و ئایینێک، وێڕای بێ‌متمانه بوون به چاکسازیخواز و ئەوانەی پێیان وابوو له چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانن بگەنه بەشێک له داخوازییەکانی خۆیان، یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بۆ گەیشتن بۆ ئازادی و دێموکراسی ڕاپەڕیون و خوازیاری کۆتایی هێنان به دەسەڵاتی دیکتاتۆریی له ئێراندان. پەرەسەندنی نارەزاییەتییەکان و پشتیوانیی بەشێکی بەرچاو له نووسەر، هونەرمەند، وەرزشکار، پزیشک، مامۆستا و خوێندکاران و هتد لەم بزووتنەوەیه بۆته هۆی ترس و دڵەڕاوکێی حاکمانی وڵات.

حکوومەتی ئێران له هەموو ئەم ساڵانەدا بەپێی سیاسەتی "دووبەرەکی بنێوه و ئاغایەتی بکه!" خەڵکی ناکورد و بهتایبەتی ئازەرییه دراوسێیەکانی کوردستانیان بهبۆنەی جۆراوجۆر وەکو جیاوازیخوازی و مەترسی دەستدرێژیی کورد له بەشه خاکی ئەوان و هتد دژ به کورد هان داوه، بەڵام ڕووداوەکانی ئەم دواییانه وێڕای هەموو پیلانەکانی ڕێژیمی تاران وەک ناردنی جاش به جلوبەرگی پێشمەرگەوه بۆ نێو خەڵک، بڵاوکردنەوەی وێنه و فیلمی کۆنی هاتنەوەی پێشمەرگه بۆ شارەکانی کوردستان و، تەنانەت موشەکباران و بۆمبارانی شوێنی ژیانی کوردەکانی ڕۆژهەڵات له باشووری کوردستان نەیتوانی ببێته هۆی حەرەکەتێکی ناشیاو و ناوەخت لەلایەن حیزبه کوردستانییەکانەوه.

کوماری ئیسلامی بەم هیوایه بوو و هەیه له ساتێکدا هێزێکی گەورەی جەماوەری لەسەر شەقامەکان‌دایه، حیزبه کوردستانییەکان به ناردنی هێزی چەکدار بۆ نێو شار و گوندەکانی کوردستان بکەونه نێو ئەو داوەی که حکوومەت خوازیاریەتی هەتا به بیانووی بەرگری له خۆی و هێرشی هێزی چەکداری کورد ڕەوتی بزووتنەوەی مەدەنی بخاته قۆناخێک که بتوانێ باشتر و هاسانتر سەرکوتی بکات و له گۆمی خوێنی هەڵکێشێ.

بەخۆشییەوه کرداری ژیرانەی حیزبه کوردستانییەکان وێڕای ئێش و ئازاری گەورەی لەدەستدان و برینداربوونی دەیان کەس له قووڵایی خاکی باشوری کوردستان کاردانەوەی باشی بۆ کورد و کاردانەوەی نەرێنیی له ئاستی جیهاندا بۆ حکوومەتی تاران خوڵقاند. بانگهێشتنی خەڵکی کوردستان لەلایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەوه بۆ مانگرتنی سەرانسەری له کوردستان و سەرکەوتووبوونی هەر دووجارەی ئەم خەباته مەدەنییه پیشاندەری ئاستی ئاگایی خەڵکی کورد و نوێنەرانی سیاسیی ئەم گەله و هەبوونی ڕیشەی ئەوان له ئەردی کوردستانه. ئەم حەرەکەته سەرکەوتووەی کورد له کوردستانی ئێران بوو به هۆی چوونه سەرەوەی شوێن و پێگەی کورد و ڕێکخراوەکانی لەسەر ئاستی ژوور و دەرەوەی ئێران. نوێنەری سیاسی کورد نیشانی دا که پووختەیی و ژیریی ئەوان بۆ بهکارهێنانی چەکی خەباتی مەدەنی و کۆمەڵایەتی ئەگەر بەرزتر له چەکی گەرم نەبێ کەمتر نییه و لەم گۆڕەپانەدا دەتوانێ ڕۆڵێکی به هێز و کاریگەر بگێڕێ.

سیاسەتی درووستی حیزبه کوردستانییەکان و ڕۆڵی بەرچاوی کورد لەم بزووتنەوەیەدا بوو به هۆی تەنانەت پێداچوونەوەی بەشێک له حیزب و کەسایەتییەکانی ئێرانی له پێوەندیی لەگەڵ کوردو، بێ‌گومان هیزه سەرانسەرییەکان ئەوەشیان بۆ وەدەرکەوت، له بەیانیی پاش ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیدا کورد فاکتۆرێکی گەورەیه و ناکرێ مافی نەتەوەیی ئەوان لەبەرچاو نەگیرێ.

خەباتی کورد چ ئێستا و چ پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن به مافی چارەی خۆنووسین ڕەوتێکی ساکار و بێ‌لەمپەر نییه. هێزی پاوانخواز و باوەڕمەند بەوەی پێدانی تەنانەت مافی خودگەردانیش دەتوانی ببێته هۆی پارچه پارچه بوونی ئێران له نێو بەشێکی بەرچاو له هێزەکانی ڕاست و چەپی ئێرانیدا جێگیر بووه، بەڵام شێوەی درووستی خەباتی نوێنەرانی سیاسی کورد، کاری ڕێکخستن و بردنه سەرەوەی ئاستی ئاگایی نەتەوەیی -سیاسی و فەرهەنگی- کۆمەڵایەتیی کورد و، به گشتی یەکیەتیی نەتەوەیی کورد، پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوانتر له هێزه سیاسی و کەسایەتییه سەربەخۆکانی کورد و هاوکاری و خەباتی هاوبەش لەگەڵ هێزه پێشکەوتنخوازەکانی ئێرانی دەتوانێ دەورێکی بەرچاو له ڕەوتی خەباتی ئێستا و داهاتووی کورد له ئێراندا بگێڕێ.

کورد بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی پێویستی به یەکیەتی له ماڵی خۆی و یەکیەتی و هاوکاری لەگەڵ ئەو هێزانه له ئێران هەیه که له بەرەی ئازادی و دێموکراسیخوازیدا باوەڕیان به چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی له ئێران هەیه.

# پۆڵا دەشکێ بەڵام ناچەمێ



زانیار حوسێنی

پێشینیان دەڵێن بوێری به باڵای کورد بڕاوه. کاتێک جینایەتی مووشکەبارانی چەند ڕۆژ لەمەوبەر له ڕۆژی چوارشەممه ڕووی دا، پتر له هەر کاتێک له مانای قووڵی ئەو پەنده گەیشتن، چونکی بەچاوی خۆم دیتم که قەڵای خۆڕاگریی وره و باوەڕی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات چۆن خۆی لەبەرانبەر مووشەک و ڕاکێت و درۆنەخۆکوژەکان ڕاگرت.


کۆماری ئیسلامی لەو ڕۆژەدا به زانینی ئەوەی که قەڵای دێموکرات پڕە له ژن و منداڵی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، زیاتر له پێنج کاتژمێر لەسەر یەک، ئەو شوێنەی بۆردومان کرد، بەبێ ئەوەی هیچ یاسایەکی شەڕ و مافی مرۆڤانه لەبەرچاو بگرێ.

کۆماری ویلایەتی فەقیهـ که بنچینەکانی دەسەڵاتی، له نێوخۆی وڵات کەوتۆته لەرزه و ترسی ڕووخانی لەسەر نیشتووه، ماوەی زیاتر له بیست ڕۆژه شایەتحاڵی خۆپێشاندان و مانگرتنه گشتییەکانه له سەرانسەری ئێران. بەشێویەک که خەوی لەچاو هەڵگیراوه و کەوتووەته پەلەقاژه. هۆکاری ئەوه دەگەڕێتەوه بۆ کووشتنی بەئانقەستی ژینا ئەمینی؛ کچه کوردێکی خەڵکی شاری سەقز که بەدەست هێزەکانی گەشتی ئێرشاد دەسبەسەر کرا و به شێوەیەکی دژەمرۆیی بەدەست ئەوانەوه کووژرا.

بەدوای ئەو ڕووداوه خەڵکی سەرانسەری ڕۆژهەڵات بەدەم بانگەوازی حیزبه ڕۆژهەڵاتییەکانەوه هاتن و بۆ ڕێزگرتن له گیانی پاکی ژینا و نارەزایەتیدەربڕین سەبارەت بەم کرده دژەمرۆییه، ڕژانه سەرشەقامەکان و به هەڵوێستێکی دروست و ئوسوولی و پڕمانا که هەڵگری کولتوور و کۆمەڵگەی کوردەوارییه بەرەوڕووی ئەوجۆره کردەوه قێزەونانەی دەسەڵاتی ئێستای ئێران بوونەوه. ئەوەش خۆی بوو به هەوێنی خۆپێشاندان له شوێنه جیاوازەکانی نێو ئێران و نەتەوەکانی دیکەی ئێران.


لەڕاستیدا ژینا بوو به بیانوویەک بۆ هەڵڕژاندنی زوڵم و سەرکوتی زیاتر له چلوسێ ساڵەی ئەو دەسەڵاته و وەک هەوێنێکی پڕ واتا بووه خاڵی هاوبەشی تەواوی گەلانی ئێران بۆ یەکگرتوویی و یەکدەنگی لەبەرانبەر دەسەڵاتداران. بەهۆی سەرکوتی دڕندانه و له ڕادەبەدەری ئەوجارەش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوه زۆری نەبرد که ژینا بوو به کۆد و هێمایەکی تەواو دیار بۆ ڕزگاریی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران؛ به شێوەیەک که هەموو جیاوازییه ئێتنیکی، زمانی، کولتووری و چینایەتییەکان، ڕۆحی ژینایان کردۆته پێشەنگی شۆڕش به مەبەستی ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاته تێرۆریسته.

کۆماری ئیسلامی نەتەنیا هیچ مافێکی خۆپێشاندان بۆ خەڵک قائیل نییه (تەنانەت بەپێی یاساکانی خۆشی) بەڵکوو دەست له هیچ کردەوەیەکی قێزەون و دڕەندانه بۆ کڕ و کپکردنی دەنگی خەڵک نابوێرێ و بۆ مانەوەی خۆی پەنا بۆ هەموو جۆره تاوانێک دەبات. لەو کاتەدا که خەڵکی ئێران لەگەڵ قەیرانه جۆراوجۆرەکانی ئابووری، سیاسی و حقووقی بەرەوڕوون و ژیانیان له هەموو ڕەهەندەکانەوه کەوتووەته مەترسییەوه، ئەوەی لەبیری دەسەڵاتدارانه تاڵانیی زیاتری وڵات و بێدەنگکردنی هەموو چینه نارازییەکانی خەڵکه، لەو کات و دۆخەدا، ئەو دەسەڵاته تێرۆریسته بۆ بەلاڕێدابردنی ماف و ویستی خەڵک و دواکارییه ڕەوا و ئینسانییەکانیان دەستی کرد به مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و چەسپاندنی مۆرکی جیاییخوازی به خۆپێشاندەران و تێکدانی دۆخی ناوچەکه. لەڕاستیدا پیاوکوژانی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهـ به سازکردنی نائارامییەکی قووڵ و بەربەرین لەنێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هاوکات لەگەڵ بەلاڕێدابردنی خۆپێشاندانەکان و مانگرتنه گشتییەکانی خەڵک لەنێو بیروڕا جیاوازەکانی نێوخۆی وڵات و لاینگرانی گۆپاڵ بەدەستی خۆی، له هەوڵی وەشاندنی زەبرێکی قورسدا بووه له پەیکەرەی سیاسی_نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆوەی به به سەرکوتی هەمەلایەنەی گەلی کورد، ترس و دڵەڕاوکێش بخاته نێو گەلانی دیکەی ئێرانەوه. هاوکات به جموجۆڵی جۆراوجۆری نیزامی هەوڵی ئەوه دەدات که باشووری کوردستان و بەغداش تێوەگلێنێ و به سازکردنی دۆخێکی تۆقێنەر و سامناک له سێبەری بێدەنگیی وڵاتانی جیهانی و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، زەمانەتی مانەوەی خۆی بگەڕێنێتەوه نێو ڕێکخراوه تێرۆریستییەکان و بەدەنەی خۆی. بەڵام هەر وەک له مووشەکبارانەکەی ۱۷ی خەرمانان دیترا ئەو هەڵه تاکتیکییەی کۆماری ئیسلامی که تەنیا ناحەزی و ڕووڕەشیی له ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا بۆ بەدواوه بووه، ئەوجاره به دووپاتکردنەوەی هەڵەی چوار ساڵ لەمەوبەر و لەو کاتەدا که زۆرینەی دەنگ له نەتەوەکانی ئێراندا داوای لاچوونی دەسەڵات و ڕووخانی ئەو سیستەمەیان هەیه، نەتەنیا نەیتوانی له دەنگ و داواکانی خەڵک کەم بکاتەوه، بەپێچەوانه خێرایی به پرۆسەی ڕووخان و لەنێوچوونی خۆی بەخشی و ئەمجاره به لێدانی بنکه و بارەگاکانی ڕۆڵەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات له باشووری کوردستان، زیاتر هاندەری ویست و داخوازییه جیاوازەکانی گەلانی نێو ئێران بوو. جگه له ژینا، وانیار و ڕێڕەوانی وانیار و نارازییەکانی ئەو دەسەڵاتەی زیاتر له جاران له دەوری یەکدی کۆ کردەوه و ڕۆژ به ڕۆژ خاڵه هاوبەشەکان بۆ یەکگرتوویی و یەکدەنگیی زیاتری گەلانی ئێران پتر دەکات بۆ نەمانی ئەو سیستەمه کۆنەپەرست و دژه خەڵکییه. کۆماری ویلایەتی فەقیهـ وەک تاکێکی خنکاوی لێ هاتووه که له ترسی لەنێوچوونی دەسەڵات و داگیرکارییەکانی پەلاماری هەموو کردەوەیەک دەدا و پەنا بۆ هەموو جینایەتێک دەبات و لەو نێوەدا تەنیا شتێک که لای گرینگه مانەوەی خۆیەتی بەنرخی گیانی تاک به تاکی خەڵکی ئەو وڵاته له هەر کوێی ئەو گۆی زەوییه که بن؛ ئەمجارەش بەو کردەوه تێرۆریستییانه نیشان درا که خەڵک و لایەن جۆراوجۆرەکانی سیاسی، مەدەنی و خەڵکی زیاتر لەگەڵ کێن و چ ئادرێسکیان پێ بەشێک له خۆیان و داواکارییەکانی خۆیانه.






# تێچووی ئێمە و گیرفانی ئەوان


کەیوان دروودی

لە ڕۆژانی ڕابردوودا بەشێوەی خشکەیی و بەئەسپایی، تێچووی قورسی کوردستان و بەلووچستان خرایە گیرفانی کۆمەڵێ کەسەوە کە لای نووسەر، لەخۆیدا مەترسییەکە لەسەر دەستکەوتەکانی ئەو قوربانیدانە. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ناوی ژینا بە هەشتەگێک گۆڕدرا بۆ ئەو ناوەی دامودەزگا حکوومییەکان دیارییان کردبوو. ئەمە یەکەم ململانێی مانایی بوو کە دەریخست، سەرەڕای گشت لایەنە ئەرێنییەکانی ڕاپەڕینەکە، جۆرێ لە شەڕی گێڕانەوە لە ئارادایە. شەڕێ کە وەکوو هەر ململانێیەکی‌تری نێوان هێژمۆنخوازی و ڕزگاریخوازی، نابەرانبەر و نارەوایە. بەرەبەرە و بە بانگەوازی مانگرتنێ کە لەلایەن ڕەوتە کوردستانییەکانەوە بڵاو کرایەوە، جۆرێکیتر لە گێڕانەوە دروست بوو کە یەکێکیان هەوڵی دەدا ئەم هەنگاوە پراکتیکییە بخاتە گیرفانی خۆیەوە و بەناوی "مانگرتنی گشتی" و ئەو ڕاستییە بشارێتەوە کە کوردستان تاقە شوێنێکی سەر جوغرافیای ئێرانە کە پێشوەختە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئامادەیی مانگرتنی هەیە. هەر بۆیەش بە بەردەوامی پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە نابێ ناوی ئەم مانگرتنە پاشگری کوردستانی پێیەوە بێ! کەچی بەڕوونی دەرکەوت هیچ مانگرتنێ لە هیچ شوێنێکی‌تر نەکراوە، بەوەشەوە دیسان پاشەکشەیان لە بۆچوونەکانیان نەکرد. هەر لە درێژەدا و بەو ڕەشەکوژییە لە کوردستان و بەلووچستان ڕووی دا، دانیان بەوەدا نەنا کە شێوازی سەرکوت لەسەر کورد و بەلووچ لە ڕووی بەکارهێنانی چەک و تێچووی گیانی و ماددی جیاوازییەکی زۆری لەتەک شوێنەکانیتر هەیە، ئەوە گەورەترین زەنگی مەترسی بوو کە بزانین، نکۆڵی لە قورسایی لەڕادەبەدەری سەرشانی ئەو دوو میللەتە دەکرێ لەپێناو ئەوەی شوێن‌پێکان بسڕنەوە، ئەمەش سەرچاوە لەو عەقڵانییەتە دەگرێ کە فرچکی بە گێڕانەوەی ساختە گرتووە. ئەم عەقڵانییەتە تەنانەت کاتێ دەیهەوێ هاوخەمی دەرببڕێ، دەست لە ساختەکاری هەڵناگرێ و ناوی ڕەسمی و مێژوویی ڕێکخراوی سیاسی پشتگوێ ئەخات و بە "پەنابەر" ناویان دەبات! ئەم نەریتە قیزەونە لای وایە هێز لەسەرووی خواستی ئینسانی و ئەقڵانییە و پێویستە سۆز و ئاوەزی مرۆڤ لەلای هێزێکەوە ئاراستە بکرێ تا بە تێگەیشتنی خۆی، مەترسییەکان بۆ دەرفەت بگۆڕێ! ئەم ڕەوتە حاشای لەو ڕاستییە کرد کە تێچووی ئەم ڕاپەڕینە بە ماددی و گیانییەوە باڵانسێکی هەرەبچووکیشی نەبوو. ڕێژەی بەندکراوان، بانگهێشت کراوان و گیان لەدەستداوانی ئەو ڕۆژانە، دەسەلمێنێ کە چەقی ئەو ڕاپەڕینە کوێیە و کێیە. وەکیتر لایەنێ کە ئەو تێچووەی داوە، وەکوو هەمیشە هێز و ئامانجی خۆی بۆ کرانەوە و بەختەوەرییەکی کۆیی تەرخان کردووە و بە بەردەوامی داوای هاوپێوەندی و لێکتێگەیشتنی کردووە. ئەمە لە خۆیدا دژی ئەو ئەقڵانییەتەیە کە بە گشت توانایەکەوە نکۆڵی لەو زەروورەتە دەکات و وا دەنوێنێ کە کێشەیەک جیا لە بوونی دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر نییە. لێرەدایە کە هەڕەشە دروست دەبێ و دەبێ بزانین باوەشی کراوە، هەمیشە ئاکامی دڵخوازی نابێ، بەڵکوو جار وایە هێزی و ئیرادەی تۆ بۆ ئاشتەوایی وەکوو ئامێرێ بەکار دێنێ تاکوو لەکۆتاییدا بە هەمان هێز، مامەڵە بکات و نە لە درگای یەکسانی و عەقڵانی، بەڵکوو لە درگای سەردەست و بندەستەوە کایە بکات.

ئەم ڕاستییە ئەوکات زیاتر دەردەکەوێ کە تێگەیشتنێکی قووڵمان لە ڕای گشتی "public opinion" هەبێ. ئەم چەمکە مودێڕنەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ستراکچری دەوڵەت-نەتەوە. ڕای گشتیی لە پەراوێزی دەوڵەت دروست دەبێ و خۆی لەفۆرمی جیاواز نوێ دەکاتەوە. لە ئێراندا و لە یەک سەدەی ڕابردوودا ئەم ڕای گشتییە فۆرمێکی تایبەتی گرتووە کە بەرهەمی باڵادەستیی یەک نەتەوەیە، بۆیە لە کاتێکی وەک ئەم ڕۆژانەدا، لەلایەن جەماوەرەوە بەرهەم دێتەوە ئەگەر تەنانەت دژی دەسەڵاتیش بێ، بەڵام لە هێڵە سەرەکییەکانی لا نادا. یەکێ لەو هێڵە سەرەکییانە کە بە هاتنەسەر کاری ڕەزا شاوە بەرجەستە بوو، حاشاکردن بوو لە بوونی داخوازیی دابەشکردنی دەسەڵات و نکۆڵی لە بوونی ئیرادەی گشتی. هەر بۆیە لەبەرامبەر دروشمی پڕ لە مانا و زیندوویی "ژن، ژیان، ئازادی" دروشمی پیاوسالارانە و گەشەسەندوویی ساختە قیت ئەبێتەوە. ڕای گشتی لەبەر ئەوەی شوێنکەوتەی دوو سەرکوتکەی هێژمونخواز بووە و هیچکات دەرفەتی سازان و خۆدەرخستنی نەبووە، ترسێکی یەکجار زۆری هەیە کە بەم گۆڕانە کوتوپڕە بەرەوڕووی ڕاستییەک بێتەوە کە دەیان ساڵە لەژێر ناوی پیرۆزی و تەقدیسدا شارداوەتەوە. لە ئێستەدا پێگەی پیرۆزی پاوشا و وەلی فەقیە تێکشکاوە و جێگرەوەیەکی ڕوون نییە تاوەکوو ئەو ئاوەز و سۆزە کە لە سەرەتا باس کرا، ئاراستە بکات. هەر بۆیە دروشمی ژن، ژیان و ئازادی گەڕاندنەوەی هێزە بۆ شەقام و کۆمەڵگە و دەچوونی لەژێر باری دەسەڵات سەرەوڕۆ و تاکەکەسی و پێویستە نیوەچڵ بکرێ. بەڵام نەوەیەک کە ئەمڕۆ دینامیزمی ڕاپەڕینە بەزۆری پێملی ئەم نەریتە باوە سەپێندراوە نییە و ئەوەش جێی دڵخۆشییە.

هەر بۆیە، دەبێ بەوردی ئاگامان لەوە بێ کە سەرەڕای درێژەپێدان بە مەیل و خواستی هاوکاری و هاوسۆزی، تێچووی نەتەوە بندەستەکان نەخرێتە گیرفانی ئەو لایەنانەوە کە تەنیا وەکوو ژمارە حسێب بۆ ئەو تێچووە دەکەن و بارە مانایی و مێژوویی و فەرهەنگییەکەی پەراوێز دەخەن. پتەوکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئەوانەی تێچووی ئەم ڕاپەڕینە دەدەن و هەروەها یارمەتیدان بەو هێزە بەخرۆشەی لە کۆتوبەندی ئایدیۆلۆژیی چەقبەستوو ڕزگار بووە و قسەی تازەی پێیە، گرینگترینی ئەو ئەرکانەیە کە ئەمڕۆ هەستی پێ دەکرێ. هەروەها شەفافیەت و ڕاشکاوی لە وتاردا ڕێگەی ئەوە دەگرێ کە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانەش، وەکوو ڕابردوو بکرێ بە بەڵگەیە بۆ نکۆڵی و حاشا لە دوارۆژدا. دەبێ ئەو ڕاستییە بە ئەرێنی وەربگرین کە نە لە ستراکچری دەسەڵاتی ئیستبدادیی مودێڕن و نە لە ڕای گشتیی بەزۆی شوێنکەوتە کراودا، نەک هەر ڕۆچنەیەک بۆ مامەڵە و لێکتێگەیشتن نییە؛ بەڵکوو وەکوو هێڵێکی سوور سەیر ئەکرێ. تێچووی لابردنی باری گرانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لەسەر شانی ئەوانەیە کە لەم ڕۆژانە لەشەڕی گێڕانەوەدا پەراوێز خراون.

و ئەوەش ئێمە لەڕووی ئەخلاقی و مێژووییەوە ئەرکدار دەکات ئەو گێڕانەوەیە لە گشت ڕوویەکەوە تێک بشکێنین. ئەمە نەک کێشە و لەمپەر دروست ناکات، بەڵکوو ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ داهاتوو تا بەگێڕانەوەیەکی ساختەوە نەکەوینە نێو دۆخێکی کوتوپڕدا. بێگومان ڕەوایی و هێزی ئێمە زیاتر لەوەیە کە بە ساختەکاری پەردەپۆش بکرێ.


برایم لاجانی

# قەیرانی کۆتایی

"تۆماس هیلاند ئێریکسن" کۆمەڵناسی بەناوبانگیی نۆروێژ، لە کتێبە ناسراوەکەی خۆیدا بەناوی "هەشت تایبەتمەندیی هەرە گرنگی گلۆباڵیزم" دەڵێ: یەکێک لە نیشانەکانی دەورانی گلۆباڵیزم ئەوەیە کە دەکرێ ڕووداوێکی بچکۆلەی ناوچەیی بەخێرایی باوبرووسکە ببێتە کێشە و پرسێکی جیهانی و نێونەتەوەیی.

ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا دەبینرێ، نموونەی ڕاستەقینەی ئەو ڕاستییەیە کە ئێریکسن باسی دەکات. پاش گیران و کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، کچە کوردێکی غەریبە لە تاران لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی پۆلیسی "ئەخلاق"! و بەخاکسپاردنی لە زێدی خۆی (سەقز) لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی تووڕە و وەزاڵەهاتوودا، ئەو ڕووداوە بووە سەرەتای گۆڕانکارییەکی گەورە لە دۆخی سیاسیی کوردستان، ئێران و تەنانەت ناوچەکەشدا.

خاڵی جێی سەرنج ئەوە بوو، لەسەر کێلی ژینا نوسراوە "ژینا گیان تۆ نامرێ، ناوت ئەبێتە ڕەمز". لە ماوەی چەند کاتژمێردا ئەو حەقیقەتە خۆی نیشان دا بەجۆرێک خەڵکی سەقز، دیواندەرە و شارەکانی دیکەی کوردستان بە نیشانەی نارەزایەتی بەدژی ئەو کردەوە جینایەتکارانەیە هاتنە سەر شەقامەکان. دواتر ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە ناسینیی کۆمەڵگەی کوردستان و بەو دڵنیاییەی کە خەڵکی کوردستان هەمیشە لەکاتی پێویستدا وەڵامی بانگەوازی هێزە پێشڕەوکانی خۆی دەداتەوە، لە پەیامێکی کورتدا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد بۆ مەحکوومکردنی جینایەتی کوشتنی ژینا دووکان و بازارەکان دابخەن و هاوپێوەندیی خۆیان دەگەڵ بنەماڵەی ئەو قوربانییە تازەی ماشێنی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی نیشان بدەن. هەروەک چاوەڕوان دەکرا خەڵک لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەپیل ئەو بانگەوازەوە هاتن و مانگرتنێکی گشتی و سەرتاسەرییان بەڕێوەبرد. بەوجۆرە ئەو ڕووداوە دۆمینۆ ئاسا هەموو شارەکانی دیکەی ئێرانیشی گرتەوە، لە تاران، تەورێز، ئیسفەهان، ڕەشت، گیلان، ئابادان، ئەهواز، قوم، مەشهەد، ئەردەبیل، زەنجان و هتد، لاوان، ژنان و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ڕژانە سەر شەقامەکان و کۆماری ئیسلامیان لە تەواویەتی خۆیدا هێنایە ژێر پرسیار. ئەو ئاگرە بەجۆرێک پەرەی سەند لە ماوەیەکی کورتدا هەموو وڵاتی گرتەوە، ڕێژیم بۆ سەرکوتکردنی ئەو بزووتنەوە مەدەنییە وەک هەمیشە تەواوی هێزی سەرکوت و زەبروزەنگی خۆی هێنایە مەیدان، بەڵام خەڵک بەگشتی و لاوان و ژنان و خوێندکاران بەتایبەتی لە ماوەیەکی کورتدا شەقام و مەیدانی شارو شارۆچکە، قوتابخانە و زانکۆکانی وڵاتیان لە دەستی هێزی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی هێنایەدەر و ناوی ژینا بوو بە سەردێڕی هەواڵی هەموو مێدیاکانی دنیا، خەباتی ژنان و لاوان و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسیی و مافی تاکەکان سەرجەم ڕۆژنامە و گۆڤارە ناسراوەکانی جیهانی داگرت و بوو بە باسی هەرەگەرمی نێو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پارلمان و کابینەی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان.

مەک میلان، سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئینگلیز، شەش دەیە لەمەوبەر لە پێوەندی دەگەڵ سەرەتای دەستپێکردنی لەبەریەک هەڵوەشانی سیستەمی ئیستیعماریدا، گوتی: ئەوە "شنەبای ئاڵوگۆڕە هەڵی کردوە". ئەو لێدوانەی ناوبراو دروست بوو. زۆری نەکێشا نەسیمی ئاڵوگۆڕەکان هەموو ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی گرتەوە و بوو بەهۆی گۆڕانکارییەکی گەورە.

ئەو بزووتنەوە نارەزایەتییانەی ئێستای ئێران و کوردستانیش بە سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە دۆخی سیاسی ئێران و کوردستان دێتە ئەژمار. لە ئەدەبیاتی سیاسیدا زاراوەیەک هەیە پێی دەگوترێ "قەیرانی کۆتایی" لە ڕاستیدا ئەوەی دەبینرێ بریتییە لە سەرەتای پرۆسەی کۆتایی دەستەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی هەموو نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە ئیدی کۆمەڵانی خەڵک و بەتایبەتی چین و توێژە خەباتگێرەکان، توانای تەحموولی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیان نەماوە و لەولاشەوە ڕێژیم ئیدی هەموو ئیعتیبارێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی و مەزهەبیی لەدەست داوە.

سیلۆ تاراکو، یەکێک لە ڕووناکبیرانی بەناوبانگی نۆروێژ دەڵێ؛ لەو زۆرانبازی و ململانێیەدا کە لەنیوان خەڵک و ڕێژیم لە ئێراندا هاتۆتە ئاراوە، سەرەنجام ئەوە خەڵکن سەر دەکەون و دەیبەنەوە، چوونکە خەڵکی ئێران ئیدی نایانهەوێ لەژێر دەستی دەستەڵاتێکی دینیدا ژیان بەسەر بەرن. ئەو بزووتنەوەیە هەر ئێستا گەلێک دەسکەوتی گەورەی وەدەست هێناون.

لەو بزووتنەوەیەدا هەمووگەلانی ئێران، چین و توێژە زەحمەتکێشەکان، لاوان، ژنان، خوێندکاران، کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان بەشدارن. ژینا بۆتە سیمبولی یەکیەتی و یەکگرتوویی و هاوخەباتیی هەموو خەڵکی ئێران.

کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی زۆرە کاری لەسەر ئەوە کردبوو بزووتنەوەی کوردستان لە بزووتنەوەی سەرانسەری گەلانی ئێران داببڕێنیت، بەڵام ڕووداوەکانی ئەو دواییانە دەریانخست ئەو "کوردستان هەراسی" و "کوردۆفۆبیایە" ئیدی ڕەویوەتەوە و خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە دەڕواننە خەبات و بەربەرەکانی خەڵکی کوردستان بەرانبەر کۆماری ئیسلامی. لەوەش زیاتر کوردستان وەک سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهامی خەبات و تێکۆشانی خۆیانی سەیر دەکەن.

ئەوە کە کۆماری ئیسلامی بە مووشەک و چەکی مۆدێرن بۆردومانی بنکە و بارەگاکانی هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان و ناوچە سنورییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان دەکات، لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە کوردستان چ لە ئێستا و چ لە داهاتوودا ماتەوزەی ئەوەی تێدایە ببێتە قەڵای ڕاپەڕینی سەرانسەریی بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی.

ئەو بزووتنەوەیە توانیویەتی هاوپێوەندی و پشتیوانییەکی گەورەی جیهانی و نێونەتەوەیی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. یەکیەتی ئۆروپا، وڵاتانی ئۆرووپایی، کانادا، ئەمریکا و و نیوزلەندا، ئوستراڵیا هاوپێوەندیی خۆیان دەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران نیشان داوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، کۆوکۆمەڵەبەشەردۆستەکان، ڕ ۆ ژ نا مە نو و سا ن ، هو نە ر مە ند ا ن ، ڕێکخراوەکانی ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان، وەرزشوانان و سینەماکاران لە سەرانسەری دونیادا هاوپێوەندیی خۆیانیان دەگەڵ داخوازییەکانی خەڵکی ئێران دەربڕیوە. ئەوە پتر لە سێ هەفتەیە بزووتنەوەی خەڵکیی ئێران لەسەرجەم هەواڵ و میدیاکان یەکەمە، کە ئەمە نیشانەی گرنگی و بایەخی ئەو ڕاپەڕینەیە.

کۆماری ئیسلامی پاش هاتنەسەرکار، هاوکات هێرشی بۆ سەر کوردستان، ژنان و زانکۆکانی ئێران دەست پێ کرد. سەرکوتی ژنان و زانکۆکان و کوردستان بوو بە سەرەتای دەستپێکردنی ئیستبدادی ڕەشی مەزهەبی لە ئێراندا کە ئەوە پتر لە چل ساڵە بەردەوامە. سەیر ئەوەیە ئێستا هاوکات کوردستان، ژنان و زانکۆکان، هێرش و پەلاماری خۆیان بۆ سەر دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کردوە و بوونەتە هەوێنی لێکگرێدانی بزووتنەوەی سەرتاسەری و ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی.

تایبەتمەندیەکی بەرچاوی ئەو بزووتنەوەیە ئەوەیە کە وەک ویکیپیدیا وایە! هەموو کەس دەتوانێ بەشداریی تێدا بکات و شوێنەواری خۆی لەسەر دابنێ. ئێران وڵاتێکی فرەگەل، فرەفەرهەنگ، فرەدین، فرەمەزهەب، فرەدەنگ و فرە ڕەنگە بزووتنەوەکە و ڕاپەڕین و سیاسەتەکەشی دەبێ ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییە بێت. ئەو بزووتنەوەیە خاڵی هەرە بەهێزی ئەوەیە کە بزووتنەوە و ڕاپەڕینی هەمووانە، هەموو بە دەنگ و ڕەنگ و داخوازی و ناسنامەی خۆیانەوە تێیدا بەشدارن و دەیانهەوێ ڕەگەڵی کەون ئەگە ئەو بزووتنەوەیە ئاوا برواتە پێش و کەس نەتوانێ هێژمۆنی سیاسی و ئایدۆلۆژی خۆی بەسەردا بسەپێنێ و تێکۆشێ ئەوانی دیکە پەڕاوێز بخات، هیچ شک لەوەدا نییە بە ئامانجەکانی خۆی دەگات، کە بریتییە لە ڕووخانی دەسەڵاتی ڕەشی مەزهەبی و دامەزراندنی دێموکراسی لە وڵاتەکەماندا.

ڕووداوەکانی ئەو چەند هەفتەیە نیشانیان دا خەڵکی ئێران لە توانا و ئیمکانی دایە خەباتی خۆیان بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرنەپێش و بە سەرنجامی خۆشی بگەیەنن. ئەوان چاوەڕوانییان لە کۆمەڵگەی جهیانی ئەوەیە لە باری سیاسی و ئەخلاقییەوە پشتیوانییان لێ بکەن. ئێمە هیچ کاتێک پێمان خۆش نیە هێزە دەرەکیەکان لە باری نیزامییەوە دەست لە کاروباری نیوخۆی وڵاتەکەمانەوە وەردەن، بەڵام داوامان ئەوەیە دەست لە سیاسەتی سازان و ساتوسەودا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵگرن. ئەوە گەورەترین یارمەتییە بە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران.

شتێکی دیکە کە پێویستە لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە کە لە سەردەمی ئێستادا، لە پێوەندی دەگەڵ ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکاندا، بێجگە لە فاکتۆری دەرەکی، فاکتۆرێکی دیکەش کاریگەریی گەورەی بۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمانە هەیە. ئەویش ئەوەیە؛ ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرییانە سەرەنجام لەبن قورسایی گەندەڵی و ناکارامەیی خۆیاندا دادەتەپن.

کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارێکەوە بە بنبەستی سیاسی و ئایدۆلۆژیی خۆی گەیوە. توانای چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی نییە کە خەڵکی ئێران دەگەڵیان بەرەوڕوویە، درووشمی لانیکەمی داخوازی ناڕازییان بریتییە لە هەڵوەشانەوەی حیجابی ئیجباری، دەگەڵ دروشمی لانی زۆری داخوازیی خەڵک، واتە نەمانی دیکتاتۆری و دابینبوونی ئازادی و دێموکراسی، بەجۆرێک لێکگرێدراون کە هیچیان بەبێ یەکتر جێبەجێ نابن. بۆیە خاوەنڕایان دەڵێن ئەوەی لە ئێران ڕوو دەدات سەرەتای کۆتایی پرۆسەی ڕووخانی ڕێژیمی ئاخوندی و تەواوبوونی چاخەکانی نیوەڕاستی ئێرانە.

کوردستان
● ژماره ٨٣٢
١٥ی ڕەزبەری ١٤٠١ _ ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢




# مانگرتن ڕێگایەک بۆ شکاندنی شکۆی دیکتاتۆر

**ت. ئاگری**

لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکانی خەڵکی ئێراندا، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورستان وێڕای پێشەنگایەتییان لە خۆپێشاندان و هاتنە سەر شەقام، دوو جاریش بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان بەشداریی ئەم ناڕەزایەتیانە بوون.

جاری یەکەم لە سەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە هەمبەر کوژرانی ناجوامێرانەی ژینا ئەمینی بە دەست جەللادانی گەشتی ئێرشادی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەو مانگرتنە وێڕای نیشاندانی ئاستی تووڕەیی خەڵکی کوردستان لەو کردەوەیەی کۆماری ئیسلامی و هاودەنگییان لەگەڵ حیزبەکانی خۆیان، بوو بە هۆی ئەوە کە ناڕەزایەتییەکان لە سەقزی شاری ژیناوە بە هەموو کوردستان و لە کوردستانیشەوە بە پانتایی هەموو ئێران بڵاو بێتەوە. بە جۆرێک کە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان بە شێوەیەکی کەموێنە هەموو جوغرافیای ئێرانی گرتەوە.

قورسایی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بە ڕادەیەک بوو کە کۆماری ئیسلامی بۆ ڕزگارکردنی خۆی لە چنگ خەڵکی وەزاڵەهاتوو، پەنای بۆ هەموو فرتوفێڵێک برد. یەک لەوانەش هەڵخڕاندنی هەستی ئێرانییەکان بە "لە مەترسیکەوتنی سنوورەکان" و لەقاودانی مەترسیی دابەشکردنی خاکی ئێران لەلایەن حیزبەکانی کوردستانەوە بوو. بۆ ئەوەش دەستی بە تۆپباران، هاژەکباران و درۆنبارانی بنەماڵە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بنکەی حیزبەکان لە باشووری کوردستان کرد. لەو هێرشە نامرۆڤانەیەدا بە داخەوە ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەکان شەهید و بریندار بوون و زیانێکی زۆر بەر ماڵ و ژیانی ئاوارەییان کەوت. بەپێی بانگەوازی ناوەندی هاوکاری و حیزبەکانی دیکە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژی ٩ی ڕەزبەردا بۆ جارێکی دیکە دووکان و بازاڕیان داخستەوە و بێزاریی خۆیان لەو کردەوەیە و لە کۆی کۆماری ئیسلامی دووپات کردەوە. لە سەر بانگەوازی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەم جارە مانگرتن و داخستنی بازاڕ تا ڕادەیەک پەلی بۆ شارەکانی دیکەی ئێرانیش هاویشت. بەشێک لە دووکانداران و بازاڕیانی تاران، ئیسفەهان، ڕەشت و هێندێک شوێنی دیکەی ئێران دژ بە سەرکوتی خۆپێشاندانەکان و بۆ هاودەردی لە گەڵ خەڵکی کوردستان دووکان و بازاڕیان داخست. هاوکات سەرەتایەک لە مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی ئێرانیش هاتە ئاراوە. ئەوە وێڕای مانگرتنی مامۆستایانی قوتابخانەکان لە بەشێک لە شارەکانی کوردستان و لە پارێزگای فارس.

وەک چۆن کورد هەر لە سەرەتاوە پێشەنگی ئەم ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانانە بوو، هەردوو جاری ئەم مانگرتنانەش گوڕوتینێکی نوێیان بۆ خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە ئاستی ئێران دایەوە و نیشانیان دا کە چۆن خەڵکی کوردستان لە باری خەبات و تێگەیشتنی سیاسییەوە چەند هەنگاوێک لە پێش خەڵکی ناوەند و بەشەکانی دیکەی ئێرانەوەن.

ئەو تێگەیشتن و ئەزموونەی خەڵکی کوردستان لە خەباتی سیاسی و مانگرتن، بە شێوەی کۆنکرێت بۆ خەباتی گەلی کورد لەم دوو دەیەی دواییدا دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی هەوڵی دا لەو شێوازەی خەبات کەڵک وەرگرێ، بەڵام باری قورسی خەبات لە سەر خەڵکی کوردستان، سەرکوتی زۆری خەڵک لەلایەن کۆماری ئیسلامی، تاقی‌نەکرانەوەی ئەو شێوە خەباتە تا ئەوکات و مەترسیی خەڵک لە نەگەیشتنی هاواریان بە گوێی دنیا بەشێک لەو هۆکارانە بوون کە ئەوکات مانگرتن سەرکەوتوو نەبێ. بەڵام ساڵی ١٣٨٤ لە نێو ئەو سەرهەڵدانەدا کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە کوژرانی شوانەی سەید قادر بە دەستی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی هاتە ئاراوە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە هەمبەر سیاسەتی تێرۆر و کوشتنی کۆماری ئیسلامی، لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، شازدەهەمین ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور قاسملووی مەزن دووکان و بازاڕەکانیان داخست. سەرەڕای گوشار و ئازاری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بازاڕیان و دووکانداران، ئەم ڕەوتە تا چەند ساڵ دواتریش بەردەوام دووپات دەکرایەوە. بەڵام گوشاری زۆری کۆماری ئیسلامی لەلایەک و ناهومێدیی خەڵک بە هۆی لێکترازانی ڕیزەکانی حیزب، بەرەبەرە ئەو شێوە خەباتەی بەرەو کاڵبوونەوە برد. دوای ئێعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێکانی لە ١٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ی هەتاوی، خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە بێزاری و ناڕەزایەتیی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان دووپات کردەوە. دوا جاریش هاژەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ کە بوو بە هۆی شەهیدبوونی حەڤدە کەس لە ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزب و هاوکات سێ زیندانیی سیاسیش لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە دار دران، تووڕەیی زۆری خەڵکی کوردستانی لێ کەوتەوە. لە سەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و پشتیوانیی حیزبەکانی دەرەوەی ناوەند مانگرتنێکی سەراسەرییان بەڕێوە برد. مانگرتن لە کوردستان ئیدی بووە بە نەریت و بە شێوە خەباتێکی زۆر ئاشنا لە دەست خەڵکدا. هەر دوو مانگرتنی دوایی دەریانخست کە لە باشووریترین شارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە تا باکووریترینیان، بەو شارانەشەوە کە لە نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکەدا هاوبەشن، لە کاتە پێویستەکاندا بە پیر بانگەوازی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەوە دێن و خەڵک لەو ڕێگایەوە هاوپێوەندیی خۆیان لە گەڵ حیزبەکانی خۆیان و نەفرەتیان لە کۆماری ئیسلامی و کردەوەکانی دەردەبڕن.

مانگرتن بە شێوەی داخستنی بازاڕ و نەچوونە سەر کار لە ئاستێکی لۆکاڵی و ناوچەییدا، شێوەیەک لە خەباتی مەدەنی و لە ڕاستیدا جۆرێک خەباتی پێچەوانەیە. بەو واتایە کە خەڵک کارێک ناکەن کە دەسەڵات حەزی لێیە و بەم جۆرە بێزاری و ناڕەزایەتیی خۆیان لە دەسەڵات و لە کردەوەکانی، بە گوێی کاربەدەستانی حکوومەت و لە ڕێی مێدیاکانەوە بە دنیا ڕادەگەیەنن. بەڵام مانگرتن لە ئاستێکی گشتگیرتردا دەسکەوتی زۆر زیاتری بە دوادا دێ.

ئێرانییەکان ئەگەرچی ئەزموونی لاوازکردن و لە عەرز دانی دەسەڵاتی پاشایەتییان لە ڕێگای مانگرتن و داخستنی بازاڕ لە ساڵی پێش ئینقلابی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا هەیە بەڵام ئەو کاتیش بازاڕ تا ڕادەیەکی زۆر لە دەست ئەو ڕەوتانەدا بوو کە دواتر کۆماری ئیسلامییان پێک هێنا. لەو کاتەوە ڕێژیم بە درێژایی پتر لە چوار دەیە تەمەنیدا، تا ڕادەیەکی زۆر چەکی داخستنی بازاڕی لە دەست خەڵک دەرهێناوە. یەک لە دەسکەوتەکانی سەرهەڵدانی ژینا، دەرکەوتنی نیشانە سەرەتاییەکانی پەیوەست بوونی شارەکانی دیکەی ئێران بە خەباتی مانگرتنی خەڵکی کوردستانە. دوای دەسپێک و پەرە گرتنی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان، مانگرتنێکی گشتگیر و بەردەوام، قۆناغێکی گرینگ و چارەنووسسازە لە ڕەوتی ڕووخانی ڕێژیم. مانگرتنی سەراسەری ناڕەزایەتییەکان بە ناخی کۆمەڵگەدا شۆڕ دەکاتەوە و گشتگیرتری دەکا و چین و توێژی زیاتری پێوە پەیوەست دەکا. هەروەها ڕێژیم لە باری ئابوورییەوە لاواز دەکا. بە تایبەتی ئەگەر مانگرتن بوارەکانی گواستنەوە و خزمەتگوزاریی وڵات بگرێتەوە دەتوانێ دەوڵەت بە یەکجاریی نوقوستان بکا لە کاری بخا. بەڵام لە حاڵەتی ئاساییشدا لاوازیی ئابووری دەبێتە هۆی بچووکتر بوونەوەی دەوڵەت تا ئاستێک کە بە زەحمەت بتوانێ مووچەی کارمەندەکانی بە تایبەت بەکرێگیراوان و هێزە سەرکوتکەرەکانی بدا. بەڵام بێ لەوە، مانگرتنی سەراسەری لە باری سیاسییەوە هەیمەنە و ئیقتداری دەسەڵات تێکدەشکێنێ. لەو قۆناغەدایە کە دانگەڕێز کردنی هێزە چەکدارەکان دەست پێ دەکا و ڕێژیم لە باری سەربازییەوە تووشی داڕمان دەبێ. داڕمانی سەربازی، ئیزۆلە بوونی دەسەڵاتی لێ دەکەوێتەوە و حکوومەت بچووک و بچووکتر دەکاتەوە. ئیدی خەڵکیش زیاتر ترسیان لە دەسەڵات دەشکێ و دوای ئەوە ڕاپەڕینێکی چەکداری و تەنانەت بە بەرد و تێڵاش دەتوانێ تەخت و بەختی جەماران و هەر حکوومەتێکی دیکتاتۆر بە یەکجاری تێکەوە پێچێ و ئەو پەڵە نەنگە لە داوێنی مرۆڤایەتی بشواتەوە.


برایم جەهانگیری

# ڕووخانی ڕێژیم بە ئیرادەی کورد

ڕۆژهەڵاتی نەبەز، ڕۆژهەڵاتی دڵ، جارێکی دیکە بە وەڕێخستنی مانگرتنی گشتی لە سەرتاسەری کوردستان شکست و نائومێدییەکی دیکەی بەرەوڕووی ئەو ڕێژیمە فاشیستی و دژە بەشەرییە کردەوە.

ڕێژیم بە هاژەکباران و هێرشی تێرۆریستی بە دڕۆنی بۆمبرێژکراو بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوو ئامانجی هەبوو. یەکەم داخی دڵی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بوو کە لەمێژ بوو پێشبینیی ئەوە دەکرا لە حاڵەتی یەکگرتنەوەی دوو دێمۆکراتدا هێرشیان بکرێتە سەر. دووهەم پێی وابوو بە هێرشی لەو چەشنە سەرکەوتنی گەورە بەدەست دێنێ. ڕێژیم پێی وابوو کورد تووشی ترس و تۆقاندن و ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانیش تووشی نائومێدی دەکات ئەو نائومێدییە سەرتاسەری ئێران وەها دەگرێتەوە کە دەنگی ناڕەزایەتییەکان کپ بکرێن؛ بەڵێ ئامانجی ڕێژیم لەو پەلامارە دڕندانەیە ڕێک ئەوە بوو.

هێرشی تێرۆریستیی دەوڵەتێکی تێرۆریستی بۆ سەر بنکە و بارەگای حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بێجگە لە کاردانەوەی زۆر باشی هێز و لایەنە سیاسییەکانی باشوور و هەموو ئێران، بووە



هۆی تووڕەیی زیاتری خەڵکی کوردستان و ئەوانی دووبارە بەرەوڕووی بەرپرسایەتییەکی دیکەی مێژوویی کردەوە کە وەک دەبینین بەوپەڕی شانازی و سەربڵێندییەوە لەو ئەزموونە هاتە دەر.

ڕێژیم هێرشی کردە سەر بنکە و بارەگای حیزبەکان، بنکە و بارەگایەک کە شوێن و مەکانی خەباتکارانی سیاسی و ژن و منداڵی ئەو خەباتکارانە بوو، بنکە و بارەگایەک کە وەک نیشانە وایە و جێگا و مەکانی مەعلوومە، ئەو هێرشە تێرۆریستییە و ئەو پەلامار و سنووربەزاندنە بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ یاسا و ڕێسایەکی نێودەوڵەتی و کەلەگایی و یاغیگەرییەکی ئاشکرای ئەو ڕێژیمەیە بەرامبەر بە هەموو کۆمەڵگەی جیهانی و سەلماندنی دوژمنایەتیی بێسنووری ئەو ڕێژیمەش بوو بەرامبەر گەلی کوردی کۆڵنەدەر.

هەروەک وەبیرهێنانەوە لە کاتی یەکەم شەڕی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاساندا و لە کاتی شەهیدبوونی پۆلێ پێشمەرگەی ئەو نیشتمانە لەحاڵێکدا زۆر کەس سەرکۆنەی ئەو بەرنامەیەی دەکرد، من نووسیم ئەو حەرەکەتە شکاندنی ئەو ئیرادە فەرزکراوەیە کە ڕێژیم ساڵەهایە بەسەر کوردستاندا زاڵی کردوە و ڕاسان ئەو باوەڕەی ژیاندەوە کە کورد دەتوانێ هەموو کات ئەو فەرزی ئیرادەیە بشکێنێ و ڕێژیم و هێزە هڵۆڵە بێباوەڕەکانی تووشی سەرسووڕمان و نائومێدی بکا. ئەوە گرینگترین پەیامی شۆڕشگێڕانەی ڕاسان بوو.

ئەوکات نووسیم بە دووری مەزانن ئەو ڕێژیمە لەسەر دەستی کورد و پێشمەرگە تێکتەپێ، دیارە مەبەستم ئەوە نەبووە کە پێشمەرگە تاران ڕزگار دەکات و داگیرکەر دەڕووخێنێ بەڵکوو مەبەستم ئەو هەوێنە بوو کە بەهۆی پێشمەرگەوە دروست دەبێ و دەبێتە هۆکار بۆ ڕووخانی فاشیزمی مەزهەبی.

بەڵێ ئێستا ئەو ڕۆژە نزیکە، ئاخر ئەو ئیرادەیە هی کورد بوو کە بە مانگرتن و ڕاپەڕینی خۆی وای کرد جارێکی دیکە سەرتاسەری ئێران بۆ شەهید "ژینا ئەمینی" بێتە دەنگ؛ کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی ئەوەی چەند ساڵە لە دڵی خۆدا کەڵەکەی کردوە دەریبڕێ و کار بگاتە جێگایەک کە ئەمڕۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە بە یەکگرتوویی و بەشداریی هەموو لایەک و بە بەشداریی گەلانی ئێران بەگشتی لە هەموو کات نزیکترە.

بەڵێ ئەوڕۆ کوردی ڕۆژهەڵات جارێکی دیکە بە دنیا و بە ئێران و بە دوژمنانیشی نیشان دا کە ڕێژیم دەتوانێ بە مووشەک و دڕۆنی بۆمبڕێژکراو ئەو بنکە و بارەگایانە بڕووخێنێ، دەتوانێ چەند پێشمەرگەیەک شەهید و ژن و منداڵی بێتاوان خەڵتانی خوێن بکا بەڵام مەحاڵە و مومکین نییە ئیرادەی ئەو گەلە بڕووخێنێ و بچوکترین درزی تێ بخات، ئیرادەیەک کە تەمای وەیەتی تا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و بە سزا گەیاندنی خەیانەتکار و جینایەتکاران لە خەبات و بەرخودانی ڕەوا نەوەستێ. ئەوڕۆ ئاگری ڕق و تووڕەیی کورد سەرتاسەری ئێرانیشی گرتۆتەوە و ئەو بۆچوونە لە ڕاستی نزیک دەبێتەوە کە ئەو ڕێژیمە لەسەر دەستی کورد و بە ئیرادەی کورد دەڕووخێ.

# هەڵویست و کاردانەوە

**(بەشێک لە کاردانەوەکان بە پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات)**







هێرشی مووشەکیی ڕۆژی چوارشەممە، ٦ی ڕەزبەری سپای پاسداران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاردانەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی و کۆمەڵگەی جیهانیی لێ کەوتەوە، وەک:

– سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند سەرکۆنەی بۆمبارانکردنی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ گرتنە ئامانجی شوێنی ژیانی دانیشتووانی سڤیل لە هەرێمی کوردستان دەکەین. هەروەها داوا لە حکومەتی فیدراڵیی عێراق دەکەین ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات و خاک و سەروەریی وڵات بپارێزێت.

– بارەگای بارزانی ئەم هێرشەی سپای پاسدارانی بە "تاوانکاری" ناو برد و داوا کرد دەستبەجێ ئەو پەلامار و بۆردومانانە ڕابگیرێن و هەرێمی کوردستان چیدیکە نەکرێتە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی گرفت و ناکۆکییە نێوخۆییەکانی وڵاتانی دراوسێ.

– بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی یەکیتیی نیشتمانی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند ئەمە پێشهاتێکی ترسناک و مەترسیدارە کە قووڵایی هەرێمی کوردستانی کردۆتە ئامانج و داوای دەستبەجێ ڕاگرتنی دەکەین... هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە تێکدانی سەقامگیریی خاکەکەمان هەرگیز لەیاد ناکەین و خوێنی خەڵکەکەمان لەبیر ناچێتەوە.

– فراکسیۆنی گۆران وێڕای مەحکوومکردنی هێرشەکە داوای لە حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان کرد ئەم تاوان و جینایەتە مەحکووم بکەن و ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی بگرن.

– حیزبی شیوعیی کوردستان داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە لەبەرانبەر ئەو هێرشە ناڕەوا و دژە ئینسانیانەدا بێدەنگ نەبێ و هەڵوێست بنوێنێ.

– جەیک سولیڤان، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا ڕایگەیاند: ئێران ناتوانێ بە هێرشکردنە سەر دەرەوەی سنوورەکانی، خۆی لە کێشە و ناڕەزایەتییە ڕەواکانی نێوخۆی وڵاتەکەی بدزێتەوە.

– ئەنتۆنیۆ گۆتێرێش، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کرد پێویستە ڕێز لە سەروەری و سەلامەتیی خاکی عێراق و بنەماکانی دراوسێیەتیی باش بگیردرێ.

– وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئەو پێشێلکارییە بێپاساوەی کۆماری ئیسلامی سووکایەتی بە سەروەریی خاکی عێراقە.

– نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ڕایگەیاند پێویستە دەستبەجێ ئەو هێرشانە بوەستێندرێن، جونکی دیپلۆماسیەتیی مووشەکباران، دەرئەنجامێکی وێرانکەری دەبێت و عێراق و هەرێمی کوردستان نایانەوێ وەک حەوشەی پشتەوەی ناوچەکە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

– شوڕای میلیی بەرگریی ئێران لە بەیاننامەیەکدا هێرشی مووشەکی و جینایەتی نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی مەحکووم کردوە.

– غەفوور مەخمووری، سکرتێری یەکێتیی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کۆماری ئیسلامی بۆ پەردەپۆشکردنی شکستی خۆی بەرانبەر بە هێزی جەماوەری گەلانی ئێران و داماوی و دەستەوەستانییەتی بەرانبەر بە ئیرادەی گەلانی ئێران ئەو هێرشەی کرد. ئیمە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شەرمەزاری مێژوو دەزانین و ڕۆژێک دەبێت وڵامدەرەوەی ئەم کردەوە و تاوانەکانی تریان دەرحەق بە گەلی کورد و کۆی گەلانی ئێران بن.

– ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی ئێران ڕایگەیاند دەبێ لەبەرامبەر ئەم کردەوە هۆڤانەیە بە یەکیەتی و هاوهەڵوێستی ناڕەزایەتیی خۆمان بۆ گڕوتین بەخشین بە سەرهەڵدانی ناوخۆ نیشان بدەین.

– حیزبی مەشرووتەی ئێران (لیبرال دێموکرات) ڕایگەیاند ئێمە ئەو هێرشە نامرۆڤانەیە بۆ سەر خوشک و برایانی کوردمان مەحکووم دەکەین.

– کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا داوای لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کردوە بێنە دەنگ و هێرش و پەلامارەکانی ڕێژیمی ئێران بە زووترین کات ڕابگرن.

– کۆمیتەی ناوەندی پارتی دێموکراتی کوردستان لە خۆراوای کوردستان ڕایگەیاند ئەو پەلامارەی ئێران دەبێ لێپرسینەوەی لێ بکرێ و داوای لە حکوومەتی عێراق کرد لە بواری دیپلۆماسییەوە پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ وەستاندن و دووبارە نەبوونەوەی ئەم هێرشانە وەدەست بێنیت.

– وەزارەتی دەرەوەی وڵاتانی عێراق، میسر، ئاڵمان ئەم هێرشانەیان مەحکووم کرد و ئێرانیان سەبارەت بە دەرەنجامی ئەو دەستدرێژییانە وریا کردەوە.

– مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ڕزگاری دێموکراتی کوردستان و لێژنەی کاری هاوبەشی چەپی کوردستان، ناوەندی نەمران و ناوەندی چوارباخ چەند لایەنێکی سیاسی و کولتووری بوون کە ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کرد.

– مێهدی سامیع، وتەبێژی ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران لە پەیامێکدا ڕایگەیاند هێرش بۆ سەر بنکەکان کە باخچەی ساوایان و قوتابخانە و خەڵکی سڤیلیان تێدا نیشتەجێیە، دەربڕی ئەوپەڕی داماویی ئەخلاقی و سیاسی و دڕندەیی ڕێبەرانی ڕێژیمە.

– سێن گوپتا، نوێنەری یونسێف لە عێراق بەتوندی سەرکۆنەی هێرشەکانی ئێران بۆ سەر قوتابخانە و ناوچە سڤیلنشینەکانی دیکەی کرد و گوتی هێرشکردنە سەر منداڵان و قوتابخانەکەیان مایەی قبووڵکردن نییە.

– یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان: بۆردوومانەکانی ئێرانی "ناڕەوا"ن و دەبێ هەرچی زووتر جەنگ و خوێنڕێژی و پێشێلکردنی سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق بوەستێندرێ.

– دەستە سەربەخۆی مافی مرۆڤ: ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پێویستە لە نێوخۆی وڵاتەکەیدا چارەسەری کێشەکانی خۆی بکات.

– وەزارەتی دەرەوەی عەرەبستان: هێرشەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان مەحکوومە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ سەبارەت بە دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بایەخ بە گرنگیی وەستاندنی ڕێژیمی ئێران بدات.

– دامەزراوەی "ڕایەڵ" بۆ پشتیوانی و هاوخەمی دەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەشتەمین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی کولتووری جیاوازەکانی هەڵوەشاندەوە کە قەرار بوو بە بەشداری ١٩ وڵات لە شاری ڕانیە لە ئاستێکی بەرزدا بەڕێوە بچێت.

– شوڕای میلیی تەسمیم: ڕاستە کۆماری ئیسلامی لەوانەیە بتوانێ ترسی خۆی بە خۆمپارەلێدان و مووشەکبارانی حیزبە کوردییەکان بشارێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە سیاسەتی حیزبە کوردییەکان لە دروستکردنی پێوەندییەکی سەراسەرییە کە زراوی کۆماری ئیسلامیی بردوە.

– یەکیەتیی پەرلەمانتارانی کوردستان: بە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێین لەجیاتی هەوڵدانی بێئاکام بۆ قڕکردن و مراندنی هەستی نەتەوەیەکی زیندووی خاوەنماف، هەوڵ بدەن بە گفتوگۆ، چارەسەری ئاشتییانەی کێشە نێوخۆییەکانیان بکەن، نەک زیاتر ئاڵۆزکردنی کە قازانجی لێناکەن.

– پارتی سەربەستیی کوردستان: لە هەموو پاکانە و بڕوبیانووەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو هێرشە بە ناڕاست و ناڕەوای دەزانین. هیچ شاراوە نییە کە ئێران لەم کاتەدا لە ئاست خۆپێشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە تەواوی بە چۆک داهاتووە و بەرەو ڕووخان دەچێت، هەر بۆیە ڕق و کینەی دۆڕاوی خۆی بە سەر حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەڕێژێت.

– کۆمەڵەی خۆبیوون لە ئاڵمان: کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێژیمێکی فاشیستە کە ئاوا بێشەرمانە و بێبەزەییانە کەمپ و قوتابخانەی خوێندنی منداڵان دەداتە بەر هێرشی مووشەکی بالستیک.

– لە وڵاتانی ئەمریکا، سوێد، یۆنان، ئاڵمان (بایرن، فرانکفۆرت، شتوتگارت، هامبورگ و کۆڵن)، بریتانیا، کانادا و نۆرویژ و ... دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و ئاکسیۆن بۆ مەحکوومکردنی پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و پاڵپشتی لە ڕاپەڕینی جەماوەریی دژی ڕێژیم بەڕێوە چوون.

## کۆبوونەوەیەک لە پاڕلمانی ئاڵمان

## بۆ مەحکوومکردنی هێرشی مووشەکیی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر حیزبە کوردییەکان و سەرکوتی ڕاپەڕینەکان

لە دانیشتنێکی پارلەمانی ئاڵمان کە نوێنەرەی حیزبەکان و وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەش بەشدار بوون، زۆربەی نوێنەرانی حیزب و ئەندامانی پارلەمانی ئەو وڵاتە وێڕای مەحکوومکردنی سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، خوازیاری هەڵوێستی جیددی وڵاتەکەیان و یەکیەتیی ئورووپا بەرانبەر بە ڕێژیمی ئێران بوون.

**بەشێک لە قسەی وتاربێژانی ئەو کۆبوونەوەیە:**

**بیژەن جیرسەرایی، حیزبی ئێف دی پی (دێموکرات ئازاد):** ڕێژیمی ئێران بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەک هێرشی کردووە بۆ سەر کوردانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان. کۆماری ئیسلامی بەرەو ڕووخان دەڕوا و ئەو خۆپیشاندان و مانگرتنانە کاتی نین و پێویستی چیدی ئێمەیش چاو پۆشی لە جینایەتەکانی ڕێژیم نەکەین و هەڵویستی جیددیمان هەبێ.

**گوکای ئاکبولوت، حیزبی چەپ:** وەکوو ئەندام پارلەمانێک کە کوردم، سیاسەتی ئاڵمان لەهەمبەر کۆماری ئیسلامی نەرمی نواندن و چاوپۆشیکردنە لە بەرانبەر سەرکوتی ژنان. هەموومان دەزانین کە خۆپێشاندانەکانی ئەو جارە لە کوردستان بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەستی پێ کرد و پێویستە هەڵویستی ئاڵمان لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا بگۆڕدرێت.

**گابریەلا هاینریش، ئێس پێ دی (سوسیال دێموکرات):** هەروەک وەزیری دەرەوە ئاماژەی پێ کرد ناوی ئەسڵی مەهسا، ژینایە، کۆماری ئیسلامی ناوە کوردییەکان بە فەرمی ناناسێ و ئەمەش جۆرێکە لە هەڵاواردن، هیوادارم لەگەڵ دۆستەکانماندا بتوانین پشتیوانی خەڵکی ئێران بین.

**ئانێتە ویدمەن – ماوسێس، حیزبی سی دی ئەو (دێموکرات مەسیحی):** سەدری ئەعزەمی ئاڵمان لە وتارەکەیدا لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، تەنانەت بە یەک وشەش باسی خۆپیشاندانەکانی ئێرانی نەکرد، بەڕاستی مایەی شەرمە. ئەوە بەس نییە کە تەنیا پشتیوانیمان سەرکۆنەیەکی ڕێژیمی ئێران بێ، دەبێ هەموو ڕێگایەک بۆ پشتیوانی لە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بگرینە بەر.

**ئۆمید نووری پوور، حیزبی سەوزەکان:** پێویستە پشتیوانی خەڵکی ئێران بین تا ڕووخانی ڕێژیم، کۆماری ئیسلامی توانای دابینکردنی خواست و مافەکانی خەڵکی نییە و دەبێ بڕوات.



**دووروتە بێر، حیزبی ئێس دی ئەو (دێموکرات مەسیحی – لقی ئورووپا):** دەزانین کە کۆماری ئیسلامی مافی ژنان پێشێل دەکا و ڕێز لە کۆنڤانسیۆنی مافەکانی مرۆڤ ناگرێ بۆیە پێویستە سزای قورس بە سەر بەرپرسانی ڕێژیم بسەپێنین.

**لامیا کادۆر، حیزبی سەوزەکان:** دەبێ ئەو ڕاستییەمان لەبیر بێ کە پرسی ژنان و هەموو خەڵکی ئێران تەنیا لە حیجابی زۆرەملێدا قەتیس نەکەینەوە، لە ڕاستیدا هۆکارە سەرەکییەکە پرسی ڕووخانی ئابووریی ئەو وڵاتەیە و هەژاریی خەڵک و هەروەها دەستێوەردان و نائەمنکردنی وڵاتانی وەکوو عێراق، سووریە، یەمەن و ئەوانی دیکەیە کە دەبێ ڕاوەستێ و هەڵوێستی جیددیمان هەبێ.

دریژەی بەر لەماڵاوایی

# قوتابییانی ئێران لەنێوان دوو سروودا

بڵاویان کردەوە. بە دوای کوژرانی کچی کورد ژینا ئەمینی بە دەستی گەشتی ئیرشادی کۆماری ئیسلامی و لەگەڵ دەسپێکی ناڕەزایەتییەکان، ئێرانییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا، بە ئاوێتەکردنی ژان و ئازارەکانی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان، هاودەردیی خۆیان دژ بەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی دەربڕی. ئەو دەرد و ئازارانەی کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی پتر لە چل ساڵ تەمەنی نگریسیدا بە سەر کۆمەڵگە و بە سەر تاک بە تاکی خەڵکی ئەو وڵاتەیدا هێناوە. ئەو ئازارانە کە وێڕای هاشتاگی ژینا ئەمینی لە لایەن بەکارهێنەرانی تویتێر بڵاو دەکرانەوە، تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە لە دووسەد میلیۆنی تێپەڕاندوە؛ یەکێ لەپێناو ئەو کاتانەی کە نەیتوانی بە ئازادی خۆشەویستەکەی ڕامووسێ و ئەویدی لەپێناو خوشکی و خۆشکەکانیدا کە لەژێر چەپۆکی حیجابی زۆرەملێدا گەورە بوون، یەکێ بۆ گۆڕینی مێشکە ڕزیوەکان و ئەویدی بۆ ئەو باوکەی کە لە بێدەرەتانیدا شەرمەزاری بنەماڵەکەی بوو و پشتی لەژێر باری نەبوونیدا چەمایەوە، یەکێ لە تاسەی ژیانێکی ئاساییدا و ئەویدی بۆ ئەو منداڵە زبڵپشکنەی کە نەیدەزانی واتای ئاوات و ئارەزوو چییە و... .

لەم نێوەدا لاوێکی هونەرمەند بە ناوی شێروین حاجیپوور، لەو نەهامەتیانە و لەو تویتانەی هاووڵاتییەکانی کرۆکاشی کرد و تێکستی گۆرانییەکی لێ ساز کرد. گۆرانییەک کە بۆخۆی بە تەنیا تێکستی بۆ ڕێکخست، ئاوازی بۆ دانا و بە مۆسیقا و وێنەگرتنێکی سادە و سەرەتایی لە ژوورەکەی خۆیەوە بڵاوی کردەوە. بەڵام مادام دەربڕی ژان و ئازارەکانی خەڵکەکەی و لە ناخی کۆمەڵگەکەیەوە هەڵقوڵا، زۆر زوو لە دڵان نیشت و بوو بە گۆرانی و سروودی ئەو سەرهەڵدانە مەزنەی بە مەرگی ژینا دەستی پێ کردوە. کۆماری ئیسلامی کە بۆ پەرەدان بە سروودەکەی عەلی خامنەیی میلیۆنان دۆلاری خەرج کرد و بە هیچ نەگەیی، لەسەر ئەم گۆرانییە هەڵیکوتایە سەر شێروینی هونەرمەند و دەسبەسەری کرد. بەڵام دەسبەسەر کردنی، هیندەی دیکە ئەو و گۆرانییەکەی لای خەڵک خۆشەویستتر کرد. گۆرانییەکەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە میلۆنان جار لەلایەن خەڵکەوە بڵاو کرایەوە و هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا بوو بە ئاشناترین و ناسراوترین سروودی نێو ئاکسیۆن و خۆپێشاندانەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.

گۆرانییە ڕێپێنەدراوەکەی شێروین هەر زوو لەلای قوتابیان و لە قوتابخانەکانیش جێگایەکی بۆ "سەلام فەرماندە" نەهێشتەوە و بوو بە هۆکارێک تا قوتابیان تێکەڵ بە ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکان بن. لە مێژووی خەبات و سەرهەڵدانەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامیشدا، ئەوە بۆ یەکەم جار بوو قوتابیانی قوتابخانەکان تێکەڵ بە ناڕەزایەتییەکان بن و لە خۆپێشاندانی دژە حکومەتیدا بەشدار بن یان بۆخۆیان خۆپێشاندان ڕێک بخەن. عەلی خامنەیی کە ئەو هەموو تێچوویەی لە سامانی خەڵکی ئێران بۆ سروودی "سەلام فەرماندە" دانا تا بیکا بە وێردی سەر زاری قوتابیان، بەرهەمێکی تەواو پێچەوانەی چنیەوە. نەک سەلام فەرماندەکەی بە هیچ دانەندرا بەڵکوو وێنەکانی لە نێو کتێبە دەرسیەکانەوە دڕێندرا و فڕێ درا، وێنەی خۆی و خومەینی لەسەر تەختەڕەشەی نێو پۆلەکانەوە لەلایەن قوتابیانەوە هێنرانە خوار و خرانە ژێر پێ و قوتابییان کە لەو ماوە کەمەدا تێکست و ئاوازی گۆرانییەکەی شێروین فێر ببوون، گەلێک ڤیدیۆی ئازایەتیی خۆیان و بێزارییان لە دەسەڵاتەکەی عەلی خامنەیی لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە جیهاندا بڵاو کردەوە کە تێیدا گۆرانییەکەی "شێروین" دەڵێنەوە؛

بۆ..
بۆ..
بۆ هەڵپەڕین و سەمایەک لە کۆڵان
بۆ ترسانی ساتەوەختی ڕامووسان
بۆ خوشکم، بۆ خوشکت، بۆ خوشکەکانمان
بۆ مێشکی ڕزیو و پێویستیی گۆڕان
بۆ شەرمەزار بوون لە گیرفانی بەتاڵ
بۆ خەمی ژیانێکی ئاسایی، نۆرماڵ
بۆ منالی زبڵگەڕی بێئاوات
بۆ ئابووریی بە دەستەندە، وەک خێرات
بۆ هەوایەک پیس و پڕ لە تۆز و خۆڵ
بۆ شەقام و داری نەخۆش و هڵۆڵ
بۆ پڵینگ و ئەگەری تووبڕانی
بۆ سەگی بێ گوناهـ و ڕێنەدانی
بۆ گریانی بەردەوامی بە واتە
بۆ دیمەنی وەکوو یەک و دووپاتە
بۆ ڕوخسارێک کە دەتوانێ پێبکەنێ
بۆ قوتابی و داهاتوو تا بیگەنێ
بۆ بەهەشتی بە ناچاری و بە تۆبزی
بۆ بژاردە کە لە زینداندا ڕزی
بۆ هەژاریی منالانی ئەفغانی
بۆ هەموویان.. کە بۆخۆت باش دەزانی
بۆ ئەو گشتە دروشمە پووچە بۆ هیچ
بۆ ماڵی دارماو هەم دیوار و میچ
بۆ ئازارمان هەتا تاوێ بسرەوێ
بۆ خۆر، کە دوای شەوگاری تار دەرکەوێ
بۆ حەبی مێشک و ساتێ وەحەسانی
بۆ پیاو، بۆ نیشتمان، بۆ ئاوەدانی
بۆ کەنیشکێ دادی لە کوڕبووندا دی
بۆ هاواری ژن، ژیان، ئازادی
بۆ هاواری ژن
ژیان و
ئازادی

KURDISTAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO:832 7 October 2022

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# تراژیدیی کوردبوون







## بەر لە ماڵاوایی

### قوتابییانی ئێران لەنێوان دوو سروودا

تاهیر قاسمی

لە دوا ساتەکانی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی و چەند سەعات بەر لە نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێی ١٤٠١ی هەتاوی، دەزگای پڕوپاگەندای کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستیان بە نیشاندان و بڵاوکردنەوەی سروودێکی سەرنجڕاکێش کرد؛ سەدان منداڵی قوتابخانە، کیژۆڵە بە چارشێو داپۆشراوەکان لەلایەک و کوڕیژگەکان لەلاکەی دیکە، لە حەوشەی مزگەوتێکی گەورە کۆ کرابوونەوە، پیاوێکی ڕیشدار لە نێوەڕاستیاندا گۆرانییەکی بۆ دەگوتن و ئەوانیش بۆیان دەستاندەوە؛ «سەلام فەرماندە!»

سڵاو فەرماندە لە ڕواڵەتدا بۆ ئیمامی زەمان نووسرابوو، بەڵام لە نێوەڕۆکدا پێداهەڵگوتن بە عەلی خامەنەیی بوو. «سەید عەلی لەدایکبووانی دەیەی نەوەدی خۆی بانگ کردووە..»، بەو هیوایە کە کۆماری ئیسلامی وماڵی خامنەیی بتوانن بەو سرووودە منداڵانی ئێران پتر بە ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی و بە پیرۆزکردنی «سەید عەلیی خامنەیی» ڕابێنن. دەزگای پڕوپاگەندای ڕێژیم وێڕای سەدان و هەزاران جار بڵاوکردنەوەی ئەم سرووودە لە تەلەویزیۆن، ڕادیۆ، بڵیندگۆی قوتابخانەکان و شوێنە گشتییەکانی دیکە، پارێزگا بە پارێزگا و شار بە شار سرووودەکەیان گێڕا و منداڵانیان بۆ گوتنەوەی ڕاهێنا. بە چەندان زمانی وەک ئینگلیزی، تورکی، عەرەبی و ئۆردو و.. تەرجەمەیان کردەوە و لە وڵاتانی دواکەوتوودا، منداڵانی هەژاریان بە کرێ گرت تا کۆڕی گوتنەوەی سرووودەکەیان لێ ساز بکەن و وا بنوێنن کە گۆرانییەکەی «سەید عەلی» بەجیهانی بووە. تەنانەت نوسخەیەکی بە ڕواڵەت کوردییشیان لێ ساز کرد کە زیاتر وەک تێخزاندنی چەند وشەی کوردی لە تێکستە فارسیەکە دەچوو تا وەرگێڕانی دەقێک بۆ سەر زمانی کوردی. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو تێچوویە، «سەلام فەرماندە»، وەک سرووودێکی حکوومەتی مایەوە و بە زەبری پیاوانی حکوومەت و تەماح و فریودان نەبێ نەگوترایەوە و بە شێوەی خۆڕسک هەرگیز بۆ نێودڵی کۆمەڵگە و بۆ نێو پۆلی قوتابخانەکان شۆڕ نەبۆوە.



سەلام فەرماندە لە ڕاستیدا گوڵێکی نایلۆنی بوو کە قوتابییان لە بەرۆکی خۆیان نەدا. بوو بە بابەتی گاڵتەجاڕی خەڵک و تەنانەت بەشێک لە کچان و کوڕانی بەرپرسانی ڕێژیمیش. بە سەدان نوکتە و تەنز و گاڵتەیان لە «سەلام فەرماندە» ساز کرد و لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

١٥.........................

